# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2016 - 2015

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە لینین

## بەرگی دووەم

وەرگێڕانی
ئاکام بەسیم

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: ئاکام بەسیم
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (91)

### ج) ڕێکخراوی کرێکاران و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان

ئەگەر چەمکی «خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەت «کاریگەری لەسەر واتای خەباتی سیاسی بۆ سۆسیال دیموکرات هەبێت، ئاساییە چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە واتای «ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان»یش بۆ ئەو، کەم تا زۆر لە ژێر کاریگەری «واتای ڕێکخراوی کرێکاران»دا بێت. ئەم قسەیە لە جیهانی واقیعیشدا بە کردەوە لە ئارادایە، لەو بابەتەوە قسەکردن لەسەر ڕێکخراو، وەکو ئەوە وایە، کە بە زمانی جۆراوجۆر قسە بکەین. بۆ وێنە ئێستا وتوێژ لەگەڵ ئێکۆنۆمیستێکی خاوەن رای سەقامگیر بەبیرم دێتەوە کە پێشوتر نەمتوانیبوو بیناسم.

قسەو باس چووە سەر نامێلکەی «کێ شۆڕشی سیاسی بە ئەنجام دەگەیەنێت؟» و هەردووکمان بە خێرایی بەو دەرئەنجامە گەیشتین، کە سەرەکیترین کێشەیەک کە ئەو بەرهەمە هەیەتی، لەبەرچاو نەگرتنی کێشەی ڕێکخراوە. ئێمە پێمانوابوو، پێکەوە هاوڕاین، بەڵام قسەو باسەکە درێژەی کێشا و بە خێرایی رونبووەوە کە رامان جیاوازە. ئەو کەسەی لەگەڵم دەدوا، نوسەری (کە من بووم) بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە مەسەلەی سندوقەکانی مانگرتن، ئەنجومەنەکانی هەرەوەزی و لەم چەشنەم لەبەرچاو نەگرتووە، ئەوە لە حاڵێکدایە، کە رای من لەسەر پێکهێنانی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕان بوو، بۆ «بە کردەوە دەرهێنانی»، شۆڕشی سیاسی زەرورییە. لەو کاتەوە کە ئەو جیاوازییە لە بیروڕادا ئاشکرا بو، ئیتر بە گشتی لەیادم نییە لە کێشەیەکی پرەنسیپیشدا لەگەڵ ئێکۆنۆمیستەکان هاوڕا بوبێتم!

سەرچاوەی ناکۆکییەکانمان لە سەر چی بوو؟ سەرچاوەی کێشەو ناکۆکییەکانمان لەوەدا بوو، کە ئێکۆنۆمیستەکان بەردەوام لەسەر مەسەلەی ڕێکخراویشدا، هەروەکو کێشە سیاسییەکان لە سۆسیال دیموکراتیزمەوە بەرەو تریدیۆنیۆنیزم بەلاڕێدا دەچوون. خەباتی سیاسی سۆسیال دیموکراسی زۆر بەرینترو ئاڵۆسکاوتر لە خەباتی ئابوری کرێکاران لە دژی خاوەنکاران و حکومەتە. هەر بەم شێوەیەش ڕێکخراوی حزبی شۆڕشگێڕی سۆسیال دیموکرات بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر دەبێت لە جۆرێکی دیکە و جیاواز لە ڕێکخراوێک بێت کە کرێکاران بۆ ئەو خەباتە هەیانە.

ڕێکخراوی کرێکاران دەبێت یەکەم پیشەیی بێت، دووەم تا دەکرێت پەراوێز و ئاستی فراوانتر بێت، سێیەم تا ئەو جێگایەی دەکرێت کەمتر نهێنیکاری تێدا بێت (ئاساییە کە من چ لێرەدا و چ لە خوارتر، تەنها مەبەستم روسیای سنەمکارییە). بە پێچەوانەوە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان، دەبێت پێش لە هەر شتێک و بە گشتی کەسانێک لە خۆ بگرێت، کە کاریان هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە بێت. (هەر بەم بۆنەشەوەیە، کە باسی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان دەکەم و مەبەستیشم شۆڕشگێڕانی سۆسیال دیموکراتە). لە بەرامبەر ئەم هێمایەدا، کە بۆ گشت ئەندامانی وەها ڕێکخراوێکیش گشتییە، دەبێت هەرچەشنە جیاوازییەک لە نێوان کرێکاران و رووناکبیراندا بە تەواوی بسڕدرێتەوە، جیاوازی پیشەی جیاوازییان کە ئیتر بابمێنێت. ئەم ڕێکخراوە دەبێت بە شێوەیەکی ئەوتۆ فراوان نەبێت و تا بۆی دەکرێت بە نهێنیکارییەکی زۆرترەوە چالاکی بکات. لە خوارەوە لەم جیاوازییە سێ لایەنە دەکۆڵینەوە.

لەو وڵاتانەی کە ئازادی سیاسی هەیە، جیاوازی نێوان ڕێکخراوی پیشەیی و سیاسی بە تەواوی رۆشنە، هەر بەو جۆرەی کە جیاوازی نێوان تریدیۆنیۆنەکان و سۆسیال دیموکراسی ئاشکرایە. ئاساییە کە پەیوەندی تریدیۆنیۆنەکان لەگەڵ

سۆسیال دیموکراتەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا، بەپێی بارودۆخی مێژوویی و یاسایی و بارودۆخی دیکە، بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەم پەیوەندییانە لەوانەیە کەم تازۆر نزیک، ئاڵۆسکاو... هیتر بێت (لە روانگەی ئێمەوە پێویستە ئەم پەیوەندییانە تا ئەو جێگایەی دەکرێت نزیکتر و ئاڵۆسکاوتر بێت).

ناتوانین لەسەر ئەوە قسەیەکمان هەبێت، کە لە وڵاتانی ئازاددا رێکخراوی یەکێتییە کرێکارییەکان هاوتەریبی رێکخراوی حزبی سۆسیال دیموکرات بێت، بەڵام لە روسیادا، لە روانینی یەکەمەوە، ستەمکاری حکومەتی رەها هەرچەشنە جیاوازیەک لەنێوان رێکخراوی سۆسیال دیموکرات و یەکێتییە کرێکارییەکان لەنێو دەبات، چونکە هەر چەشنە یەکێتییەکی کرێکاری و هەر چەشنە کۆڕ و کۆمەڵێک قەدەغەیە و سیمبول و ئامرازی خەباتی ئابوری کرێکاران، واتا مانگرتن بە گشتی تاوان و (جاروباریش تاوانی سیاسی) بە ئەژماردێت. بەمشێوەیە، باسرودۆخی وڵاتی ئێمە لە لایەکەوە زۆرتر بیری کرێکاران، کە خەریکی خەباتی ئابورین، بەرە و کێشە سیاسییەکان «پاڵ پێوە دەنێت» و لەلایەکی دیکەوە بیری سۆسیال دیموکراتەکان بە تێکەڵکردنی تریدیۆنیۆنیزم لەگەڵ سۆسیال دیموکراتیزم «پاڵ پێوە دەنێت»، کاتێک کە کریچۆفسکییەکان و مارتینێفەکانمان و شەریکەکانیان بە گەرم و گوڕیەوە باس لە «پاڵ پێوەنان»ی جۆری یەکەم دەکەن، سەرنج نادەنە «پاڵ پێوەنانی» جۆری دووەم. لە راستیشدا کەسانێک بێننە بەرچاوی خۆتان کە لەسەدا (99)ی کاتی خۆیان نوقمی خەباتی «ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەت» کردووە. ژمارەیەکیان لە گشت ماوەی هەڵسوڕانی خۆیاندا (6–4 مانگ) تەنانەت بیریشیان لە پێویستی پێکهێنانی رێکخراوێکی ئاڵۆسکاوتر (بەو مانایەی کە بەئاسانی لەلایەن پۆلیس و ژاندرمەکانی بۆرژوازیەوە نەخرێتە داو) لە شۆڕشگێڕان نەکردۆتەوە.

لەوانەیە ژمارەیەکی دیکە بیریان بەرەو نووسراوەکانی باوی بێرنیشتاینی «دەچێت» و لە رووی ئەو نووسراوانەوە باوەڕێکی قورس و قایم بە گرنگی بێوێنەی «رەوتی پێشڕەو و خەباتی ئاسایی» پەیدا دەکەن، لەوانەیە گرووپی سێیەمیش شەیدای ئەو بیرۆکە وەسوەسەکەرە بن، کە نمونەیەکی نوێ لە «پەیوەندی دەروونی پتەو بە خەباتی پڕۆلیتاری»، واتا خەباتی نێوان بزووتنەوەی پیشەیی و سۆسیال دیموکراتی بە خەڵکی جیهان نیشاندەدەن. ئەم کەسانە لەوانەیە بڵێن، کە بە هەر رادەیەک وڵاتێک درەنگتر پێی نابێتە مەیدانی سەرمایداریەوە و بزووتنەوەی کرێکاری درەنگتر سەریهەڵدابێت، هەر بەو رادەیەش سۆسیالیستەکان دەتوانن زیاتر بەشداری بزووتنەوەی پیشەیی و پشتیوانی بکەن، هەر بەو رادەیەش لەوانەیە و دەبێت یەکێتیە کرێکارییە پیشەییە ناسۆسیال دیموکراتەکان کەمتر بێت، وەها هۆکار هێنانەوەیەک تائێرە بە تەواوی درووستە، بەڵام بەدبەختی لێرەدایە کە ئەو کەسانە ئەوەش تێدەپەڕێنن و دەخوازن، کە بە تەواوەتی سۆسیال دیموکراتیزم و تریدیۆنیۆنیزم لە یەکترییندا بتوێنەوە. ئێمە ئێستا لە نمونەی «پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی خەباتی سانت پێترسبۆرگ»دا، دەبینین کە نمونەی ئەم خەیاڵاتانە لە نەخشە رێکخراوەییەکانی ئێمەدا، چ رەنگدانەوەیەکی زیانباری هەیە.

ئەو رێکخراوە کرێکاریانەی کە تایبەت بە خەباتی ئابورین، دەبێت رێکخراوی پیشەیی بن. پێویستە هەر کرێکارێکی سۆسیال دیموکرات، تا بۆی دەکرێت یارمەتی بەم رێکخراوانە بدات و بە شێوەیەکی هەڵسوڕاوانە کاریان تێدا بکات. ئەوە دروستە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە قازانجمان نییە کە خوازیاری ئەوەبین ئەندامانی یەکێتیە کرێکارییەکان (پیشەیی) تەنها سۆسیال دیموکرات بن: ئەمە بازنەی پێگە و کاریگەریمان لەنێو جەماوەردا بەرتەسک دەکاتەوە. با هەر کرێکارێک کە لە پێویستی یەکێتی بۆ «خەبات لە دژی

خاوەنکاران و حکومەت» ئێدەگات، لە یەکێتییە پیشەییەکاندا بەشداری بکات.

ئەگەر یەکێتییە کرێکاریە پیشەییەکان گشت ئەو کرێکارانەی کە رادەی تێگەیشتنیان تەنها تا ئەو ئاستە گەیشتووە، یەکگرتوو نەکات، ئەگەر ئەو یەکێتییە پیشەییانە رێکخراوگەلێکی زۆر بەرین نەبوونایە، ئەو کات خودی ئامانجی یەکێتیە پیشەییەکانیش دوورەدەست دەبوو. بە هەر رادەیەکیش پانتایی ئەم رێکخراوانە پان و بەرین بێت، هەر بەو رادەیە نفوز و کاریگەریمان، لە نێویاندا بەرینتر دەبێت، پێگە و کاریگەریەک کە نەک تەنها لەرێگەی گەشە پێدانی «خۆڕسکی» خەباتی ئابورییەوە، بەڵکو بێجگە لەوە، لە رێگەی کاریگەری نفوزی راستەوخۆ و وشیارانەی ئەندامانی یەکێتییە کرێکارییەکان لەسەر هاوڕێیانی خۆیان بەدەستدێت، بەڵام ئەگەر ژمارەی ئەندامانی رێکخراوێک کە جێگای مەبەستمانە زۆر بێت (یەکێتییە کرێکارییەکان)، رەچاوکردنی بە تەواوەتی بنەماکانی نهێنیکاری (ئامادەییەکی زۆر زیاتر لەوە دەخوازێت، کە بۆ بەشداریکردن لە خەباتی ئابوری پێویستە) نامومکینە.

ئایا دەبێت ئەم ناکۆکیە لەنێوان پێویستی زۆرترکردنی ژمارەی ئەندامان و نهێنیکاری تەواو لە چ رێگەیەکەوە چارەسەر و هاوئاهەنگ بکرێت؟ چۆن دەبێت بەو ئامانجە بگەین، کە تا دەکرێت نهێنیکاری کەمتر بۆ رێکخراوە پیشەییەکان پێویست بکات؟ بۆ ئەم مەبەستە بە گشتی تەنها دوو رێگا لەبەر دەستدایە: یان ئەوەی کە یەکێتییە پیشەییەکان بەپێی یاسا، رێگاپێدراو بن (کە ئەمە لە هەندێک وڵاتدا پێش لە یاساییبوونی رێکخراوە سۆسیالیستی و سیاسییەکان هاتۆتە ئارا) یان رێکخراوەکە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام تا رادەیەک «ئازاد» و کەمتر شێوەی فەرمی بە خۆیەوە بگرێت و بە وتەی ئەڵمانییەکان lose بێت، بە شێوەیەک کە پێویستی نهێنیکاری بۆ ئەندامانی بگاتە پلەی سفر.

رێگاپێدراوبوونی ئەو یەکێتییە کرێکارییانەی سۆسیالیستی و سیاسی نین،

ئێستا لە روسیادا دەستیپێکردووە و گومانی تێدا نییە، کە هەر هەنگاوێکی بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیال دیموکراتیکی ئێمە، کە بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەچێت و روو لە گەشەیە، دەبێتە هۆی زۆربوون و هاندانی گەلێک هەوڵ بۆ رێگاپێدانی ئەو کردەوەیە. هەوڵگەلێک کە بە گشتی لەلایەن لایەنگرانی رژێمی ئێستاوە، بەڵام تا رادەیەکیش لەلایەن خودی کرێکاران، هەروەها لەلایەن رووناکبیرانی لیبراڵەوە دراوە. ئاڵای ئەم یاسایی بوونە، ئێستا ئیتر لەلایەن ڤاسیلۆفەکان و زۆباتۆفەکان هەڵکراوە و ئوزروفەکان و وێرمێسەکان بەڵێنی یارمەتیانداوە و ئیتر شوێنکەوتووانی رەوتی نوێ لەنێو کرێکاراندا بە ئاشکرا هەیە.

ئێمە ناتوانین لەوە بەولاوە ئەم رەوتە هەژمار نەکەین و پێناچێت ئەم رەوتە بە ئەژمار بێت، لەنێو سۆسیال دیموکراتەکاندا دوو باوەڕ هەبێت. ئەرکی سەر شانمانە، کە هەر چەشنە بەشداری کردنێکی زۆباتۆفەکان و ڤاسیلۆفەکان، جەندرمەکان و قەشەکان لەنێو ئەو رەوتە و ئامانجەکانی راستەقینەی ئەم کەسانە بۆ کرێکاران لەقاو بدەین. ئەرکی سەر شانمانە هەر چەشنە قسەیەکی سازشکارانە و «هاوئاهەنگ خوازانە» کە لە کۆبوونەوەکانی ئاشکرای کرێکاراندا لە زمانی هەڵسوڕاوانی لیبراڵەوە دەوترێت، لەقاو بدەین، چ ئەو قسانە لە رووی باوەڕی ڕاستگۆیانەی خۆیان، بە پێویستی هاوکاریکردنی هێمنانەی چینەکان بیڵێن و چ بە بۆنەی مەیلێکەوە، کە بۆ خۆشیرینکردن لەلای سەرۆکەکان هەیانە و سەرئەنجام چ لە رووی نەزانکارییەوە، ئەو ئەرکەی لەسەر شانمانە کرێکاران، لە داوێک ئاگادار بکەینەوە، کە پۆلیس بۆیانی داناوە، چونکە پۆلیس لە کۆبوونەوەکانی ئاشکراو کۆڕ و کۆمەڵەکانی رێگاپێدراودا ئاگاداری «کەسانی بە تین و تەوژم» هەیە و چاودێریان دەکات ئاژاوەگێڕانی خۆی بباتە نێو ئەو رێکخراوانەی بە ئاشکرا چالاکی دەکەن، تەنانەت ئەو رێکخراوانەش کە

هەڵسوڕانیان نهێنییە.

بەڵام هەرگیز نابێت لە بیرمان بچێتەوە، کە یاسایی بوونی بزووتنەوەی کرێکاری لە کۆتاییدا بە قازانجی ئێمەیە، نەک زۆباتۆفەکان. بە پێچەوانەوە، ئێمە لە رێگەی بانگەشەی لەقاودەرانەی خۆمانەوە گەنمەکەمان بژار دەکەین. ئێمە ئەو بژارەمان نیشاندا، بەڵام گەنم بریتییە لەوەی کە سەرنجی توێژێکی بەرینتر و دواکەوتووترین کرێکاران بەرەو لای کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان رابکێشین، ئەمەش بریتییە لە ئازادکردنی شۆڕشگێڕان لە کۆت و بەندی ئەو کارانەی کە لە ناوەڕۆکی خۆیاندا رێگاپێدراون (واتا بڵاوکردنەوەی کتێبی رێگاپێدراو، هاوکاری یەکتری و لەو چەشنە). پەرەپێدانی هەڵسوڕانی خۆمان بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر بابەتمان بۆ بەدەستەوەدەدات، بۆ ئەوەی رژێمی سیاسی لەقاو بدەین.

لەم بوارەوە ئێمە دەتوانین و دەبێت بە زۆباتۆفەکان و ئۆزرۆفەکان بڵێین: هەوڵبدەن، ئاغایان، هەوڵبدەن، تا کاتێک کە بۆ کرێکاران داو دەنێنەوە، چ ئەو کارە بە واتای ئاژاوەگێڕی ئاشکرا بکەن، یان بە واتای گەندەڵکردنی «شەرافەتمەندانە»ی بیرو زەینی کرێکاران لە رێگەی «سترۆڤیزم»ەوە، بۆ ساتێکیش لە لەقاودانی ئێوە راناوەستین. کاتێک کە بە «مانۆڕی ترسنۆکانە»ش بێت، هەنگاوێک بەرەو پێشەوە هەڵدەگرن. ئێمە دەڵێین: فەرمون هەڵگرتنی هەنگاوی راستەقینە بەرەو پێشەوە، تەنانەت ئەگەر بچکۆلەش بێت، تەنها دەتوانێت گەشەی راستەقینەی مەیدانی کرداری کرێکاران بێت. بەدەستهێنانی هەر چەشنە گەشەیەک لەو بوارەشدا بە قازانجی ئێمە دەبێت و پەیدابوونی کۆڕ و کۆمەڵی ئاشکرا، کە ئیتر ئاژاوەگێڕان سۆسیالیستەکانیان بەدەستنەهێناوە، بەڵکو سۆسیالیستەکان رێبواریان بۆ خۆیان دەستەبەرکردووە، خێراتر دەکاتەوە.

بە کورتی لە ئێستادا رامانوایە بژار بکەین. کاری ئێمە ئەوە نییە، کە لەنێو

گوڵدانەکانی ژوورەکەماندا گەنم بڕوێنین. بە ریشەکێشکردنی بژار زەوی بۆ گەشەو رواندنی تۆوی گەنم لە داهاتودا هەموار دەبێت. تا کاتێک کە ئافاناسی ئیوانۆویچەکان وێڕای پوڵخریە ئیوانۆڤاناکان خەریکی رواندنی گیا لە ژوور بن، ئێمە دەبێت کەسانێک بار بێنین، کە بتوانن هەم بژاری ئەمڕۆ لە ریشەدا هەڵبکێشن و هەم گەنمی سبەیش درەو بکەن.

کەوایە ناتوانین لە رێگەی یاسای کردنەوە بە کێشەی پێکهێنانی رێکخراوێکی پیشەیی چارەسەر بکەین کە تا بکرێت کەمتر نهێنی بێت و داوێنەیەکی بەرینتری هەبێت، بەڵام ئەگەر زۆباتۆفەکان و ئوزروفەکان، تا رادەیەکیش، وەها رێگاچارەیەکیان بۆمان مسۆگەر دەکرد، زۆر خۆشحاڵ دەبووین و بۆ ئەوەش پێویستە تا ئەو جێگایەی بکرێت توندوتۆڵتر لە دژی ئەوان خەبات بکەین!). تەنها رێگایەک کە دەمێنێتەوە رێکخراوە نهێنییە پیشەییەکانە و ئێمە دەبێت هەر چەشنە یارمەتییەک کە لە دەستمان دێت بەو کرێکارانە بکەین، کە ئێستا لەو رێگایەدا هەنگاو هەڵدەگرن (پێویستە بەبیر بێنینەوە، کە ئێمە لەو بارەیەوە زانیاری دروستمان هەیە).

رێکخراوە کرێکاریە پیشەییەکان، نەک تەنها دەتوانن قازانجێکی زۆر بە گەشە و پتەوکردنی خەباتی ئابوری بگەیەنن، بەڵکو لە هەمانکاتدا دەتوانن راوێژکارێکی گرنگیش بن بۆ بانگەشەی سیاسی و رێکخراوی شۆڕشگێڕ، بۆ گەیشتن بە وەها ئامانجێک، بۆئەوەی بزووتنەوەیەکی پیشەیی کە دەستی پێکردووە، بەرەو ئاراستەیەک پاڵ پێوە بنێین، کە بۆ سۆسیال دیموکراسی بە قازانجە. بەر لە هەر شتێک پێویستە زیانباربوونی ئەو نەخشە رێکخراوەییەی کە ئێستا نزیکەی پێنج ساڵی رەبەقە ئێکۆنۆمیستەکانی پێترسبۆرگ ئەملاو لای پێدەکەن، بە روونی لەقاو بدەین. ئەم نەخشەیە، هەم لە«پێڕەوی ناوخۆی سندوقی کرێکاران» کە لە مانگی ژویەی ساڵی 1897 بڵاوکرایەوە (لیستیک «رابۆ

چیەگو» ژمارە 9–10 ل 46، وەرگیراوە لە ژمارە (1)ی «رابۆچایا میسێل») و هەم لە «پێڕەوی ناوخۆی رێکخراوی یەکگرتوی کرێکاری» کە لە مانگی ئۆکتۆبەری 1900دا بڵاوکرایەوە (گۆڤارێکی تایبەتیە کە لە سان پێترسبۆرگ لە چاپدراوە لە ژمارە (1)ی «ئیسکرا»دا ئاماژەی پێکراوە)، رەنگیداوەتەوە.

کێشەی سەرەکی ئەم پەیڕەوە ناوخۆیانە ئەوەیە، کە وردەکارییەکانی رێکخراوی بەرینی کرێکاری شیدەکاتەوە و لەگەڵ رێکخراوی شۆڕشگێڕان تێکەڵیاندەکات (یان بە واتایەکی دیکە بە هەڵە دەیانگرێت). پێڕەوی ناوخۆی دووەم کە باشتر ئامادە و داڕێژراوە، لەبەرچاو بگرن. ئەم پێڕەوی ناوخۆیە نزیکەی (52) خاڵ لەخۆ دەگرێت: (23) خاڵی ریزبەندی و شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبار و چوارچێوەی ئەرکەکانی ئەو «کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاریانە»ی کە لە هەرکام لە کارگەکانی پێکدێن (ژمارەی هەر کامیان لە 10 کەس زیاتر نابێت) و گرووپەکانی ناوەندی (کارگەیی) هەڵدەبژێرن، شیدەکاتەوە. لەخاڵی 2دا دەوترێت، کە «گرووپی ناوەندیی بەسەر گشت ئەو کاروبارەی کە لە کارگە یان کارخانەکەدا روودەدات، چاودێری دەکات و ئەو رووداوانەی لە فابریکدا دێنە ئاراوە، تۆمار دەکات». «گرووپی ناوەندیی هەموو مانگێک بارودۆخی سندوقەکە بە ئاگاداری کرێکاران دەگەیەنێت» (خاڵی 17) و هیتر. (10) خاڵیش بۆ «رێکخراوی ناحیەیی» تەرخانکراوە و (19) خاڵیش سەبارەت بە پەیوەندی ئاڵۆسکاوی «کۆمیتەی رێکخراوی کرێکاری» لەگەڵ «کۆمیتەی یەکێتی خەباتی سان پێترسبۆرگ»ەوە هەیە (کە لە هەر رویەک و لەلایەن «گرووپەکانی بەڕێوەبەر»ەوە، واتە «گرووپەکانی ئاژیتاتۆرەکان و بۆ پەیوەندی دامەزراندن لەگەڵ ویلایەتەکان و دەرەوەو بۆ بەڕێوەبەرایەتی کردنی گەنجینەکان و گۆڤارەکان و سندوق» هەڵدەبژێردرێن).

سۆسیال دیموکراسی «کۆمەڵێک گرووپی بەڕێوەبەر»ە کە سەرقاڵی خەباتی ئابوری کرێکارانن و زۆر بە دژواری دەتوانین باشتر لەوە نیشانیبدەین، کە چۆن ئەندێشەی ئێکۆنۆمیستێک لە سۆسیال دیموکراتییەوە بەرەو تریدیۆنیۆنیزم بە لاڕێدا دەچێت و چۆن لە هەر چەشنە ئەندێشەیەک سەبارەت بەوەی، کە سۆسیال دیموکرات پێش لە هەر شتێک دەبێت لەبیری پێکهێنانی رێکخراوێک لە شۆڕشگێڕاندا بێت، واتا رێکخراوێک، کە بتوانێت هەمو خەباتی رزگاری بەخشی پرۆلیتاریا رێبەرایەتی بکات، بە دوورە.

قسەکردن لەبارەی «ئازادی سیاسی چینی کرێکار» و خەبات لە دژی «سەرەڕۆیی قەیسەر»، لە هەمانکاتدا نووسینی ئەوجۆرە لە پێڕەوی ناوخۆ بۆ رێکخراو، واتاکەی تەنها ئەوەیە، کە هیچ جۆرە زانیارییەکیان سەبارەت بە ئەرکە سیاسییەکانی سۆسیال دیموکراسی نییە. لە هیچکام لەو (52) خاڵەدا، بچوکترین جێگایەکیش لە تێگەیشتن لەو بابەتە بەدیناکرێت، کە خستنەڕێی بانگەشەی سیاسی بەرین لەنێو جەماوەر پێویستە، بۆ ئەوەی گشت لایەنەکانی حکومەتی رەهای روسیادا و هەموو سیمای چینە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە روسیادا روونبێتەوە. نەک تەنها ئامانجە سیاسییەکان، بەڵکو تەنانەت ئامانجە تریدیۆنیۆنیەکانیش بە وەها پێڕەوێکی ناوخۆ بەدی نایەت، چونکە ئامانجەکانی تریدیۆنیۆنی، پێویستی بە رێکخراوێکی هاوتەریب بە پیشەکان هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لەوێدا ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام پێناچێت هیچ شتێک بەرچاوتر لە قوورسایی سەرسووڕهێنەری گشت ئەو «سیستەم»ە بێت کە هەوڵدەدات هەر کارگەیەکی جیاواز لە رێگەی زنجیرەیەکی دایمی لە بنەمای یەکدەست و تا گاڵنەجاڕ کەم و لە رێگەی سیستەمێکی هەڵبژاردنی سێ پلەیی بە «کۆمیتە»وەی ببەستێتەوە.

ئەندێشەیەک کە مەیدانی تەسکی ئێکۆنۆمیزمی لە داوێنی خۆیدا گوشیوە،

لێرەدا لەگەڵ وەها وردەکارییەکدا پەیوەند دەدرێنەوە، کە لەسەرتاپایەوە قومارو کورسی نشینی لێ دەبارێت. هەڵبەت لەکردەوەدا سێ لەسەر چواری گشت ئەو خاڵانە هەرگیز بەکار نابرێن، بەڵام لە بەرامبەردا، وەها رێکخراوێکی «شاراوە» کە لە هەر کارگەیەکدا گرووپی ناوەندی خۆی هەبێت، کاری ژاندارمەکان بۆ گورز وەشاندنی بەرینتر لە کرێکاران ئاسانتر دەکات. هاوڕێیانی پۆڵۆنیایی ئەم قۆناغە کە بزووتنەوەی کرێکارییان تێپەڕکردووە، کە هەمووان سەرخۆشی ئەوەن کە تۆڕێکی بەرین لە سندوقی کرێکارییان دامەزراندووە، بەڵام زۆر بە خێرایی لەو بیرۆکەیە پاشگەز بوونەتەوە، چونکە دیتیان تەنها لایەک لەم کارە قازانج دەکات، کە ژاندارمەکانەن. ئەگەر بمانەوێت رێکخراوی بەرینی کرێکاریمان هەبێت و بمانەوێت لەبەردەم زەربەی گەورەی ژاندارمەکاندا بین و خۆشحاڵیان بکەین، دەبێت هەولبدەین کە ئەو رێکخراوانە بە هیچ شێوەیەک شکڵێکی فەرمی بەخۆیانەوە نەگرن، بەڵام ئایا لە وەها بارودۆخێکدا بەڕێوەبردنی ئەرکەکان بۆیان مسۆگەر دەبێت؟ ئێستا چاوێک بەسەر ئەو ئەرکانەدا بخشێنن: «بەسەر گشت ئەو کاروبارەی، کە لە کارگە یان کارخانەکەدا دێنە ئارا، چاودێری دەکات و ئەو رووداوانەی لەناو فابریکدا روودەدەن، تۆمار دەکات» (خاڵی 2ی پێڕەوی ناوخۆ).

ئایا حەتمەن دەبێت شێوەیەکی فەرمی بەم کارە بدەن، یان بە واتایەکی دیکە بە فەرمی بەڕێوەی ببەن؟ ئایا ئەم کارە لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان لە رۆژنامە نهێنییەکان و بەبێ پێکهێنانی دەستەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە زۆر باشتر ناکرێت؟»، رێبەرایەتی خەباتێک کە کرێکاران بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خۆیان لە کارخانەدا دەیکەن» (خاڵی سێی پێڕەوی ناوخۆ). دیسانەوە پێویست بە فەرمیەت پێدان ناکات. هەر ئاژاوەگێڕێک کە تۆزێک تێگەیشتوو بێت لە دووتوێی قسەو باسی ئاساییدا، دەتوانێت لەوە تێبگات، کە

کرێکاران بەدوای چ داخوازییەکەوەن و پاش وەرگرتنی دەتوانێت بە ئاگاداری ڕێکخراوی داخراو، نەک کراوەی شۆڕشگێڕان بگەیەنێت». پێکهێنانی سندوق و سەندنی (2) کۆپێک لە هەر رووبلێک» (خاڵی 9ی پێڕەوی ناوخۆ). دواتر دانی ڕاپۆرتی مانگانەی بارودۆخی سندوق بۆ هەمووان (خاڵی 17)، لەسەرکار دەرکردنی ئەو ئەندامانەی کە ئابونە نادەن (خاڵی 10) و هیتر. بۆ پۆلیس چ شتێک دەتوانێت لەوە باشتر بێت، چونکە شتێک ئاسانتر لەوە نییە کە ڕەخنە بکرێتە نێو کاروباری نهێنی «سندوقی ناوەندی کارگە» و پارەکان زەوت بکەن و باشترین هەڵسوڕاوانی کرێکاریش دەستبەسەر بکەن.

ئایا ئەوە باشتر نییە فەرمانی یەک کۆپێکی یان دوو کۆپێکی کە مۆری ڕێکخراوی دیاریکراوی پێوەیە، (زۆر بەرتەسک و نهێنی) بڵاوبکرێتەوە، یان بەبێ فەرمانیش بڕێک پارە کۆبکرێتەوە و پاشان ڕۆژنامەی نهێنی ڕاپۆرتی وەرگرتنی ئەو پارەیە وەکو ڕەمز چاپ بکات. لە وەها بارودۆخێکدا بە مەبەستی خۆمان دەگەین و بۆ ژاندارمەکانیش سەدان جار دژوارتر دەبێتەوە تا سەرەداوەکە کەشف بکەن.

دەمتوانی بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە، درێژە بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پێڕەوی ناوخۆیە بدەم، بەڵام پێموایە هەر ئەوەندەی کە وتمان بەسە. شانەیەکی لێکهەڵپێکراو لە کرێکارانی بڕواپێکراو، بە ئەزموون و خاراو، کە لە شوێنە سەرەکییەکاندا لەنێو جەماوەردا کەسی بڕواپێکراو بن و بەپێی هەموو قاعیدەکانی نهێنیکاری لەگەڵ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕاندا لە پەیوەندیدا بن، بە تەواوی دەتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لە یارمەتی بەرینی جەماوەر، بێئەوەی هیچ فەرمیەتێکیان هەبێت، گشت ئەو ئەرکانەی کە ڕێکخراوی پیشەیی لە ئەستۆی دێت بە ئەنجام بگەیەنێت. بێجگە لەوەش بەو جۆرەی کە بۆ سۆسیال دیموکراسی بەکەڵکە، بە ئەنجامی بگەیەنێت. تەنها لەم ڕێگەیەوەیە کە

سەرەڕای تەواوی ئەو کۆسپانەی ژاندارمەکان دەیخەنە سەر ڕێگامان، دەتوانین بزووتنەوەی پیشەیی سۆسیال دیموکرات، قورس و قایم بکەین و گەشەی پێ بدەین.

لەوانەیە سکاڵا بکەن کە: ڕێکخراوێک ئەوەندە lose بێت، کە بە هیچ شێوەیەک فەرمییەتی پەیدا نەکردبێت، تەنانەت ئەندامی دیار و تۆمارکراوی نەبێت، ناتوانێت ناوی ڕێکخراو بە خۆیەوە بگرێت. لەوانەیە وابێت. من بەدوای ناودا نیم، بەڵام ئەم«ڕێکخراوە بێ ئەندامە» هەرچی پێویستی بێت دەیکات و هەر لە سەرەتاوە پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان تریدیۆنەکانی داهاتوومان و سۆسیالیزم دابیندەکات. هەر کەسێک کە لە کاتێکدا کە حکومەتی ڕەها لەسەر کارە، خوازیاری ئەوە بێت ڕێکخراوێکی بەرینی کرێکاری پێکبێت، کە هەڵبژاردنی تایبەت بەخۆی هەبێت، چاودێری و پێڕاگەیشتن بە حیسابەکانی هەبێت و لەرێگەی دەنگی گشتییەوە بەرپرسانی... تاد، بە کورتی تووشی نەخۆشی خەیاڵپڵاوی و مالی خولیایە کە چاکبوونی بۆ نییە.

دەرئەنجامێکی ئەخلاقی کە لێرەدا بەدەستدێت، زۆر سادەیە: ئەگەر ئێمە کاری خۆمان لە بناغە داڕشتنی پتەوی ڕێکخراوێکی کۆڵنەدەرەوە دەست پێبکەین، کە لە شۆڕشگێڕان پێکهاتبێت. بەگشتی دەتوانین درێژەی کاری بزووتنەوەکەمان دابینبکەین، هەم ئامانجەکانی سۆسیال دیموکرات بەدی بێنین و هەم ئامانجەکانی تریدیۆنیۆنی، بەڵام ئەگەر کاری خۆمان لە ڕێکخراوی بەرینی کرێکاریەوە، کە بەناو لە هەمویان زۆرتر لە «بەردەست»ی جەماوەردایە و لە جیهانی واقیعدا لە هەموویان زۆرتر لەبەردەست ژاندارمەکاندا بووە و زیاتر لە هەموو کەس، شۆڕشگێڕان دەخاتە داوی ژاندارمەکانەوە، دەستپێبکەین، نە دەتوانین بەم ئەمانجەمان بگەین و نە دەشتوانین بەوی دیکە بگەین، لە وردەکاری ڕزگارمان نابێت و بە پەرش و بڵاوی و هەڵوەشاندنەوەی بەردەوامی

خۆمان، تەنها دەتوانین تریدیۆنیۆنەکانی لە چەشنی زۆباتۆف، یان ئوزرۆف زیاتر لە هەموو شتێک بخەینە بەردەستی جەماوەرەوە.

ئایا دەبێت ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوە لە شۆڕشگێڕان چی بێت؟ ئێستا لەو بارەیەوە بە وردی قسە دەکەین، بەڵام سەرەتا یەکێک لەو داوەریە بە تەواوی تایبەتیانەی تیرۆریستی خۆمان، کە دیسانەوە لە دراوسێیەتی بە تەواوی نزیکی ئێکۆنۆمیستەکاندایە، (چ چارەنووسێکی جێگای دڵگرانی!) دەدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە گۆڤاری «سوابدا» کە بۆ کرێکاران چاپدەکرێت (ژمارە 1)، بابەتێک لەژێر ناوی «ڕێکخراو» بڵاو کراوەتەوە کە نووسەری ئەو بابەتە دەیەوێت لە ئاشناکانی خۆی، واتە کرێکارانی ئێکۆنۆمیستی ئیوانۆزنسنسک بەرگری بکات.

ئەو دەنوسێت: «ئەوە خراپە کاتێک کە کۆمەڵێک خامۆش و نەزانە و بزووتنەوە لە خوارەوە سەرچاوە ناگرێت. بۆ نمونە چاو لێبکەن: خوێندکاران بە بۆنەی جەژن یان هاتنی هاوین لە زانکۆکانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان دەڕۆنەوە و بزووتنەوەی کرێکاری ڕادەوەستێت. ئایا وەها بزووتنەوەیەکی کرێکاری، کە لە تەنیشتەوە پاڵی پێوە دەدرێت و دەبزوێت، دەتوانێت هێزێکی ڕاستەقینە بێت؟ لە کوێوە دەتوانێت؟، هێشتا ڕێگارۆیشتن لەسەر پێی خۆی فێر نەبووە، دەبێت ژێر کۆڵی بگریت. لە گشت کارەکاندا، دۆخەکە هەر بەو چەشنەیە، خوێندکاران کە گەڕانەوە بۆ ماڵ کارەکان ڕادەوەستن. بەشێک لەسەر شیر، واتا لێهاتووترین کەسەکانیان کە گرت، ئەوسا شیرەکە دەترشێت. کە «کۆمینە»یان دەستبەسەر کرد، هەتا کۆمینەیەکی نوێ پێکبێت، دیسانەوە خامۆشی و بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێت. ئەویش روون نییە چ کۆمینەیەک پێکبێت، لەوانەیە هیچ خاڵێکی هاوشێوەی لەگەڵ کۆمینەی پێشوودا نەبێت: ئەویان ئەمەی دەوت و ئەمەیان بە پێچەوانەی ئەو قسە دەکات.

پەیوەندی دوێنێ لەگەڵ ئەمڕۆ لەنێو دەچێت، ئەزمونی رابردوو نابێتە دەرسی داهاتوو. هۆکارەکەش ئەوەیە کە لە قووڵاییدا، واتە لەنێو کۆمەڵدا ریشەی دانەکوتاوە، ئەوەی کە کاردەکات سەد کەسی نەزان نییە، بەڵکو دە کەسی عاقڵە. هەمیشە دەتوانن دە کەسی عاقڵ بخەنە داوەوە، بەڵام کاتێک رێکخراو لەناو کۆمەڵگە بڵاوبوویەوە، سەرچاوەی گشت کارەکان کۆمەڵ بوو، ئەو کات کەس توانای ئەوەی نابێت کە بزووتنەوەکە لەنێو ببات» (ل 63).

ئەو راستییانە بە دروستی شیکراونەتەوە و وردەکاریمان خراپ نیشان نەدراوە، بەڵام ئەو دەرئەنجامانەی کە پێی گەیشتووە، چ لە بواری بێعەقڵانە بوون و چ لەبواری گەزنەکراوی سیاسی و لە سووک و سەنگ نەدانەوە، هەر پڕ بە پێسی «رابۆچایا میسێل»ە. ئەمە ئەوپەڕی بێ عەقڵییە، چونکە نوسەر بابەتێکی فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەبارەت بە «ریشە» و «قوڵایی» لەگەڵ کێشەیەکی تەکنیکی-رێکخراوەیی سەبارەت بە خەباتی باشتر لە دژی ژاندارمەکان تێکەڵکردووە. ئەمە بە مانای ئەوەیە بەبێ ئەوەی بەردەم خۆت گەز بکەی و لە ئاو بدەیت، چونکە نوسەر بە جێگای ئەوەی کە دژ بە رێبەرانی خراپ دەست و داوێنی رێبەرانی باش بێت، بە گشتی لە دژی رێبەران دەست و داوێنی «کۆمەڵ» دەبێت.

هەر بەو جۆرەی کە بیرۆکەی گۆڕینی بانگەشەی سیاسی بۆ تیرۆری وروژێنەر لە بواری سیاسیەوە بەرەو دواوە دەمانبات، هەر بەو جۆرەش ئەم مەسەلەیە بە واتای هەوڵێکە، بۆئەوەی لە بواری رێکخراوەییەوە بەرەو دواوە بمانبات. راستیەکەی من هەستدەکەم ئەوەندە رێبەرمان زۆرە، کە نازانین کامیان هەڵبژێرین و نازانم لێکدانەوەی ئەم قۆڕییانەی کە «سوابدا» پێشکەشمانی دەکات، لە کوێوە دەستپێبکەم. بۆ دەستپێکردنی قسەو باسەکە هەوڵدەدەم لە نموونەیەکەوە دەستپێبکەم. ئەڵمانەکان لەبەرچاو بگرن. هیوادارم حاشا

لەوە نەکەن، کە ڕێکخراوەکەیان کۆمەڵ دەگرێتەوە، گشت کارەکان بەهۆی کۆمەڵەوەیە، بزووتنەوەی کرێکاری فێربووە بەپێی خۆی ڕێ بکات؟

لە هەمانکاتدا چاوی لێبکەن کە ئەم کۆمەڵە ملیۆنیە چ نرخ و بەهایەک بەو «دە» کەسە لە پێشەوای بە ئەزمونی سیاسی خۆی دەدات و چەند قورس و قایم پشتیوانیان دەکەن! زۆر جار دەبیسترا، کە لە پەرلەماندا حزبە دژە سۆسیالیستەکان ئاتەو تەشەرییان لە سۆسیالیستەکان دەدا کە: «ئێوە چ دیموکراتێکی سەیرن! بۆ ئێوە بزووتنەوەی چینی کرێکار تەنها قسەیە، ئەگینا لە کردەوەدا خاوەنی مەیدانەکە لەدەستی ژمارەیەک سەرکردەدایە». ساڵ تێدەپەڕێت، دە ساڵ تێدەپەڕێت، دیسانەوە هەر بێبل و لیکبنێخت لەسەر کارن. ئەم نوێنەرانەی کە ئێوە لەلایەن کرێکارانەوە هەڵتانبژاردوون، لەو کاربەدەستانەش کە ئیمپراتۆری دیاریدەکات، زیاتر لەسەر حوکم ماونەتەوە!، بەڵام ئەڵمانەکان ئەو قسانەیان بەلاوە سووک بوو بە گاڵتەوە پێشوازییان لەو هەوڵە دەمارگرژانە دەکرد، کە بۆ هاندانی «کۆمەڵ» بەرامبەر بە «سەرکردەکان» و پەرەپێدان بە غەریزەی ناپەسەند و ناوبانگخوازانە لەنێو کۆمەڵ و لەنێوبردنی راوەستاوی و کۆڵنەدەری بزووتنەوە لە ڕێگەی زەوتکردنی متمانەی جەماوەر بە«دە کەسی عاقڵ» دەدرا.

ئێستا ئیتر بیری سیاسی ئەڵمانەکان تەکامولی پەیدا کردووە و لە کوانووی تاقیکردنەوەدا، ئەوەندە ئەزمونیان بەدەستهێناوە، کە لەو راستیە تێبگەن، لە کۆمەڵگەی ئێستادا بۆ هیچ چینێک ئەگەر «دە کەس»ی پێشەوای لێهاتوو (کەسانی لێهاتووش «سەد دانە، سەد دانە» لەدایک نابن)، کارزان لە کاری خۆیدا ئامادەیە و لە مەکتەبی درێژماوەدا خاراو بووبن و لەگەڵ یەکتری هاوئاهەنگ بن، بوونی نەبێت، خەباتی بەردەوامیش ئیمکانی نییە. ئەڵمانیەکانیش لەنێو خۆیاندا ژمارەیەک دەمارگرژیان دیبوو کە بە باڵای «سەدان نەزان»دا دەهاتن

و پێیان دەوتن ئێوە پانتر لە «دە ئاقڵ»ن و شوونیان دەخسنە ژێر باڵیان و بەخێرهاتنی «مشتی پۆلایینی» جەماوەریان دەکرد و وەکو موسڵ یان هاسڵمان بۆ کردەوەی «شۆڕشگێڕانە»ی ناوەخۆ و لە سوک و سەنگ نەدراو هانیاندەدان و نووخمی بێ بڕواییان بەرامبەر بە پێشەوایانی کۆڵنەدەر و بەردەوام دەچاند.

تەنها لەژێر سایەی خەباتی سەرسەختانە و لە ئاشتی نەهاتوو دژ بە هەر چەشنە دەمارگرژییەکی نێو سۆسیالیزمدا بوو، کە سۆسیالیزمی ئەڵمانیا تا ئەو ئاستە گەشەیکرد و قورس و قایم بوو. سەرەڕای ئەوەش، لە سەردەمێکدا کە تەواوی قەیرانی سۆسیال دیموکراسی روسیا دەزانێت، کە ئەوانە بە شێوەی خۆڕسک لە خەون راپەڕیون، رێبەرانێکی کارلێهاتوو، لێزان و خاراو لە کوانووی تاقیکردنەوەیان نییە، ژمارەیەک عاقڵ پەیدا بوون، کە بەبێ عەقڵی خۆیان رایدەگەیەنن: «ئەوە خراپە کاتێک کە کۆمەڵێک خامۆش و نەزانە و بزووتنەوە لە خوارەوە هەڵناسنێت».

ئەوەی کە «کۆمینەی خوێندکاران بەکەڵک نایەت و بەردەوام نییە»، قسەیەکی دروستە، بەڵام لێرەوە بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە کۆمینەیەکی پێکهاتوو لە شۆڕشگێڕانی شارەزا (حیرفەیی) پێویستە و لەم بابەتەوە هیچ فەرق ناکات ئەو کەسە کە خۆی وەکو شۆڕشگێڕێکی لێهاتوو و شارەزا باردەهێنێت، خوێندکار بێت، یان کرێکار، بەڵام ئێوە بەو دەرئەنجامە دەگەن کە بزووتنەوەی کرێکاری نابێت «لە تەنیشتەوە» پاڵی پێوە بنرێت. ئێوە، بەهۆی ساویلکەیی سیاسیتانەوە، هەستیش بەوە ناکەن، کە بە قازانجی ئێکۆنۆمیستەکان و تووشبووان بە وردەکاری لەنێو ئێمەدا کار دەکەن.

با بپرسین ئەو «پاڵ»ەی کە لەلایەن خوێندکارانی ئێمەوە بە کرێکارانەوە نرا، چی بووە؟ تەنها ئەوە بووە کە خوێندکار زانیارییەکی سەروگوێ قرتاوی سیاسەتییان هەبووەو وردە فکرێک کە لە بیرۆکەی سۆسیالیستی بەدەستی

هێنابوو (چونکە خۆراکی فیکری سەرەکی خوێندکاری ئەمڕۆ مارکسیزمی عەلەنیە کە ئەویش بێجگە لە زانیاریەک، کە لەملاولا لە مارکسیزم کۆی کردۆتەوە، هیچی تر نییە)، بردویەتیە نێو کرێکارانەوە. تازە وەها «تەکان و شەکانێک لە پاڵەوە» لە بزووتنەوەی ئێمەدا بە شێوەیەکی ئەوتۆ زۆر نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆریش کەم بووە، ئەوەندە کەم بووە کە بەراستی جێگای شەرمەزاریە، چونکە بە پێداگرتنی لەرادە بەدەر وەکو دۆشاو دەکوڵاین و لە بەرامبەر «خەباتی ئابوری کرێکاران لە دژی خاوەنکاران و حکومەت» کە خەباتێکی سەرەتاییە، کۆیلەئاسا کڕنۆشمان دەبرد.

ئێمەی شۆڕشگێڕی شارەزا، دەبێت سەد قات زۆرتر فکر و بیری خۆمان بۆ وەها «پاڵ پێوەنانێک» بەکارببەین و بەکاریشی دەبەین، بەڵام ئێوە بەو هۆیەوە کە رستەی قیزەونی وەکو «پاڵ پێوەنان لەتەنیشت» بەکاردەبەن، کە بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر دەبێتە هۆی زەوتبوونی متمانەی کرێکار (یان لانیکەم کرێکارێک کە بەقەد خۆتان دواکەوتوو بێت) لە گشت ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی خەباتی چینایەتی بۆ ئەو زانیاری سیاسی و تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانە دەبەن و بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر ئەم مەیلە غەریزیەی تێدا پێکدەهێنن، کە دەستی رەت بەسینەی گشت ئەو کەسانەدا بداتەوە، دەمارگرژن و دەمارگرژەکانیش خراپترین دوژمنانی چینی کرێکارن.

بەڵێ، بەڵێ! پەلە و مەیکەنە هەرا، کە من لە قسەو باسەکاندا «شێوەی نارەفیقانە» بەکاردەبەم! تەنانەت ناهێڵم بێنمە بیری خۆم کە لە نیەتپاکی ئێوەدا گومانم هەبێت. من وتم مرۆڤ دەتوانێت بەبۆنەی ساوێلکەیی سیاسیشەوە دەمارگرژ بێت، بەڵام نیشانمدا کە ئێوە تا ئاستی دەمارگرژی هاتوونەتە خوارەوە و هەرگیز لە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە دەمارگرژەکان خراپترین دوژمنانی چینی کرێکارن، ماندوو نابم. ئەوەی کە دەوترێت خراپترین

دوژمنانی چینی کرێکارن بەو بۆنەوەیە، کە ئەوان غەریزەی ناپەسەند لەنێو جەماوەردا هەڵدەخرێنن و بۆ کرێکارانی دواکەوتوو ئیمکانی نییە ئەو دوژمنانە کە جلوبەرگی دۆست لەبەردەکەن و جاروباریش سەمیمانە دێنە مەیدان، بناسن. بەو بۆنەوە کە لەسەردەمی پەرش و بڵاوبوونی داشکاندنی بیرۆکەی سۆسیالیستی، لە سەردەمێکدا کە بزووتنەوەکەمان تازە خەریکە قەوارە بە خۆیەوە دەگرێت، شتێکی ئاسانتر لەوە نییە، کە بە شێوەیەکی دەمارگرژانە کۆمەڵ (جەماوەر) بەرەو رێگایەک پاڵ پێوەبنێن، کە دواتر تەنها تاڵترین تاقیکردنەوەکان دەتوانێت ئەوەیان پێ بسەلمێنێت کە ئەو رێگایەی پێیدا چوون هەڵە بووە.

هەر بەم بۆنەشەوەیە کە دەبێت دروشمی سۆسیال دیموکراتیکی ئێستا خەباتی راشکاوانە چ لە دژی «سوابدا» بێت، کە تا ئاستی دەمارگرژی سیاسەتی خۆی داشکاندووە و چ لە دژی ”رابۆچیە دێلۆ“ کە ئەویش تا ئاستی دەمارگرژی تەنەزولی پەیدا کردووە (لە خوارەوە بە تێرو تەسەلی لەو بارەیەوە قسە دەکەین.).

«خستنە داوی (دە) کەسی عاقڵ، ئاسانترە لە (سەد) کەسی نەزان». ئەم حەقیقەتە بریقەدارە (کە هەمیشە سەد کەسی نەزان چەپڵەتان بۆ لێدەدەن)، تەنها بۆ ئەوە خۆی لەخۆیدا روون دێتە بەرچاو، کە ئێوە وێڕای رەوتی هۆکارهێنانەوە، لە لقێکەوە دەپەڕنە سەر لقێکی تر. ئێوە قسەکەی خۆتان لە خستنە داوی «کۆمیتە» و «رێکخراو»ەوە دەستپێکرد و درێژەشی پێدەدەن، بەڵام ئێستا دەپەڕنە سەر کێشەی خستنە داوی «ریشەکانی» بزووتنەوە «لە قووڵایی»دا. هەڵبەت بزووتنەوەکەی ئێمە بەو بۆنەوە، کە لە قوڵایی کۆمەڵگەدا سەدان و سەدان هەزار ریشەی هەیە، ناکەوێتە داوەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک قسە لەسەر ئەوە نەبوو.

لەو بـوارەوە کە ریشەمان لە قووڵایی کۆمەڵگەدایە، دەبێت بڵێم کە ئێستاش سەرەڕای تەواوی ئەو هەمووە وردەکاریەمان، ناتوانن» بمانخەنە داوەوە»، بەڵام بەم حاڵەشەوە لە کەوتنە داوی «رێکخراوەکان» کە لە ئاکامیدا هەر چەشنە ئیدامەکاریەکی بزووتنەوەکە لەنێو دەچێت، سکاڵامان هەیە و ناتوانین لەوەش نارازی نەبین، بەڵام ئێستا کە خۆتان بابەتی «خستنەداو»ی رێکخراوەکانتان هێنایە گۆڕێ و لێی تێپەڕ نابن، من پێتان دەڵێم، کە خستنە داوی دە کەسی عاقڵ لە خستنەداوی سەد کەسی نەزان دژوارترە. بە هەر رادەیەکیش بەهۆی مێتۆدی «دژە دیموکراتیزم»و هێتری منەوە کۆمەڵ لە دژم هانبدەن، دیسانەوە لەو تێزەی خۆم دەست هەڵناگرم. وشەی «عاقڵەکان» لە بواری رێکخراوەییەوە، هەروەک من هەموو جارێک بەبیرم هێناوەتەوە، دەبێت بریتی بێت لە شۆڕشگێڕانی شارەزاو بە ئەزمون، چ خوێندکار بن یان کرێکار، هیچ جیاوازیەک ناکات. ئەوەیە کە من بەراستی لەسەر ئەو باوەڕەم کە:

1. بەبێ رێکخراوێکی بەردەوام و کۆڵنەدەر، لەو رێبەرانەی بەدوای کاری یەکترییندا دەچن، هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە ناتوانێت بەردەوام بێت.

2. بە هەر رادەیەک ئاستی جەماوەرێک کە بە شێوەی خۆڕسک سەرنجی بەرەو لای خەبات رادەکێشرێت و بناغەی بزووتنەوەکە پێکدەهێنێت و بەشداری تێدادەکات بەرینتر بێت، هەر بەو رادەیە پێویستی وەها رێکخراوێک بە شێوەیەکی سەرسەختانەتر و شێلگیرتر خۆی نیشاندەدات، هەر بەو رادەیە ئەو رێکخراوە دەبێت بەردەوامتر بێت، چونکە هەر بەو رادەیەش بۆ دەمارگرژانی جۆراوجۆر ئاسانتر دەبێت، کە تووێژە دواکەوتووەکان لە رێگە دەربکەن.

3. وەها رێکخراوێک دەبێت بەگشتی بریتی بێت لەکەسانێک، کە بە

شێوەی پیشەیی هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە دەکەن.

4. لە وڵاتێکی سنەمکار، بە هەر رادەیەکیش کە پێکهاتەی ئەو رێکخراوە بەرتەسک بکەینەوە، تا ئەو جێگایەی کە تەنها ئەو ئەندامانە بەشداری تێدا بکەن، کە بەشێوەی پیشەیی هەڵسووڕانی شۆڕشگێڕانە دەکەن و بەسەر تەکنیکی خەباتی لەدژی پۆلیسی سیاسیدا زاڵن و لەو بوارەدا ئامادەیی پێویستیان بەدەستهێناوە، هەر بەو رادەیەش «خستنە داوی» ئەو رێکخراوە دژوارتر دەبێت.

5. هەر بەو رادەیـەش پێکهاتەی تاکەکان، چ لەنێو چینی کرێکار و چ لەنێو چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە کە ئیمکانی بەشداریکردن لەنێو ئەو بزووتنەوەیاندا هەبێت و بە شێوەی هەڵسووڕاوانە کاری تێدا بکەن، بەرینتر دەبێت.

ئەو فەرمانە بە ئێکۆنۆمیستەکان، تیرۆریستەکان و «ئێکۆنۆمیستەکان-تیرۆریستەکان » دەدەم، ئەم تێزانە کە من ئێستا لەسەر دوو دانەی دوایینیان قسەو باسدەکەم، رەتبکەنەوە. کێشەی ئاسانبوونی کەوتنە داوی «دە کەسی عاقڵ» و «سەد کەسی نەزان»، هەر ئەو بابەتەی لێدەکەوێتەوە کە پێشتر دامانە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ئەویش ئەوەی کە ئایا ئەگەر پێویستی نهێنیکاریەک بهێنینە گۆڕێ، پێکهێنانی رێکخراوێکی جەماوەری ئیمکانی هەیە یان نا. ئێمە هیچ کاتێک ناتوانین رێکخراوێکی بەرین لە بواری نهێنیکاریەوە بەو ئاستە بگەیەنین، کە بەبێ ئەوە بە هیچ شێوەیەک سەبارەت بە خەباتی بەردەوام و کۆڵنەدەرانە لەگەڵ حکومەت قسەیەک لە گۆڕێدا نەبێت. تەرکیزکردنی گشت ئەرکەکانی نهێنیکاری لەدەست ژمارەیەکی کەم لە شۆڕشگێڕانی حیرەفییش بە هیچ شێوەیەک بە مانای ئەوە نییە، کە ئەمانە «بە جێگەی هەمووان بیر دەکەنەوە و بڕیار دەدەن» و کۆمەڵ لە بزووتنەوەدا بەشداری چالاکانە ناکەن.

بە پێچەوانەوە، ئەم شۆڕشگێڕە شارەزایانە زیاتر لە جاران لەلایەن کۆمەڵەوە دەکێشرێنە نێو جەرگەی خەباتەوە، چونکە کۆمەڵ ئەو کاتە ئیتر دەزانن، کە کۆبوونەوەی چەند خوێندکار و ژمارەیەک کرێکار، کە خەباتی ئابوری دەکەن، بۆ پێکهێنانی «کۆمیتە» بەس نییە، بەڵکو ساڵانی ساڵ پێویستە بۆئەوەی تاک خۆی وەکو شۆڕشگێڕێک بار بێنێت و ئەو کات کۆمەڵ ئیتر تەنها سەبارەت بە وردەکاری قسە ناکەن، بەڵکو سەبارەت بە وەها بارهاتنێک «بیر دەکەنەوە».

تەرکیزکردنی ئەرکەکانی نهێنیکاری ڕێکخراو، بە هیچ شێوەیەک بە مانای تەرکیزکردنی تەواوی ئەرکەکانی بزووتنەوەکەمان نییە. بەشداری هەڵسوڕاوانەی جەماوەرێکی بەرین لە کاروباری چاپەمەنی نهێنی، بەوەی کە «دە کەس»ی شۆڕشگێڕی شارەزا ئەرکەکانی ئەو کارە لەدەستی خۆیاندا تەرکیز بکەن، کەمتر ناکاتەوە، بەڵکو بە دەیان قات بەهێزتری دەکات. لەم ڕێگەیەوە و تەنها لەم ڕێگەیەوە، دەتوانین خوێندنەوەی چاپەمەنیە نهێنییەکان، هاوکاری لە کاروباری ئەم چاپەمەنیانە، تەنانەت تارادەیەک بڵاوکردنەوەی لایەنی شاراوە و نهێنی خۆی لەدەستبدات، چونکە پۆلیس بە خێرایی لێی حاڵی دەبێت، کە بەدواداچوونی دادوەری و ئیداری هەر نوسخە لەو گۆڤارانەی کە هەزاران نوسخەی لێ بڵاودەبێتەوە، بێ ئاکامە و لە ڕاستیشدا مومکین نییە. ئەمە نە تەنها لەگەڵ چاپەمەنییەکان، بەڵکو لەگەڵ گشت کارەکانی بزووتنەوەکەمان، تەنانەت شانۆکانیش دێتەوە.

ئەوەی کە «دە کەس» لە شۆڕشگێڕانی بە ئەزمون، کە فێرکارییەکانیان لە بواری حیرفەییەوە کەمتر لە پۆلیس نییە، گشت کاروباری پەیوەندیدار بە نهێنیکاری، لە دابینکردنی گۆڤارەکانەوە بگرە هەتا گەڵاڵەکردنی نەخشە و دیاریکردنی دەستەی ڕێبەران بۆ هەر ناحیەکی شار، بۆ هەر کوچە و کۆڵانێکی کرێکاری و بۆ هەر خوێندنگەو... هیتر لەدەستی خۆیاندا تەرکیزدەکەن، نە

تەنها هیچ زیانێک بە بەشداری چالاکانەوە و بەرینی جەماوەر ناگەیەنێت، بەڵکو داوێنەی هەڵسوڕانی ئەوانیش پەرەپێدەدات (من دەزانم سەبارەت بە «دیموکراتیک نەبوونی» بۆچوونەکەم ناڕەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام بە گشتی لە خوارەوە بە تێر و تەسەلی وەڵام بەم ناڕەزایەتیە بێ عەقڵانەیە دەدەمەوە). ئەرکیزکردنی نهێنیترین ئەرکەکان لەدەست ڕێکخراوێک لە شۆڕشگێڕان، داوێنە و ناوەڕۆکی هەڵسوڕانی کۆمەڵێکی تەواو لەو ڕێکخراوانەی دیکە، کە بۆ حەشیمەتێکی بەرینتر لەبەرچاوگیراون و بەو بۆنەشەوە تا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەیە کەمترین شێوەی فەرمی بە خۆیانەوە دەگرن و کەمتر بە نهێنی کاردەکەن، واتە هەڵسوڕانی یەکێتیە پیشەییەکانی کرێکاران، کۆڕ و کۆمەڵەکانی خۆبەڕێوەبەری کرێکاران و خوێندنەوەی گۆڤارەکانی ئاشکرا و کۆڕ و کۆمەڵە سۆسیالیستی و دیموکراتیکەکان لەنێو گشت توێژەکانی دیکەی جەماوەر و هیتر و هیتر سست ناکات، بەڵکو بەهێزیشی دەکات.

وەها کۆڕ و کۆمەڵ و یەکێتیەکی کرێکاری و ڕێکخراوێکی پیشەیی لە هەموو جێگایەکدا لە ئاستێکی زۆرداو بەئەرکی جۆراوجۆر پێویستە، بەڵام ئەوە زۆر بێ ماناو زیانبەخشە کە ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە لەگەڵ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕاندا تێکەڵ بکەین، جیاوازیەکانیان لەبەرچاو نەگرین و بیر و زەینی جەماوەر کە لەبنەڕەتدا بەشێوەیەکی بێ وێنە ئاڵۆز بووە، سەبارەت بەو مەسەلەیە کە بۆ «ئیدارەکردن»ی بزووتنەوەی جەماوەری کەسانێک پێویستن کە بە تایبەتی هەڵسوڕانی سۆسیال دیموکراتیان کردبێتە بە پیشەی خۆیان، هەروەها لەو بابەتەوە کە وەها کەسانێک دەبێت بە سەبرو بە کاوەخۆیی و سەرسەختیەوە خۆیان وەکو شۆڕشگێڕی حیرفەیی بار بێنن، کوێر بکەین.

بەڵام لەم بابەتەوە بیر و زەینەکان بە شێوەیەکی بێوێنە ئاڵۆسکاوە. تاوانی سەرەکی ئێمە لە بواری ڕێکخراوەییەوە ئەوەیە، کە بە وردەکاری خۆمان

بڕوا و متمانەی کەسێکی شۆڕشگێڕمان لە روسیادا بەبا داوە. کەسێک کە لە بابەتە تیۆریکەکاندا سست و راڕا بێت و بازنەی بیروبۆچوونەکانی بەرتەسک بێت و بۆ خۆدەربازکردن لەژێر باری بەرپرسارێتییەکانی پەنا بۆ رەوتی خۆڕسکی جەماوەری ببات و زۆرتر وەکو تریدیۆنیۆنێک بێت تاکو وتەبێژێکی جەماوەری، نەتوانێت نەخشەیەکی بەرین و جەسوورانە پێشنیاربکات، تەنانەت رکەبەرەکەشی ناچار بکات رێزی لێبگرن، کەسێک کە لە هونەری پیشەیی خۆیدا، واتا لە خەبات لە دژی پۆلیسی سیاسیدا بێ ئەزمون و ناشارەزا بێت، دەبێت بمبورن، وەها کەسێک شۆڕشگێڕ نییە، بەڵکو وردەکارییەکی بێکەڵکە.

با هیچکام لە پراتیسیەنەکان بۆ ئەم وشەیە لە من دڵگران نەبن، چونکە تا کاتێک کە قسە لەسەر نائامادەییە، پێش هەموو شتێک ئەو نائامادەییە بۆ خۆمی دەگەڕێنمەوە. لە کۆڕێکدا کارم دەکرد، کە کێشە و پرسێکی زۆر بەرینی لە بەردەم خۆیدا دانابوو، هەمومان وەکو ئەندامانی کۆڕەکە، لە وەی کە لەوەها بارودۆخێکی مێژووییدا تووشی وردەکارین بەشێوەیەکی دڵتەزێن زەجرمان دەکێشا، چونکە ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە بە گۆڕینی رستە لە وتەیەکی بە ناوبانگدا دەمانتوانی بڵێین کە: رێکخراوێک لە شۆڕشگێڕانمان پێبدەن، روسیاتان بۆ ژێرەوژوور دەکەین! لەو کاتە بەولاوە، بەهەر رادەیەک، کە من وەبیری ئەو هەستە لە شەرمەزاری دێنمەوە کە لەو کاتەدا زاڵبو، هەر ئەوەندە تاڵی و بارگرانیەکی زۆرتر لە دژی ئەو سۆسیال دیموکراتە درۆیینانەی، کە بە مەوعیزەکانی خۆیان «داوێنی ناکی شۆڕشگێڕ پیس دەکەن» و لێیان حاڵی نییە کە ئەرکی ئێمە بەرگریکردن لە داشکاندنی کەسێکی شۆڕشگێڕ هەتا ئاستی وردەکاریی نییە، بەڵکو گەشەپێدانی تاکەکانی وردەکار هەتا پلەی کەسێکی شۆڕشگێڕە، دڵم دێنێتە ژان.

### د) ئاستی هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی

هەر بەو شێوەی لە سەرەوە دیتمان (ب–ئێف) سەبارەت بەوەی کە «بەس نەبوونی ئەو هێزە شۆڕشگێڕانەی توانایی کاری شۆڕشگێڕانەیان هەیە، نە تەنها لە پێترسبۆرگ، بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەی روسیاش هەستی پێدەکرێت»، قسەیدەکرد. پێموانییە کەس حاشا لەو راستیە بکات، بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە چۆن و بەچ شێوەیەک روون بکەینەوە؟ ب–ئێف دەنووسێت:

«ئێمە بە دوای هۆکارە مێژووییەکانی ئەو دیاردەیەدا ناگەڕێین، تەنها دەبێت ئەوە بڵێم کۆمەڵگایەک، کە لە ئاکامی کۆنەپەرستی سیاسی درێژماوەدا تووشی گەندەڵی بابەتی هاتووە و بەهۆی گۆڕانکاریەکی ئابوری کە روویداوە و روو دەدات، لێکترازاوە. ژمارەیەکی کەم کەس لە بەستێنی خۆیدا پەروەردە دەکات کە توانای کاری شۆڕشگێڕانەیان هەبێت. چینی کرێکار بە بارهێنانی کرێکارانی شۆڕشگێر تا رادەیەک ریزی رێکخراوە نهێنییەکان تەواو دەکات، بەڵام ژمارەی ئەم شۆرشگێڕانە پێویستییەکانی ئەم سەردەمە دابیننا‌کات، بە تایبەتی ئەوەی کە کرێکارێک کە 11 کاتژمێر و نیو لە کارخانەدا کاردەکات، بەپێی بارودۆخەکەی، تەنها دەتوانێت کاری ئاژیتاتۆرێک بکات، بەڵام قورسایی سەرەکی کاری راهێنان و رێکخراو و خستنەبەردەستی گۆڤاری نهێنی و نوسخە هەڵگرتن لێیان، بڵاوکردنەوەی شەونامە و هیتر بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر دەکەوێتە سەرشانی هێزەکانی لاوەکی رووناکبیرانەوە». (رابۆچیە دێلۆ» ژمارە 6 ل 38–39).

لە زۆر بابەتدا لەگەڵ ئەو قسانەی (ب–ئێف) و بە تایبەتی لەگەڵ ئەو قسانەی جەختمان لەسەر کردەوە، هاوڕا نین. ئەو قسانە بە شێوەیەکی بەرچاو نیشانیدەدات ب–ئێف کە (وەکو هەر پراتیسیەنێکی کەم تازۆر عاقڵ) بەدەست وردەکاری ئێمەوە دەناڵێنێت، بەهۆی ئەوەی کە لەژێر گوشاری ئێکۆنۆمیزمدایە،

ناتوانێت ڕێگای دەربازبوون لەو بارودۆخە بەرگە نەگرە بدۆزێتەوە. نەخێر، بەو شێوەیە نییە، کۆمەڵگە ژمارەیەکی بێ سنور کەسی بە توانا دەداتە دەرەوە، بەڵام ئێمە ناتوانین لە هەموویان کەڵک وەربگرین.

بارودۆخی ناسک و کاتی بزووتنەوەکەمان دەتوانین بەو وشانە فۆرمۆڵە بکەین: مرۆڤ نییە و مرۆڤ زۆرە. مرۆڤ زۆرە، چونکە هەم چینی کرێکار و هەم چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لەنێو خۆیاندا هەموو ساڵێک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر کەسانی ناڕازی، ئاماڵ ناڕازی و کەسانێک دەدەنە دەرەوە، کە ئامادەن لە خەبات لە دژی حکومەتی ڕەها هەرچیان لەدەستدێت یارمەتی بکەن، حکومەتێک کە موسیبەتە، بەڵام هێشتا ئەوەیان دەرک پێنەکردووە کە ئیدی بەرگە نەگیراوە، سەرەڕای ئەوە بۆ جەماوەرێک، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر دەبێت، ئەو ڕاستییە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت. لە هەمانکاتدا مرۆڤ نییە، چونکە ڕێبەر نییە، پێشەوای سیاسی نییە، کەسانی لێهاتوی ڕێکخراو نییە کە بتوانن بوار بۆ وەها هەڵسوڕانێکی بەرین، لە هەمانکاتدا هاوئاهەنگ و تاقانە برەخسێنن، کە لە ژێر سێبەریدا بتوانین لە هەر هێزێکی تەنانەت وردو بچوکیش کەڵک وەربگرین. «گەشەی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان» نەک تەنها لە دواوەی گەشەی بزووتنەوەی کرێکاریدایە، شتێک کە «ب-ئێف»یش دانی پێدا دەنێت، بەڵکو لە دواوەی گەشەی بزووتنەوەی گشتی دیموکراتیکی گشت توێژەکانی جەماوەریشدایە. (ئەگەرچی ب-ئێف ئێستاکە لەوانەیە ئەم بەشە وەکو تەواوکەری تێگەیشتنی خۆی قبووڵ بکات).

داوێنەی کاری شۆڕشگێڕانە لەچاو ژێرخانی بەرینی خەباتی خۆڕسکی بزووتنەوە زۆر بەرتەسکەو لە ژێر ئاستەنگی تیۆری بێبنەمای «خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەت»دا بە سەختی لە ژێر گوشاردایە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێستاکە نە تەنها دەبێت ئاژیتاتۆری سیاسی، بەڵکو ڕێکخەرانی

سۆسیال دیموکراتیش «بڕۆنە نێو هەموو چینەکانی خەڵکەوە». کەس ناتوانێت (تەنانەت پڕاتیسیەنەکانیش) لەو بابەتە گومانی هەبێت کە سۆسیال دیموکراتەکان، دەتوانن هەزاران جار ئەرکەکانی زۆر بچوکی کاری ڕێکخراوەیی خۆیان لەنێو نوێنەرانی جیاجیای چینە جۆراوجۆرەکاندا دابەش بکەن. کەم و کوڕی پسپۆڕی یەکێک لە گەورەترین کەموکوڕی و نوقسانەکانی کاری تەکنیکی ئێمەیە کە «ب–ئیف»یش بە سۆزێکی زۆرەوە و بەهەق ناڕەزایەتی خۆی لەوە دەردەبڕێت.

بە هەر رادەیەک «چالاکی» جیاوازی کاری هاوبەش وردتربێت، هەر بەو رادەیە زۆرتر دەتوانین کەسانێک کە دەتوانن ئەو کارە بکەن، (بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ببنە شۆڕشگێڕی شارەزاو پیشەیی) بدۆزینەوە و هەر بەو رادەیەش بۆ پۆلیس دژوار دەبێت، گشت ئەو «فەرمانبەرە وردانە» «بخاتە دواوە» و هەر بەو رادەیە بۆی دژوارتر دەبێت بۆ کەسێک کە لە بەرامبەر تاوانێکی بچوکدا (لە روانگەی پۆلیسەوە بەرگریکردن لە مافی کرێکاران تاوانە) «فایل»ێکی گەورەی بۆ ساز بکەن، بەڵام سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی، کە ئامادەیی ئەوەیان هەیە یارمەتیمان بدەن، لە بەشی پێشووتریشدا گۆڕانکاریەکی زۆرمان وەبیرمان هێنایەوە، کە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا لەو بوارەدا پێکهاتووە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، هەم بۆ ئەوەی کە گشت ئەو کارە زۆر بچوکانە لە یەک شوێندا گردببنەوە، هەم بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەکە، وێڕای ئەرکەکانی بزووتنەوە، پارچە پارچە نەبێت، هەم بۆئەوەی لە بەڕێوەبردنی ئەرکی بچوکدا ئیمان بە پێویستی و گرنگی کارەکەی پێکبێت، واتا باوەڕێک کە بەبێ ئەوە بەڕێوەبەر هەرگیز کار ناکات ، بۆ هەموو ئەمانە ڕێکخراوێکی قورس و قایم لە شۆڕشگێڕانی بە ئەزمون و کارزان پێویستە. ئەگەر ڕێکخراوێکی بەوجۆرەمان هەبێت، بەهەر رادەیەک ئەو ڕێکخراوە نهێنی تر بێت، هەر بەو رادەیە باوەڕ

به بەهێزی حزب پتەوتر و داوێنی بەرینتر دەبێت. ئێمە ئەوە دەزانین کە لە جەنگدا لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە باوەڕ بەهێزی خۆت، نە تەنها لەنێو سوپای خۆتدا بەهێز بکەیت، بەڵکو بە دوژمن و گشت کەسانی بێ لایەنیشی حاڵی بکەیت، واتا لە کردەوەدا بیسەلمێنیت.

بێلایەنی دۆستانە جاروبار کار یەکلایی دەکاتەوە. ئەگەر ڕێکخراوێکی بەو جۆرەمان هەبێت، کە لەسەر بنەمایەکی قورس و قایمی تیۆریک راوەستابێت و خاوەنی ئۆرگانی سۆسیال دیموکراتیک بێت، ترسی ئەوە لە ئارادا نابێت کەسانی جۆراوجۆر کە لە «تەنیشت» بزووتنەوەکە راکێشراون، بزووتنەوەکە لە ڕێگای خۆی لابدەن (بە پێچەوانەوە لە ئێستادا کە وردەکاری زاڵە دەبینین کە چۆن چۆنی ژمارەیەکی زۆر لە سۆسیال دیموکراتەکان پێیانوایە تەنها خۆیان سۆسیال دیموکراتن، بەڵام لەولاشەوە بزووتنەوەکە بە ڕێگای Credo دا دەبەن). بە کورتی ئەوەی کە پسپۆڕی بە شێوەیەکی چارهەڵنەگر قوڵبونەوە دەخوازێت و بەش بەحاڵی خۆی بێ ئەملاو ئەولا، پێویستی بە قوڵبونەوەیە.

بەڵام ب-ئێف کە بە باشی پێویستی تـەواوی پسپۆڕی شیکردۆتەوە، بە باوەڕی ئێمە لە بەشی دووەمی هەڵسەنگاندنی خۆیدا، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، گرنگی پێویست بەو مەسەلەیە نادات. ئەو دەڵێت ژمارەی کرێکارانی شۆڕشگێڕ بەس نییە. ئەو قسەیە بە تەواوی دروست و دیسانەوە ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە «زانیاری کەسێک کە لە نزیکەوە چاودێری ڕووداوەکانە»، رای ئێمەی بەرامبەر بە قەیرانی ئێستای سۆسیال دیموکراسی و لە ئاکامدا ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە بە تەواوی پشتڕاست دەکاتەوە.

بە گشتی، نەک تەنها شۆڕشگێڕان، بەڵکو کرێکارانی شۆڕشگێڕیش لە دواوەی بزووتنەوەی خۆڕسکی جەماوەری کرێکاراندان. ئەم ڕاستیە تەنانەت لە

ڕوانگەی «کردەوەوە» نەک تەنها نادیارە، بەڵکو لایەنی سیاسی کۆنەپەرەستانەی «بنەماکانی فێرکردن و بارهێنان»یش، کە لە کاتی قسەوباس سەبارەت بە کێشەی ئەرکەکانی ئێمە بەرامبەر بە کرێکاران ئەوەندە بە زۆری بەنێو چاوانماندا دەدانەوە، بە بەرچاوترین شێوە یەکلادەکاتەوە. ئەو ڕاستییە نیشانیدەدات کە یەکەم و هەنوکەییترین ئەرکی ئێمەیە، کە یارمەتی بە بارهێنانی ئەو کرێکارە شۆڕشگێڕانە بکەین، کە لە بواری هەڵسوڕانی حزبیەوە لە ئاستی رووناکبیرانی شۆڕشگێڕدان (ئێمە لەسەر وشەکانی: لە بواری هەڵسوڕانی حزبیەوە جەخت دەکەینەوە، چونکە لە بوارەکانی دیکەدا گەیشتنی کرێکاران بەو ئاستە ئەگەرچی پێویستە، بەڵام زۆر ئاسان و حەتمی نییە).

بەم پێیە سەرنجی سەرەکی، دەبێت تەرکیز بکاتە سەر ئـەوەی کە کرێکاران تا ئاستی شۆڕشگێڕان گەشە پێبدەین، نەک ئەوەی کە بەو جۆرەی کە ئێکۆنۆمیستەکان حەز دەکەن، خۆمان تا ئاستی «جەماوەری کرێکار» یان بەو جۆرەی کە «سوابدا» دەیەوێت، تا ئاستی «کرێکارانی مامناوەند» بێنینە خـوارەوە. (سوابدا لەو بارەیەوە پێی ناوەتە پلەی دووهەمی «بنەماکانی فێرکردن و بارهێنان»ی ئابوری). مەبەستی من ئەوە نییە، کە نکۆڵی پێویستی بڵاوکردنەوەی گۆڤارگەلێک بۆ کرێکاران بکەم، کە هەمووان لێی تێبگەن یان بە تایبەتی (مەبەستی من گۆڤاری بازاڕی نییە). هەندێک گۆڤار بۆ کرێکارانی دواکەوتوو بڵاوبکەینەوە، بەڵام ئەوەی قیزەونە ئەوەیە، کە بەردەوام بنەماکانی فێرکردن و بارهێنان لەگەڵ کێشە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان تێکەڵدەکەن. ئاغایان! پشتیوانانی «کرێکارانی مامناوەند»، ئێوە بەم مەیلەی خۆتان، کە دەتانەوێت حەتمەن لە کاتی قسە زلکردندا چۆکدابدەن، پێش لەوەی سەبارەت بە سیاسەتی کرێکاری، یان ڕێکخراوی کرێکاری لەگەڵ کرێکاران قسە بکەن، زۆرتر سووکایەتیتان پێکردووە.

با پشتتان راستبکەنەوە و بە قال و قیتی قسە زلەکانتان بکەن و زانستی ڕاهێنان و بارهێنان بە مامۆستایان بسپێرن، نەک ئەوەی کە بە سیاسەتمەدار ڕێکخەران! مەگەر لەنێو ڕووناکبیرانیشدا، پێشەنگ و «مامناوەند» و «جەماوەر» بوونی نییە؟ مەگەر هەمویان گۆڤارگەلێک کە هەمووان تێیبگەن، بۆ ڕووناکبیران بە پێویست نازانن، مەگەر سەرنج نادرێتە ئەو گۆڤارانە؟، بەڵام با گریمانە بکەین، کە لەو بابەتەشەوە سەبارەت بەرێکخراوی خوێندکاران یان قوتابیان، نووسەر، وەکو ئەوەی بڵێی کەشفێکی نوێی کردبێت، بەردەوام ئەو قسەیە بجوێتەوە، کە پێش لەهەر شتێک ڕێکخراوێک لە «خوێندکارانی مامناوەند» پێویستە. بە دڵنیاییەوە گاڵتەی پێدەکەن و بە ڕاستیش هەقیانە کە گاڵتەی پێبکەن. پێیدەڵێن کە: ئەو وردە بیرە ڕێکخراوەییەی خۆتانمان پێ بێت (هەڵبەت ئەگەر هەتانە) ئەو کات خۆمان ڕوونی دەکەینەوە، کە کام لە ئێمە «مامناوەند»، کام بەرزتر و کام نزمترە، بەڵام ئەگەر خۆتان خاوەنی وردە بیرێک نین بۆ ڕێکخراو، ئەو کات گشت دڵسۆزی و خەمخۆرینان بەرامبەر بە «جەماوەر» و «توویژی مامناوەند» تەنها شتێکی قیزەونە و کەس گوێی لێناگرێت.

سەرئەنجام دەبێت بزانین، کە کێشەکانی «سیاسەت» و «ڕێکخراو» بە ڕادەیەک جیدیە کە قسەکردن لەسەریشیان دەبێت بە تەواوی جیدی بێت: دەتوانین و دەبێت کرێکاران (هەروەها خوێندکاران و قوتابیان) بە شێوەیەک ئامادە بکەین، کە بتوانین لەسەر ئەو بابەتانە لەگەڵیان قسە بکەین، بەڵام ئێستا کە قسەو باستان لەو بارەیەوە دەستپێکردووە، وەڵامی ڕاست و درووست بدەنەوە. بەرەو «مامناوەند»یان «جەماوەر» بۆ دواوە مەگەڕێنەوە و بە مەتەڵ گێڕانەوە، یان ڕستەسازی لە کۆڵی خۆتانی مەکەنەوە.

کرێکاری شۆڕشگێڕیش، بۆئەوەی بە تەواوی ئامادەبێت، کارەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت، دەبێت شۆڕشگێڕێکی شارەزاو بە ئەزمون بێت، هەر بۆیە

ئەو وتەیەی «ب-ئێف» درووست نییە، کە بە بۆنەی ئەوەی کە کرێکار لە فابریکدا (11) کاتژمێر و نیو کاردەکات، قورسایی سەرەکی بەجێگەیاندنی ئەرکە شۆڕشگێڕانەکانی دیکە (بێجگە لە پڕوپاگەندە) «بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر دەکەوێتە سەرشانی هێزی زۆر کەمی رووناکبیرانەوە». ئەمە بە هیچ شێوەیەک لە رووی ناچاریەوە نییە، بەڵکو بەهۆی دواکەوتنی ئێمەیە، چونکە ئێمە هێشتا لە ئەرکەکانی خۆمان نێنەگەیشتووین. ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە یارمەتی بە هەر کرێکارێکی لێهاتوو بکەین، کە ببێتە ئاژیتاتۆرێکی بە ئەزمون، رێکخەر، راهێنەر، بڵاوکەرەوەی گۆڤارەکان و هیتر و هیتر.

لەم بابەتەوە بەشێوەیەکی جێگای شەرم وزەی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین و ناتوانین پارێزگاری لەو شتە بکەین، کە دەبێت بە دڵسۆزیەکی تایبەتەوە گەشەی پێبدەین و باری بێنین. چاوێک لەئەڵمانییەکان بکەن: هێزی ئەوان سەدان قاتی هێزی ئێمەیە، بەڵام ئەوان بە شێوەیەکی باش لەوە حاڵیبوون، کە خۆ ئاژیتاتۆری بە راستی لێهاتوو و هیتر لەنێو کەسانی «مامناوەند»دا خێرا بەخێرا درووست نابن، بەم پێیە دەستبەجێ هەوڵدەدەن هەر کرێکارێکی لێهاتوو لە بارودۆخێکدا دابنێن، کە لێهاتووییەکانی بە تەواوی گەشە بکات و بەکاریبهێنێت: دەیکەنە ئاژیتاتۆرێکی شارەزا، هەڵسوڕانی لە فابریکێکەوە بۆ تەواوی لقەکانی پیشەسازی و لە ناوچەیەکەوە بۆ تەواوی وڵات گەشە پێدەدەن و بەمشێوەیە هانیدەدەن مەیدانی کردەوەی خۆی پەرەپێبدات.

ئەو لە پیشەکەی خۆیدا ئەزمون و چالاکی بەدەستدێنێت، بازنەی زانیاریەکانی خۆی بەشێوەیەکی بەرین پەرەپێدەدات، پێشەوایانی بەناوبانگی شوێنەکانی دیکە و حزبەکانی دیکە لە نزیکەوە دەبینێت، هەوڵدەدات خۆی بە ئاستی ئەوان بگەیەنێت و زانیارییەکانی شوێنی کار و باوەڕی سۆسیالیستی خۆی لەگەڵ ئەزمونەکانی لە شوێنی کار، کە پڕۆلیتاریا بەبێ ئەو زانیارییانە

ناتوانێت دەستبداتە خەباتێکی شێلگیرانە لە دژی ریزی هەتا ددان تەیاری دوژمنانی، یەکدەخات. تەنها و تەنها لەم رێگەیەوە بێبڵەکان و ئائۆئێرەکان لەنێو جەماوەری کرێکاران هەڵدەقوولێن، بەڵام ئەوەی کە لە وڵاتێکی لە بواری سیاسیەوە ئازاددا ئەو رەوتە تا رادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی خۆڕسک بەڕێوەدەچێت، لەوڵاتی ئێمەدا دەبێت بەردەوام رێکخراوەکانمان ئەو کارە بکەن. کرێکارێکی ئاژیتاتۆری لێهاتوو، کە «زۆر جێی هیوایە» بۆ دەبێت لە کارخانەدا (11) کاتژمێر کار بکات؟

ئێمە دەبێت ئاگامان لەوە بێت، کە ئەو بە پارەی حزب ژیان و بەڕێچونی دابین بکات، بتوانێت لە کاتی پێویستدا حاڵەتی نهێنی بە خۆیەوە بگرێت، شوێنەکانی هەڵسوڕانی بەردەوام بگۆڕێت، چونکە ئەگەر وا نەکات ئەزمونێکی ئەوتۆ بەدەستناهێنێت، بازنەی زانیارییەکانی بەرین نابێت و ناتوانێت لە خەبات لە دژی ژاندارمەکانیشدا، لانیکەم بۆ ماوەی چەند ساڵ خۆی بپارێزێت. بە هەر رادەیەک بزووتنەوەی خۆڕسکی جەماوەری کرێکار بەرینتر و قوڵتر بێت، هەر بەو رادەیە ژمارەیەکی زۆرتر ئاژیتاتۆری لێهاتو و بێجگەلەوە رێکخەری لێهاتو و راهێنەر و «پراتیسیەن»، بە واتای باشی وشەکە (کە ژمارەیان لەنێو رووناکبیرانی ئێمەدا، کە زۆربەیان تا رادەیەک رۆحێکی بێ ڤێ و جێیان لە چەشنی روسیای بەسەریاندا زاڵە)، دەدەنە دەرەوە.

کاتێک کە گرووپێک لەو کرێکارە شۆڕشگێڕانەمان هەبێت، کە بە تایبەتی ئامادە بووبن و لە مەکتەبی درێژماوەی خەباتدا خاراو بووبن (لە حاڵێکدا کە هەڵبەت ئەم شۆڕشگێڕانە «بە هەموو چەکێک تەیار بن»)، لە جیهاندا هیچ پۆلیسێکی سیاسی ناتوانێت شکستیان پێ بێنێت، چونکە ئەم گرووپانە، واتا کەسانێک کە بۆ یارمەتیکردن بە شۆڕش لە هیچ هەوڵێک درێغ ناکەن، لە متمانەی بێ درێغی بەرینترین جەماوەری کرێکاریش بەهرەمەند دەبن. دەبێت

ئەوە بڵێم کە ئەوە ڕاستەوخۆ تاوانی ئێمەیە کە زۆر بەکەمی کرێکاران بەرەو ئەم ڕێگایە لە فێرکاری پیشەیی و شارەزایانەی شۆڕشگێڕانە، کە تێیدا لەگەڵ «ڕووناکبیران» هاوبەشن «پاڵ پێوە دەنێن» و بە قسەوباسی گەمژانەی خۆمان سەبارەت بەوەی کە چ شتێک لەبەردەستی «جەماوەری کرێکار» و چ شتێک «بۆ کرێکاری ماماناوەند» و هیتردایە، بەرەو دواوە دەیانبەین:

لەم بابەتەشەوە وەکو بابەتەکانی دیکە داوێنەی بەرتەسکی کاری ڕێکخراوەییمان لەگەڵ بەرتەسکبوونەوەی تیۆری و ئەرکە سیاسییەکانمان، پەیوەندیەکی بێ ئەملاو ئەولاو جیانەکراوەی هەیە، (هەرچەندە کە زۆرینەی هەرە زۆری «ئێکۆنۆمیستەکان» و پراتیسیەنەکانی تازەکار هەستی پێناکەن). کورنوش بردن بۆ ڕەوتی خۆڕسک، خۆی لەخۆیدا ئەو ترسەمان تێدا پێکدێنێت، کە نەکات هەنگاوێکیش لەو شتانەی کە «لەبەردەستی» جەماوەردایە، دوور بکەوینەوە و لە هەڵسووڕانی ساکار لە بواری وەدیهێنانی پێداویستییەکانی هەنووکەیی جەماوەر، هەنگاوێک زۆرتر بۆ پێشەوە هەڵبگرین. بەڕێزان مەترسن! لەبیرتان بێت کە ئێمە لە بواری ڕێکخراوەییەوە ئەوەندە نزمین، کە تەنانەت بیری ئەو بابەتەش کە بتوانین بە شێوەیەکی زۆر بچینە پێشەوە، بێهۆیە!

**ە) ڕێکخراوی «پیلانگێڕ» و ‹‹دیموکراتیزم»**

لەنێو ئێمەدا ئەو کەسانە کەم نین، کە بە جۆرێک گوێیان بەرامبەر بە «دەنگی ژیان» هەستیارە، کە زیاتر لە هەر شتێک لەوە دەترسن و کەسانێک کە خاوەنی ئەو بۆچوونەن، بەوە تۆمەتبار دەکەن کە خۆیان بە ستراتێژی «نارۆدنیا وێلیا»وە خەریک کردووە یان تۆمەتباریان دەکەن، کە لە «دیموکراتیزم» تێناگەن. پێویستە ئەم تۆمەتانە کە هەڵبەت ”ڕابۆچیە دێلۆ“ش پەنای بۆ دەبات، بدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

نووسەری ئەم دەقە باشی لەبیرە، کە ئێکۆنۆمیستەکانی پترسبۆرگ ڕۆژنامەی «رابۆچایا گازێتا»ی بە پێڕەوکردنی ستراتێژی «نارۆدنیا وێلیا» تۆمەتبار دەکرد، (ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە لەگەڵ «رابۆچایا میسێل» بەراورد بکەین، هۆکاری ئەو تۆمەتانە لەخۆوە دەردەکەوێت). هەر بەم بۆنەشەوە کاتێک کە ماوەیەک پاش پەیدابوونی «ئیسکرا» یەکێک لە هاوڕێیانمان ئاگاداریکردینەوە، کە سۆسیال دیموکراتەکانی شاری «ئیسکرا» بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە ئۆرگانی «نارۆدنیا وێلیا»یە، بە هیچ شێوەیەک بەلامانەوە سەیر نەبوو. ئاساییە لەوەی کە ئێکۆنۆمیستەکان بەو شێوەیە تۆمەتبارمان دەکەن زۆریش بەلامانەوە خۆش بوو، چونکە کام سۆسیال دیموکراتی راستگۆ هەیە، کە ئێکۆنۆمیستەکان تۆمەتێکی وایان نەخستبێتە پاڵیان؟

ئەم تۆمەتانە بە بۆنەی دوو جۆر خراپ لێکتێگەیشتنەوە دێنە ئارا. یەکەم لە وڵاتی ئێمەدا بە باشی ئاگاداری مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە نین، کە بەو شێوەیە هەر چەشنە بیرۆکەیەکی پەیوەندیدار بە ڕێکخراوێکی خاوەن پێگەی تێکۆشەر، کە لە دژی قەیسەر جەنگی یەکلایەنە رابگەیەنێت بە «ستراتێژی نارۆدنیا وێلیا» ناوی دەبەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێکخراوێکی بەرز کە شۆڕشگێڕانی ساڵانی دەیەی حەفتا بوویان و پێویستە هەمومان وەکو نمونەیەک چاوی لێبکەین، بە هیچ شێوەیەک لەلایەن نارۆدنیا وێلیاییەکانەوە دانەمەزرابوو، بەڵکو لەلایەن «زێملیا وێلیا»ییەکانەوە دامەزرابوو کە دواتر جیابوونەوەیەک لە نێویاندا ڕوویدا و بەسەر چێرنی پێردێل و نارۆدنیا وێلیادا لەتبون.

بەم شێوەیە لە هەر ڕێکخراوێکی تێکۆشەری شۆڕشگێڕدا دیننەوەی تایبەتمەندیەک لە نارۆدنایا وێلیا، چ لەبواری مێژووییەوە و چ لەبواری لۆژیکییەوە بێمانایە، چونکە هەر ستراتێژیەکی شۆڕشگێڕانە ئەگەر بە راستی

لە بیری خەباتێکی جدیدا بێت، بەبێ بوونی وەها ڕێکخراوێک کارەکانی بەرەوپێش ناچێت. هەڵەی نارۆدنیا وێلیاییەکان ئەوە نەبوو، کە هەوڵیاندەدا هەموو کەسێکی ناڕازی لەو سیستەمە بە ڕێکخراوی خۆیانەوە پەیوەست بکەن و ئەو ڕێکخراوە بە ئاراستەیەکدا ببەن، کە شەڕی سەروماڵ لەگەڵ حکومەتی ڕەهای لێبکەوێتەوە.

بە پێچەوانەوە، ئەو لایەنەی بابەتەکە خزمەتێکی گەورەی مێژوویی ئەوان بوو. هەڵەی ئەوان لەوەدا بوو، کە بە تیۆریەک پشت ئەستور بوون، کە لە ناوەڕۆکی خۆیدا بە هیچ شێوەیەک شۆڕشگێڕانە نەبو و نەیاندەزانی یان نەیاندەتوانی پەیوەندیەکی نەپساوە لەگەڵ بزووتنەوەی خۆیانداو خەباتی چینایەتی ناو کۆمەڵگەی سەرمایەداری، کە سات بەسات لەحاڵی گەشەدا بوو، دابمەزرێنن. تەنها تێنەگەیشتن لە مارکسیزم (یان تێگەیشتن بەپێی ڕۆحی «ستروۆڤیزم») توانیویەتی وەها باوەڕێک بێنێتە ئارا، کە پەیدابوونی بزووتنەوەیەکی بەرینی خۆڕسکی کرێکاری، ئەرکی پێکهێنانی ڕێکخراوێک بەو باشیەی ڕێکخراوی زێملیا ویلیاییەکان و ڕێکخراوێک زۆر لەوەش باشتر لەسەرشانی لادەبات. بە پێچەوانەوە، ئەم بزووتنەوەیە لە واقیعدا وەها ئەرکێک دەخاتە ئەستۆی ئێمە، چونکە خەباتی خۆڕسکی پرۆلیتاریا، تا کاتێک کە لەلایەن ڕێکخراوێکی قورس و قایمی شۆڕشگێڕانەوە ڕێبەرایەتی نەکرێت نابێتە «خەباتی چینایەتی» ڕاستەقینەی پرۆلیتاریا.

دووەم، ژمارەیەکی زۆر لەوانە واپێدەچێت (ب.کریچۆفسکی) لە ("رابۆچیە دێلۆ" ژمارە 10 ل 18) بە درووستی لە مانای ڕاستەقینەی موناقەشەیەک، کە سۆسیال دیموکراتەکان هەمیشە لەسەر خەباتی سیاسی لەگەڵ پیلانگێڕان کردوویانە و لە دژی بەرتەسک کردنەوەی ئاستی خەباتی سیاسی و گەیاندنی بە پلەی پیلانگێڕی ڕاپەڕیون، هەمیشەش لە بەرامبەریدا ڕادەوەستن ، بە

باشی تێنەگەیشتووە. ئەوان دەبێت ئەوەیان لەبەرچاو بێت، کە ئەو خەباتە بە هیچ شێوەیەک بە مانای نکۆڵیکردن لە پێویستی ڕێکخراوێکی قورس و قایمی شۆڕشگێڕ نەبووە و نییە.

بۆ نموونە لە نامێلکەیەکدا، کە لە خـوارەوە ناومان بـردووە، لەسەر ئەم دیالۆگەی کە دژ بە گۆڕینی خەباتی سیاسی بە پیلانگێڕی دەکرێت، ڕێکخراوێکیش (بە واتای ئایدیال سۆسیال دیموکراتێ) دێتەبەرچاو، کە دەبێت ئەوەندە قورس و قایم بێت، کە بتوانێت «بۆ گورز وەشاندنی یەکلایی لە حکومەتی ڕەها و بۆ شەڕی سەروماڵ» هەم دەست بۆ ڕاپەڕین ببات و هەم دەست بۆ هەر «شێوەیەکی دیکەی هێرشبردن». وەها ڕێکخراوێکی قورس و قایمی شۆڕشگێڕ لە بواری قەوارەی خۆی لە وڵاتێکی ستەمکاردا دەتوانێت ڕێکخراوی «پیلانگێڕ»یشی پێ بوترێت، چونکە وشەی فەرەنسی «کۆنسپیراسیۆن»، (conspiration–نهێنیکاری) بە مانای وشەی ڕوسیی «زاگوور» (aroBop–پیلانگێڕی)یە و نهێنیکاریش بۆ وەها ڕێکخراوێک گرنگیەکی بێسنووری هەیە. وەها ڕێکخراوێک ئەوەندە پێویستی بە وەها ڕێکخراوێک هەیە، کە هەموو بارودۆخێکی دیکە، (ژمارەی ئەندامان، بژاردەکردنیان، ئەرکەکانیان و هیتر) دەبێت لەگەڵ ئەو مەرجەدا بێتەوە. بەم پێیە ترس لەو تۆمەتە کە ئێمەی سۆسیال دیموکراتێ دەمانەوێت ڕێکخراوێکی پیلانگێڕ پێکبێنین، گەورەترین ساویلکەییە. ئەو تۆمەتە دەبێت بۆ هەر دوژمنێکی ئێکۆنۆمیزمیش، وەکو تۆمەتی شوێنگرتنی «ستراتێژی نارۆدنیا وێلیا» دڵخواز بێت و پێمان خۆش بێت، چونکە نیشانیدەدات کە سەرکەوتوو بووین.

سکاڵامان لێدەکەن کە: لەوانەیە وەها هێزێکی بەهێز و بە تەواوی نهێنی، کە گشت جۆگەلە و ڕووبارەکانی هەڵسوڕانی نهێنی لەدەست خۆیدا تەرکیز بکات و بەپێی پێویستی ڕێکخراوێکی موتەمەرکیز، بە ئاسانی دەستبداتە

هێرشێکی نابەوەخت و بەبێ سووک و سەنگکردنی بارودۆخەکە بزووتنەوەکە هێرشی خۆی دەستپێبکات. لە کاتێکیشدا ئەم کارە بکات، کە پەرەسەندنی نارەزایەتی سیاسی و هێزی هەڵچوون و تووڕەیی چینی کرێکار و هێتر هێشتا پێویستی ئەو کارەی نەهێنابێتە گۆڕێ و نارەزایەتیەکان ئەوەندە گەشەیان نەکردبێت.

لە وەڵام بەم سکاڵایەدا دەبێت بڵێین کە: ئەگەر بە شێوەی گشتی قسە بکەین، هەڵبەت ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە لەوانەیە رێکخراوێکی تێکۆشەر بەبێ سووک و سەنگکردنی بارودۆخەکە دەستبداتە شەڕێکی نابەوەخت، لەوانەشە ئەو جەنگە شکستێکی لێبکەوێتەوە کە لە بارودۆخێکی دیکەدا و بە تۆزێک تێڕامان و هەڵسەنگاندنێکی درووست لە هاوسەنگی هێز پێش بەو هێرشە بگیرایە، بەڵام بۆ قسەکردن و رادەربڕین لەسەر وەها مەسەلەیەک ناتوانین تەنها بە تێبینی گشتی و ئینتزاعی قەناعەت بکەین، چونکە ئەگەر لەم روانگەیەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین، دەبێ بڵێین، کە هەر چەشنە خەباتێک ئەگەری شکستی هەیە و بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئەگەرە هیچ ئامرازێک شک نابەین، بێجگە لەوە کە بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی خۆمان رێکخراو بین، بەڵام ئەگەر ئەم کێشەیە بە شێوەی دیاریکراو لەسەر بارودۆخی روسیای ئێستا تاقی بکەینەوە، ئەوکات بەو دەرئەنجامە دەگەین کە بەبێ ئەملاو ئەولا رێکخراوێکی قورس و قایم پێویستە، بۆئەوەی بزووتنەوەکەمان بەردەوام بێت و تەنها شتێک کە دەتوانێت لە ئەگەری هێرشی ناوەخت بمانپارێزێت، وەها رێکخراوێکە.

ئێستا کە رێکخراوێکی وامان نییە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بە شێوەی خۆڕسک بە خێرایی گەشە دەکات، لە بەرامبەردا دوو ستراتێژی تووندڕەوانە دەبینین (کە لە کۆتاییدا هەردووکیان بەیەک دەگەن). جاروبار ئێکۆنۆمیزمی بێ پرەنسیپ و مەوعیزەی میانەڕەوی و جارووباریش «تیرۆری وروژێنەر» کە هەر

ئەوەندە بێ پرەنسیپە و هەوڵدەداتٔ «لە بزووتنەوەیەکدا کە خەریکە گەشە دەکاتٔ و قورس و قایم رادەوەستێتٔ، بەڵام هێشتا بە سەرەتای رێگە نزیکە تا بە کۆتایی، بە شێوەی ساختە، نیشانەکانی سەرهەڵدانی کۆتایی بوروژێنێتٔ» (بابەتی و. زاسۆلیچ لە رۆژنامەی «زاریا» ژمارەی 2–3 ل 353) "رابۆچیە دێلۆ"ش نیشانیدەداتٔ کە لە کاتی ئێستادا هەندێک سۆسیال دیموکراتٔ هەن کە لە بەرامبەر ئەو دوو ستراتیژەدا کۆڵدەدەن و لە خەباتٔ دژ بەو ستراتیژانە کۆڵدەدەن.

ئەم دیاردەیە بێجگە لە هۆکارەکانی دیکە، بەم بۆنەوە جێگای سەرسووڕمان نییە کە «خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەتٔ»، هەرگیز کەسی شۆڕشگێڕ بەو قەناعەتە ناگەیەنێتٔ و هەمیشە جاروبار تووندڕەوی لەیەک شوێندا و جاروبار لە جێگایەکی دیکەدا پەیدا دەبێتٔ، تەنها رێکخراوێکی ئێکۆشەری مونەمەرکیز، کە بە لەسەرەخۆییەوە سیاسەتی سۆسیال دیموکراتٔ بەڕێوەبباتٔ و بەناو گشتٔ غەریزەکان و مەیلی شۆڕشگێڕانە بەدیبێنێتٔ، دەتوانێتٔ ئەو بزووتنەوەیە لە هێرشی ناوەختٔ و گەزنەکراو بپارێزێتٔ و ئامادەکاری بۆ هێرشێک بکاتٔ کە موژدەبەخشی سەرکەوتن بێتٔ.

دواتر سکاڵامان لێدەکەن، کە بۆچوونێک سەبارەتٔ بە رێکخراو دەرمانبڕی، لەگەڵ «پرەنسیپی دیموکراتیک»دا نایەتەوە. بەهەر رادەیەک تۆمەتەکەی پێشوو تایبەتٔ بە کۆمەڵگەی روسیا بێتٔ، هەر بەو رادەیە ئەم نارەزایەتیە لایەنی دەرەکی هەیە و تەنها رێکخراوێکی دانیشتووی دەرەوە (یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا) دەتوانێتٔ وێڕای فەرمانەکانی دیکە، بە دەستەی نووسەرانی خۆی فەرمانی خوارەوە بداتٔ:

«پرەنسیپی رێکخراوەیی بە مەبەستی گەشەکردنی سەرکەوتووانە و یەکێتی سۆسیال دیموکراسی پێویستە، هەروەها پێویستیشە پرەنسیپی دیموکراتیکی

بەرین لە ڕێکخراوی حزبی سۆسیال دیموکراسیدا بەبیر بهێنرێتەوە، گەشەی پێبدرێت و لە ڕێگای بەدیهێنانیدا خەبات بکرێت، ئەمە بە تایبەتی بەو بۆنەوە پێویستە کە لە ریزەکانی حزبی ئێمەدا مەیلی دژە دیموکراتیک پەیدا بووە» («دووکۆنگرە» ل 18).

ئـەوەی کە "رابۆچیە دێلۆ" بە چ شێوەیەک لە دژی مەیلەکانی دژە دیموکراتیکی «ئیسکرا» خەبات دەکات»، بابەتێکە کە لە بەشی داهاتوودا دەیدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئێستا ئەم «پرەنسیپ»ە کە ئێستا لەلایەن ئێکۆنۆمیستەکانەوە دێتە گۆڕێ، لە نزیکەوە دەدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. پێدەچێت هەمووان لەگەڵ ئەوەدا هاوڕا بن، کە دوو مەرجی خوارەوە پێویستی «بنەمای دیموکراتیکی بەرین»ن: یەکەم، حزب بە تەواوی بە ئاشکرا هەڵسوڕان بکات و دووەم، هەموو بەرپرسانی حزب لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێنەسەر کار. بەبێ ئاشکرابوونێک کە تەنها بە ئەندامانی ڕێکخراو قەتیس نەبێتەوە، هەر چەشنە قسەیەک سەبارەت بە دیموکراسی جگە لە گاڵتەجاڕ هیچی تر نییە. ئێمە ڕێکخراوی حزبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا بە دیموکراتیک دەزانین، چونکە گشت کارەکانی تەنانەت کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی حزبیش بە ئاشکرا بەڕێوە دەچێت، بەڵام هیچکەس وەکو ڕێکخراوێکی دیموکراتیک ناو لە ڕێکخراوێک ناهێنێت، کە بەنهێنی کار دەکات. ئێستا پرسیار ئەوەیە: ئایا هێنانەگۆڕی «بنەمای دیموکراتیکی بەرین» لە حاڵێکدا کە مەرجی بنەڕەتی ئەو بنەمایە بۆ ڕێکخراوی نهێنی قابیلی ئیجرا نییە، چ مانایەکی هەیە؟ لەم حاڵەتەدا، «بنەمای بەرین» تەنها دەبێتە رستەیەکی پڕ و پووچ و بێ بنەما. بێجگە لەوە، ئەو قسەیە نیشانەی ئەوەیە، کە بە هیچ شێوەیەک لە ئەرکە گرنگەکانی کاتی ئێستا لەسەر مەسەلەی ڕێکخراو حاڵی نەبووە.

هەمووان دەزانن کە ڕەچاو نەکردنی بنەماکانی نهێنیکاری لەنێو جەماوەری «بەرین»ی شۆڕشگێڕانی وڵاتی ئێمەدا چ ئاستێکی گەورەی بەخۆیەوە گرتووە. دیتمان کە (ب-ئێف) بە چ گەرموگوڕییەکەوە لەوە سکاڵا دەکات و بە ڕاستیش بە دروستی خوازیاری ئەوەیە «لە هەڵبژاردنی ئەندامەکاندا دیقەتێکی تەواو بکرێت» (رابۆچیە دێلۆ، ژمارە 6، ل 42). سەرەڕای ئەوە کەسانێک پەیدا دەبن و لە «تێگەیشتوویی ژیان»ی خۆیان هاشەو هوشە دەکەن، کە لە وەها بارودۆخێکدا لەسەر نهێنیکاری تەواو و هەڵبژاردنی ورد (بەم پێیە بەرتەسکتری) پێداگرییان نەکردووە، بەڵکو لەسەر «پرەنسیپی دیموکراتیکی بەرین» پێداگری دەکەن. بە ڕاستی کە کون و کەلەبەری دوعا دا ونبووە.

سەبارەت بە نیشانەی دووەمی دیموکراسی، واتا هەڵبژێردراوی بەرپرسانی حزبیش هەر بەم چەشنەیە. لەو وڵاتانەی کە ئازادی سیاسی هەیە، ئەم مەرجە خۆی لەخۆیدا ڕوون و ئاشکرایە. خاڵی یەکەمی پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا دەڵێت «هەر کەسێک کە پرەنسیپەکانی بەرنامەی حزب قبووڵ بکات و بەقەد توانایی خۆی پشتیوانی لە حزب بکات، ئەندامی حزب بەئەژمار دێت» و بەو بۆنەوە، کە تەواوی گۆڕەپانی سیاسەت وەکو ساحەی شانۆ لەبەردەم هەموو بینەراندا کراوەیە، هەر بۆیە ئەم وەرگرتن یان وەرنەگرتنە، ئەم پشتیوانی یان دژایەتیکردنە بۆ هەمووان و هەر کەس چ لە ڕۆژنامەکان و چ لە پەرلەمانەکانی گشتی، ڕوونە. هەمووان دەزانن، کە فڵانە سیاسەتوان هەڵسوڕانی لە فڵانە شوێنەوە دەستپێکردووە، فڵانە ڕێگەی تەواوکاری بڕیوە، لە کات و ساتە دژوارەکاندا فڵانە کاری کردووە و بەگشتی خاوەنی فڵانە تایبەتمەندیە و بەم بۆنەوە گشت ئەندامانی حزب، کە بەباشی دەیناسن بۆ پیشەیەکی دیاریکراوی حزبی هەڵیبژێرن یان نا.

چاودێری گشتی (گشتی بەواتای راستەقینەی وشەکە) لەسەر ئەندامی حزب لەهەر هەنگاوێکدا، کە لەگۆڕەپانی هەڵسووڕانی سیاسیدا هەڵیدەگرێت، دامودەزگایەکی ئۆتۆماتیک پێکدەهێنێت کە بەرهەمەکەی هەر ئەو شتەیە، کە لە بیۆلۆژیادا «مانەوەی باشتر»ی پێدەڵێن. «بـژاردەی سروشتی» کە لەژێر سێبەری ئاشکرابوونی تەواو و هەڵبژێردراوبوون و چاودێری گشتیدا بەڕێوە دەچێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر کەسێک سەرئەنجام «لە جێگای شایستەی خۆی» دابنرێت، کارێک بکات، کە زۆرتر لەگەڵ وزە و لێهاتووییەکانیدا دێتەوە، گشت دواهاتەکانی هەڵەکانی لەسەر شانی هەست پێبکات و لەبەرچاوی هەمووان‌دا بیسەلمێنێت، کە دەتوانێت دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت و بیکاتە مەشغەڵی داهاتووی.

ئێستا بێننە بەرچاوی خۆتان هەر ئەم رەوتە لە چوارچێوەی رژێمی ئیستبدادی ئێمەدا بەڕێوە بچێت! ئایا ئەوە ئیمکانی هەیە، کە لە وڵاتی ئێمەدا گشت «ئەو کەسانەی بنەماکانی بەرنامەی حزب قبووڵدەکەن و بەقەد توانای خۆیان پشتیوانی لە حزب دەکەن» هەقی ئەوەیان هەبێت چاودێری هەر هەنگاوێک بکەن، کە تاکێکی شۆڕشگێڕ هەڵیدەگرێت؟». گشتیان لەنێو ئەم شۆڕشگێڕە نهێنییانەدا فلانە کەس هەڵبژێرن، ئەوە لە دۆخێکدایە کە بەرژەوەندی کاری شۆڕشگێڕانە کەسی شۆڕشگێڕ ناچار دەکات کەسایەتی خۆی لە نۆ لەسەر دەی ئەم «هەمو کەسە» بشارێتەوە؟ تۆسقاڵێک لەسەر واتای راستەقینەی ئەو وشە بریقەدارانەی کە "رابۆچیە دێلۆ" بەکاری دەبات، تێڕامان بکەن، ئەو کات بۆتان ڕووندەبێتەوە، کە «دیموکراتیزمی بەرین»ی رێکخراوی حزبی لەژێر ئاگر و ئاسنی ئیستبداد و لە بارودۆخێکدا، کە ژاندارمەکان کەسانی شۆڕشگێڕ هەڵدەبژێرن (دەیانگرن)، تەنها یاریەکی پڕوپووچ و زیانبەخشە و بێجگە لە زیان هیچی بۆ بزووتنەوەکەمان بەدواوە نابێت.

ئەمە یاریەکی پووچە، چونکە لەجیهانی واقیعدا هیچ رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ، هەرگیز دیموکراتیزمی بەرینی (تەنانەت سەرەڕای مەیلی راستەقینەی خۆی) بەڕێوە نەبردووەو ناتوانێت بەڕێوەی ببات.

ئەمە یاریەکە تەنها زیانمان پێدەگەیەنێت، چونکە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی «پرەنسیپی دیموکراتیکی بەرین» تەنها کاری پۆلیس ئاسانتر دەکاتەوە، بۆئەوەی شۆڕشگێڕانی زۆرتر بخاتە داوی خۆیەوە و بیانگرێت. بەو پێیە وردەکاریەک کە ئەمڕۆکە باوە هەتا هەتایی دەبێنەوە و بیروڕای پڕاتیسیەنەکانیش لە ئەرکی جیدی و هەنوکەییان، کە دەبێت خۆیان وەکو شۆڕشگێڕێکی پیشەیی باربێنن، لادەدات و بە دارشتنی پێڕەوی ناوخۆی دوورو درێژ «لەسەر کاغەز» دەربارەی سیستەمی هەڵبژاردنەکان سەرقاڵیان دەکات. تەنها لە دەرەوە کە زۆربەی ئەو کەسانە لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە، کە پەیداکردنی کارێکی درووست و حیسابی و بە رۆح بۆیان دژوارە، ئەو «یاری دیموکراسیە» توانیویەتی لە هەندێک شوێنداو بە تایبەتی لەنێو چەند گرووپێکی بچوکی جۆربەجۆردا گەشە بکات.

بۆ ئەوەی تەواوی قیزەونیی شێوەی جێگای پەسەندی "رابۆچیە دێلۆ" کە زۆر حەزی لەوەیە «بنەمای» خۆش رواڵەتی وەکو دیموکراتیزم لە کاری شۆڕشگێڕانە بهێنێتە ئاراوە، بە خوێنەر نیشانبدەم، دیسانەوە شایەتێک دێنمەوە. ئەم شایەتە (ی. سێربێریاکۆف) سکرتێری گۆڤاری «ناکانونە» چاپی لەندەنە، کە حەزێکی زۆی لە "رابۆچیە دێلۆ"یە و نەفرەتێکی زۆری لە پلێخانۆف و «پلێخانۆفەکان» هەیە. «ناکانونە» لە بابەتەکانی خۆیدا سەبارەت بە جیابوونەوەی «یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا» دانیشتووی دەرەوەی وڵات، بە جیدی لایەنی "رابۆچیە دێلۆ"ی گرتووە و بە دنیایەک قسەی ناشیرین هێرشی کردۆتە سەر پلێخانۆف، بەڵام بەم حاڵەشەوە، بایەخی وەها شایەتێک

لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆرە. لە ژمارەی حەوتی گۆڤاری «ناکانونە» (ژووئیەی ساڵی 1899) لە بابەتێکدا لەژێر ناوی «بە بۆنەی بەیانیەی گرووپی ئازادی کرێکاران بەدەستی خۆی» . سێربێریاکۆف بە شێوەیەکی قیزەون ئاماژەی بە هێنانەگۆڕی بابەتەکانی «پەیوەندیدار بە خۆهەڵفریواندن و گرنگیپێدان و کێشەی بە ناوی ئارئۆپاژ لە بزووتنەوەی جیدی کرێکاری» کردووە و لە هەمانکاتدا نووسیویەتی:

«میشکین، رۆگاچۆف، ژۆلیابۆف، میخایلۆف، پیرفسکایا، فیگنێر و کەسانی دیکە هیچکاتێک خۆیان بەپێشەوا ئەژمار نەدەکردو هیچ کەسیش ئەوانی هەڵنەدەبژارد، ئەگەرچی ئەوان لە جیهانی واقیعدا وەها کەسێک بوون، چونکە چ لەقۆناغی راهێنان و چ لەقۆناغی خەباتی لەدژی حکومەتدا، ئەوان بەشی هەرە زۆری قورسایی کارەکەیان لەسەرشان بوو، بۆ پڕ مەترسیترین شوێنەکان دەچوون و هەڵسوڕانیان لە هەمووان کاریگەرتر بوو. پێشەوابوونی ئەوانیش لە ئاکامی ئەو مەیلەدا بەدەست نەهاتووە، بەڵکو لە ئاکامی متمانە و بڕوای هاوڕێیانی دەوروبەر بە عەقڵ، وزە و ئەمەکناسی ئەوان بەدەستهات، بەڵام ترس لە فڵانە ئارئۆپاژ (ئەگەر ترس لە گۆڕێدا نییە، ئیتر نوسین لەو بارەیەوە چ پێویستیەکی هەیە) کە نەکات لەگەڵ هەڵسوڕانی بزووتنەوەکەدا ئیدارە بکرێت، ئیتر لەرادە بەدەر ساوێلکانەیە. کێ گوێ لە قسەی ئەوان دەگرێت؟.

ئێمە لە خوێنەر دەپرسین «ئارئۆپاژ» لەگەڵ «مەیلە دژە دیموکراتیکەکان»دا چ جیاوازیەکی هەیە؟ مەگەر روون و ئاشکرا نییە، کە بنەمای رێکخراوی «خۆش رواڵەتی» "رابۆچیە دێلۆ"ش کە بەمشێوەیە هەم ساوێلکانەیە و هەم جێگای شەرمەزاریە، ساوێلکانەیە، چونکە تا کاتێک کە «هاوڕێیانی دەوروبەری بە عەقڵ، وزە و ئەمەکناسی ئەوان» متمانەیان نەبێت، هیچ کەسێک گوێ لە قسەی «ئارئۆپاژ» یان کەسایەتیەک کە «مەیلی دژە دیموکراتیک»یان هەیە،

ناگرێت. جێگای شەرمەزاریە، چونکە هەڵسوکەوتێکی دەمارگرژانەیە کە لە ناوبانگ پەرەستی دەستەیەک، لە ئاشنا نەبونی دەستەیەکی دیکە لەگەڵ بارودۆخی راستەقینەی بزووتنەوەکەمان و لە نەبونی ئامادەیی و ئاشنابوونی دەستەی سێیەم لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بە شێوەیەکی خراپ کەڵک وەردەگرن.

تاقە پرەنسیپی رێکخراوەیی بۆ بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەی ئێمە دەبێت بریتی بێت لە: نهێنیکاری زۆر، دیاریکردنی زۆر وردی ئەندامان و ئامادەکردنی شۆڕشگێڕانی شارەزا و پیشەیی. ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانە بوونی هەبێت، شتێکی دیکەش دابیندەبێت، کە لە»دیموکراتیزم» بەرزترە و ئەویش: باوەڕ و متمانەی بە تەواوەتی هاوڕێیانەی شۆڕشگێڕان لەنێو خۆیاندایە و ئەم بابەتە بۆ ئێمە پێویستیەکی حاشاهەڵنەگر و چارەنووسسازی هەیە، چونکە لە روسیای ئێمەدا ناتوانین چاودێری دیموکراتیکی گشتی بە جێگای دابنێین. ئەگەر پێتان وابێت، کە نەبوونی ئیمکانی چاودێری راستەقینەی «دیموکراتیک»، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی رێکخراوی شۆڕشگێڕ لەژێر چاودێریدا نەبن، تووشی هەڵەیەکی گەورە بوون: هەڵبەت ئەوان کاتی ئەوەیان نییە کە لەسەر شێوەکانی یاری دیموکراتیزم (دیموکراتیزم لەنێو شانەیەکی لێکهەڵپێکراو لە کەسانێک کە متمانەی تەواوییان بە یەکتری هەیە)، بیر بکەنەوە، بەڵام هەستکردن بەپرسارێتی لە ناویاندا زۆر بەهێزە و لە هەمانکاتدا لەرووی ئەزمونەوە بۆیان روونە، کە رێکخراوی شۆڕشگێڕانی راستەقینە، بۆئەوەی کە ئەندامێکی ناشایست لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، لە هیچ چەشنە ئامرازێک خۆی نابوێرێت. بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا بیروڕایەکی گشتی پەیوەندیدار بە شوێنی شۆڕشگێڕانەی روسیا ( نێونەتەوەیی بوونی) هەیە کە بەقەد پێویست گەشەی کردووە و خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژە و هەر چەشنە لادانێک لە ئەرکی هاوڕێیەتی بە دڵڕەقیەکی بێ ئامان

سزادەداث («دیموکراتیزم»یش، دیموکراتیزمی راستەقینە، نەک یاریەک وەکو بەشێک لە گشتێک، لەنێو واتای ئەو هاوڕێیەتیەدا دەگونجێث!). گشث ئەوانە لەبەرچاو بگرن ئەوکاث بۆنی گەنی ژەنراڵبازی کۆچبەرانی دانیشتوی دەرەوە لەو وتوویژ و بڕیارنامانە سەبارەث بە «مەیلی دژە دیموکراتیک» هەسث پێ دەکەن!

دەبێث ئەوەش بڵێین، کە سەرچاوەیەکی دیکەی ئەم جۆرە وتوویژانە، واتا ساوێلکەییش لە تێکەڵ و پێکەڵی بۆچوونەکان، سەبارەث بە دیموکراسی سەرچاوەدەگرێث. لە کتێبی (زوجین وێبدا)، بەشێکی سەرنجڕاکێش لەژێر ناوی «دیموکراسی سەرەتایی» سەبارەث بە تریدیۆنیۆنەکانی ئینگلیز هەیە. نووسەر لەو کتێبەدا ئەوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن کرێکارانی ئینگلیز لە سەرەتای سەردەمی پێکهاتنی یەکێتیە کرێکارییەکانی خۆیاندا، نیشانەی دیموکراسیان بەوە دەزانی، کە تەواوی کارەکانی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتیکردنی یەکێتییەکان بە گشث ئەندامان بسپێرن: نەک تەنها گشث کێشە و مەسەلەکان لە رێگەی وەرگرتنی دەنگ لە هەموو ئەندامانەوە چارەسەر دەبوو، بەڵکو ئەندامان بە نۆبە پیشەکانیان بەڕێوە دەبرد.

تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژی مێژوویی، پێویسث بوو بۆ ئەوەی کرێکاران لە بێئاکامبوونی ئەم چەشنە بۆچوونانە سەبارەث بە دیموکراسی و پێویستی دامەزراوەکانی نوێنەرایەتی لەلایەکەوە و کەسانی خاوەن پیشەی حیرفەیی لە لایەکی دیکەوە تێبگەن. پێویستی دەکرد چەندین جار سندوقەکانی یەکێتی مایەپووچ دەربچن، بۆئەوەی کرێکاران لەوە تێبگەن، کە بابەتی هاوسەنگی نێوان دانی مافی ئەندامێتی و وەرگرتنی کۆمەک و خەرجی، تەنها لە رێگەی وەرگرتنی دەنگی دیموکراتیکەوە چارەسەر ناکرێث، بەڵکو رادەربڕینی پسپۆڕی کاروباری بیمەش بۆ ئەو کارە پێویستە، پاشان کتێبی

کائۆتێسکی سەبارەت بە سیستەمی پەرلەمانی و یاسادانانی نەتەوەیی هەڵگرن. ئەوسا بۆتان دەردەکەوێت، کە دەرئەنجامەکانی تیۆریسیەنێکی مارکسیست لەگەڵ وانەیەک، کە لە کردەوەی چەندین ساڵەی کرێکارانێکدا کە «بە شێوەی خۆڕسک» یەکیاندەگرت دێتەوە.

ئەو دەرئەنجامانەی کە تیۆرسێنێکی مارکسیست لە تیۆریدا پێیگەیشتووە، کرێکارێکیش لە رەوتی پراتیکدا هەر بەو دەرئەنجامانە گەیشتووە. کائۆتێسکی لە دژی ئەو شێوە سەرەتاییە کە (رینینگ هائۆزێن) لە دیموکراسی حاڵی بوو، بە جیدی رەخنەی لێدەگرێت. ئەو گاڵتە بەو کەسانە دەکات، کە بە بۆنەی ئەو دیموکراسیەوە ئامادەن خوازیاری ئەوە بن، کە «گۆڤارەکانی جەماوەری بە شێوەی راستەوخۆ لەژێر چاودێری جەماوەردا بنووسرێن». کائۆتێسکی پێویستی بوونی رۆژنامەنووسانی شارەزاو پرۆفیشناڵ و پەرلەمانتار و هیتر بۆ رێبەری سۆسیال دیموکراتیکی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا دەسەلمێنێت و هێرشدەکاتە سەر «سۆسیالیزمی ئانارشیستەکان و ئەدیبان» کە «بۆ پێکهێنانی کاریگەری» بە باڵای یاسادانانی راستەوخۆی خەڵک هەڵدەگوتن و نازانن، کە بابەتی بەکارهێنانی ئەوان لە کۆمەڵگەی ئێستادا سنوردارە.

کەسێک کە لە بزووتنەوەی ئێمەدا بە کردەوە کاریکردبێت، لەوە ئاگادارە کە تیۆری «سەرەتایی» سەبارەت بە دیموکراسی، تا چ رادەیەکی بەرین لەنێو جەماوەری لاوانی خوێندکار و کرێکاردا باوە. جێگای سەرسووڕمان نییە کە ئەو تیۆریە، هەم لە پێڕەوی ناوخۆ و هەم لە گۆڤارەکاندا رەخنەی کردووە. ئێکۆنۆمیستەکانی بێرنیشتاینیست لە پێڕەوی ناوخۆی خۆیاندا نوسیبوویان: «خاڵی 10»: گشت ئەو کارانەی کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشت رێکخراوی یەکێتیەوە هەیە، بە دەنگی زۆرینەی هەرەزۆری ئەندامان چارەسەر دەبێت». ئێکۆنۆمیستەکانی تیرۆریستیش هاوڕا لەگەڵ ئەواندا دەڵێن: «پێویستە بڕیارەکانی

ئەو کۆمیتەیە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵەکانەوە تێپەڕ بێت و تەنها پاش ئەوە ببێتە بڕیاری راستەقینە»، («سوابدا» ژمارە 1 ل 67).

سەرنجبدەن کە ئەو داواکاریە بۆ بەڕێوەبردنی بەرینی هەڵبژاردنەکان، بێجگە لە داواکاری بونیاتنانی گشت رێکخراو لەسەر بنەمای هەڵبژاردن هاتۆتە ئاراوە! هەڵبەت بە هیچ شێوەیەک لەبیری ئەوەدا نین ئەو پڕاتیسیەنانەی کە مەجالێکی زۆر کەمیان بۆ ئاشنابوون لەگەڵ تیۆری و کردەوەی ئەو رێکخراوانە بووە کە بەراستی دیموکراتیک بـوون، سەرزەنشت بکەین. بەڵام کاتێک "رابۆچیە دێلۆ" کە دیعایەی ئەوە دەکات رۆڵی رێبەرایەتی دەگێڕێت، لەوەها بارودۆخێکدا بەدەرکردنی بڕیارنامەی پەیوەندیدار بە پرەنسیپی دیموکراتیکی بەرین قەناعەت دەکات. چۆن دەکرێت بڵێین کە ئەو کردەوەیە تەنها «بۆ دانانی کاریگەری» بووە؟

### و) کاری ناوچەیی و کاری سەرانسەری (روسیا)

ئەگەر ئەو نارەزایەتیانەی بەرانبەر بە نەخشەی شیکراوەی رێکخراوەکەمان سەبارەت بە دیموکرات نەبوون و لایەنی پیلانگێڕانەی ئەو رێکخراوە بە تەواوی بێبنەمایە، کێشەیەک دەمێنێتەوە کە زۆرجار دێتە گۆڕێ و شیاوی ئەوەیە بە تەواوی بدرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی روونبکرێتەوە. ئەم کێشەیە پەیوەندی بە هاوسەنگی کاری ناوچەیی لەگەڵ کاری سەرانسەری روسیاوە هەیە. دەڵێن ئایا رێکخراوی خاوەن پێگە نابێتە هۆی ئەوەی کە قورسایی کاری ناوچەیی بگوازرێتەوە بۆ کاری سەرانسەری؟ ئایا ئەم بابەتە قورس و قایمی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ جەماوەری کرێکاران و بە گشتی بەردەوامی بانگەشەی ناوچەیی لاواز ناکات و بەمشێوەیە زیان بە بزووتنەوەکەمان ناگەیەنێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین کە رێک بە پێچەوانەیە،

بزووتنەوەی ئەم ساڵانەی دواییمان بەو بۆنەوە، کە هەڵسوڕاوانی ناوچەیی لەرادە بەدەر نوقمی کاری خۆجێیی بوون، زەرەر و زیانی پێدەگاتن. هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە پێویستە، کە ناوەندی قورساییەکە تۆزێک بگوازرێتەوە بۆ کاروباری سەرانسەری روسیا. ئەوە بەهیچ شێوەیەک قورسایی پەیوەندییەکانمان و بەردەوامی بانگەشەی ناوچەییمان لاواز ناکاتن، بەڵکو هەردووکیان بەهێز دەکاتن.

ئێستا دەپەرژێنە سەر لێکۆڵینەوە لەسەر ئۆرگانی ناوەندی و ئۆرگانەکانی ناوچەیی و تکا لە خوێنەر دەکەین، کە بابەتی رۆژنامە بۆ ئێمە تەنها نمونەیەکە، کە هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەی لەرادە بەدەر بەرین و هەمەلایەنە بە گشتی دەهێنێنە بەرچاو.

لە قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەی جەماوەریدا (ساڵەکانی 1896–1898) لەلایەن هەڵسوڕاوانی ناوچەییەوە هەوڵدەدرا کە «رابۆچایا گازتا» وەکو ئۆرگانێک بۆ سەرانسەری روسیا دیاری بکرێتن. لە قۆناغی دواتردا، (1898–1900) بزووتنەوە هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشەوە دەنێتن، بەڵام سەرنجی هەڵسوڕاوان بەگشتی تەرکیزی کردۆتە سەر ئۆرگانەکانی ناوچەیی. ئەگەر گشتن ئەو ئۆرگانە خۆجێییانە بە ئەژمار بێنین ئەوکاتن بۆمان روونەبێتەوە، کە بەپێی ئاستی مامناوەند، مانگانە یەک ژمارەیان لێ بڵاوکراوەتەوە. مەگەر ئەمە نیشانەیەکی روون لە وردەکاریمان پێ نیشاننادان؟ ئایا ئەم بابەتە دواکەوتنی رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانمان لە هەڵچوونی خۆڕسکی جەماوەری بە گشتی نیشان نـادان؟ ئەگەر ئەو (30) ژمارە رۆژنامە لەلایەن گرووپی پەرش و بڵاوی ناوچەییەوە بڵاو نەکرابایەتەوە، بەڵکو لەلایەن رێکخراوێکی یەکگرتووەوە بڵاوبکرایەتەوە، نەک تەنها دەمانتوانی هێزێکی زۆر پاشەکەوتن بکەین، بەڵکو بەردەوامی و درێژەی کاریشی بەوپەڕی ئاستی خۆی دەگەیشتن.

ئەم ئێبینیانە، چ لەلایەن ئەو پراتیسیەنانەوە، کە تەنها بۆ ئۆرگانەکانی ناوچەیی هەڵسوڕاوانە کاردەکەن (بە داخەوە ئێستا لە زۆربەی بابەتەکاندا بەو شێوەیە) و چ ئەو نوسەرانەی کە لەو بابەتەدا (دۆن کیشۆت) ئاسا خۆیان دەنوێنن، زۆر کاتێ لەبەرچاوی خەڵک دەشارنەوە. پراتیسیەنێک بەو ئێبینیە قەناعەت دەکات، کە بۆ هەڵسوڕاوی ناوچەیی «دژوارە» هەوڵی خۆی بۆ بەرپاکردنی رۆژنامەیەکی سەرانسەری روسیادا تەرخان بکات و دەڵێن باشتروایە کە لانیکەمەکەی رۆژنامەیەکی ناوچەیی بێت، گوایە ئەوە لەوە باشترە، کە هیچ رۆژنامەیەک نەبێت.

ئەو قسەیە بە تەواوی دروستە و لە دانپێدانان بەوەی کە رۆژنامەی ناوچەیی بەگشتی، گرنگیەکی زۆر و قازانجێکی زۆری هەیە، ئێمە لە هیچ پراتیسیەنێک دواناکەوین، بەڵام قسە لەسەر ئەوە نییە، بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە، کە ئایا ناکرێت لەپەرش و بڵاوی و وردەکاریەک، کە بەو روونیەوە لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا لە (30) ژمارەی رۆژنامەی ناوچەیی لە سەرانسەری روسیادا بەرچاوە، رزگارمان بێت.

بەو قاعیدە بێ ئەملاو ئەولا، بەڵام بە زۆری گشتیە سەبارەت بە قازانجەکانی گۆڤارەکانی ناوچەیی بەگشتی قەناعەت مەکەن، بەڵکو شەهامەتتان بێت، بە راشکاوی دان بەو لایەنە نێگەتیڤانیشەدا بنێن، کە لە ماوەی تاقیکردنەوەی دوو ساڵ و نیودا سەریانهەڵداوە. ئەم تاقیکردنەوەیە شایەتێکی زیندوو بۆ ئەوەیە کە گۆڤارەکانی ناوچەیی لە بارودۆخی ئێستادا لە زۆربەی بابەتەکاندا بنەمایەکی ناسەقامگیریان هەیە، لە بواری سیاسیەوە گرنگیەکی ئەوتۆیان نییە و لەبواری تەرخانکردنی هێزی شۆڕشگێڕەوە زۆر گران تەواو دەبن و ( هێزێکی زۆر بەخۆیانەوە خەریک دەکەن) و لەبواری تەکنیکیشەوە، بە هیچ شێوەیەک جێگەی رەزامەندی نین (ئاساییە رای من سەبارەت بە تەکنیکی چاپ نییە،

بەڵکو ژمارە و نەزم لە چاپکردنیاندایە). هیچکام لەو کەموکوڕییانەی باسمانکرد بە هەڵکەوت نییە، بەڵکو دەرئەنجامی چارەهەڵنەگری پەڕشوبڵاویەکە کە لە لایەکەوە هۆکاری زاڵبوونی گۆڤارەکانی ناوچەیی لە قۆناغی جێگای باسی ئێمەدایە و لە لایەکی دیکەوە ئەو زاڵێتیە بەهێز دەکات.

لە راستیدا لە توانای رێکخراوێکی پەرش و بڵاوی خۆجێییدا نییە، کە بتوانێت رۆژنامەکەی خۆی بەردەوام رابگرێت و هەتا بناغەی ئۆرگانێکی سیاسی گەشەی پێبدات، ئەوە لە توانای رێکخراوێکی بەو جۆرە بەدەرە، کە بتوانێت بۆ روونکردنەوەی گشت ژیانی سیاسیمان بەڵگەی پێویست کۆبکاتەوە و کەڵکی لێوەربگرێت، بەڵام ئەو هۆکارانەی کە بۆ بەرگریکردن لە پێویستی گۆڤاری جۆراوجۆری خۆجێیی لە وڵاتانی ئازاددا بەکاردەبرێت (ئەوانەی باس لەوە دەکەن کە ئەگەر ئەو گۆڤارانە لەلایەن کرێکارانی خۆجێییەوە چاپ بکرێت، هەرزانتر تەواو دەبێت و هەواڵەکەش خێراتر و رێکوپێکتر بە خەڵکی ناوچەکە دەگەیەنێت). ئەزمونەکانی تا ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا رەتیدەکەنەوە. ئەو گۆڤارانە لە بواری بەکارهێنانی هێزی شۆڕشگێڕانەوە زۆر گران تەواو دەبن و هێزێکی زۆر بە خۆیانەوە خەریک دەکەن و بڵاوبوونەوەیان بە تایبەتی بێوێنەیە و ئەویش بەو هۆکارە ساکارەوە کە بۆ رۆژنامەیەکی نهێنی، بە هەر رادەیەکیش بچوک بێت، دەزگایەکی شاراوەی ئەوتۆ پێویستە، کە پێویستی بە پیشەسازی گەورەی فابریکی هەیە، چونکە لە کارگەی دەستیدا ناتوانین وەها دەزگایەک ئامادە بکەین. ئەگەریش دەزگای شاراوە سەرەتایی بێت، لە زۆر بابەتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە (هەر پراتیسیەنێک لەم چەشنە نموونانە زۆر دەزانێت) پۆلیس لە چاپ و بڵاوکردنەوەی یەک، یان دوو ژمارە بۆ گورز وەشاندن و شکستێکی بەرین لەبزووتنەوە کەڵک وەربگرێت و هەموو شتێک بسڕێتەوە.

ئاکامی ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە دەبێت کارەکە سەرلەنوێ دەست

پێ بکەینەوەو بگەڕینەوە بۆ نوکەکەی. پێویستی دەزگایەکی نهێنی باش ئەوەیە کە شۆڕشگێڕان ئامادەیی و شارەزایی باشیان هەبێت و کار بەشێوەیەکی بە تەواوی رێکوپێک لە نێو شۆڕشگێڕاندا دابەشبکرێت، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هیچکام لەو دوو تایبەتمەندییە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی رێکخراوێکی جیاوازی ناوچەییدا نییە و ناگونجێت، بەهەر رادەیەکیش کە لەکاتی ئێستا ئەو رێکخراوە بەهێزبێت. جیاواز لە قازانج و بەرژەوەندی گشتی هەموو بزووتنەوەکەی ئێمە (بارهێنانی سۆسیالیستی و سیاسی لە بواری پرەنسیپیەوە کۆڵنەدەری کرێکاران)، تەنانەت لە بابەتی بەرژەوەندی تایبەتی خۆجێییشەوە ئەوەی دەتوانێت باشتر خزمەت بکات، ناوەندەکانی ناوچەیی نییە: ئەگەر ئەمە لە رواڵەتدا وەکو دژکار و پارادۆکسێک بێتەبەرچاو، تەنها لە روانینی یەکەم و لە رواڵەتدایە، ئەگینا لە کردەوەدا تاقیکردنەوەی دوو ساڵ و نیوی رابردوو، کە لە سەرەوە باسمانکرد، بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەو راستیەی پشتڕاست کردۆتەوە.

هەموو کەسێک لەسەر ئەوە کۆکە، کە ئەگەر گشت ئەو هێزە ناوچەییانەی کە 30 ژمارە رۆژنامەیان بڵاوکردۆتەوە، لەسەر رۆژنامەیەک کاریان بکردایە، ئەو رۆژنامەیە دەیتوانی بەئاسانی 60 ژمارە، تەنانەت سەد ژمارەش بداتە دەرەوەو لەئاکامدا گشت تایبەتمەندیەکانی ناوچەیی بزووتنەوەکە بە شێوەیەکی هەمەلایەنەتر بڵاودەکاتەوە. گومان لەوەدا نییە، کە وەها رێکخستنێک ئاسان نییە، بەڵام لە کۆتاییدا پێویستە ئەو زەرورەتـە هەست پێبکەین، پێویستە کە هەر کۆڕ و کۆمەڵێکی خۆجێیی سەبارەت بەو بابەتە زیاتر بیربکاتەوە و هەڵسوڕاوانە کار بکات و چاوەڕوانی تەکان و گوژم لە دەرەوە نەبێت و فریوی ئەوە نەخوات کە ئۆرگانی خۆجێیی لەبەردەست و لە نزیکیدایە، ئۆرگانێک کە بەپێی ئەزمونی شۆڕشگێڕانەمان، زیاتر لە خۆشباوەڕیەکی ساویلکانە، هیچی تر نییە.

ئەو نوسەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەش، کە زیاتر لە هەمو کەسێک خۆیان بە پڕاتیسیەنەکان نزیک دەزانن و ئەو خۆشباوەڕیە ساویلکانەیە نابینن و بە بەڵگەهێنانەوەی پڕوپووچ سەبارەت بەوەی، کە هەم ڕۆژنامەی ناوەند پێویستە، هەم ڕۆژنامەی ناوچەیی و هەم ڕۆژنامەیەک بۆ سەرانسەری روسیا، کێشەکە لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە و خزمەتێکی خراپ بە کاری کردەیی دەکەن. ئاساییە گشت ئەوانە بە گشتی پێویستە، بەڵام کاتێک مرۆڤ بۆ چارەسەری کێشەیەکی ڕێکخراوەیی دەستبەکاردەبێت، دەبێت بیر لە هەلومەرجی کاتی و شوێنیش بکاتەوە، ئایا بەراستی ئەمە یاری دۆنکیشۆتی نییە کە کاتێک «سوابدا» (ژمارە 1 ل 68) بە تایبەتی «کێشەی ڕۆژنامە دەداتە بەرباس و لێکدانەوە» دەڵێت: «بە باوەڕی ئێمە هەر شوێنێکی گرنگ کە کرێکاران لەوێدا گردوکۆ ببنەوە، دەبێت ڕۆژنامەیەکی کرێکاری هەبێت، نەک ئەوەی کە لە جێگایەکەوە ڕۆژنامەی بۆ هێنرابێت، بەڵکو بە تایبەتی خۆی دەریهێنابێت». ئێستا کە ئەو ڕۆژنامەنووسە نایەوێت بیر لە مانای قسەکانی بکاتەوە، لانیکەم خوێنەر بە جێگای ئەو تێڕامان بکات: دەیان و بەڵکو سەدان «شوێنی گرنگ کە کرێکاران تێیدا گردوکۆ دەبنەوە، لە روسیادا هەیە، بەمشێوەیە دەبینن ئەگەر بەراستی هەر ڕێکخراوێکی ناوچەیی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆی بڵاو بکاتەوە، چۆن وردەکاری ئێمە هەتا هەتایی دەبێت! ئەم پەرش و بڵاویە چەندە ئەرکی ژاندارمەکانیان ئاسان دەکـردەوە و کارێکی دەکرد کە بێئەوەی زەحمەتێکی ئەوتۆ بە خۆیان بدەن هەر لە سەرەتای هەڵسوڕانی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامانەوە دەستبەسەرییان بکەن و دەرفەتی ئەوەیان پێنادەن لە نێویاندا شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی خۆیان دەرخەن!. نوسەر قسەکانی خۆی درێژە پێدەدات و دەڵێت کە لە ڕۆژنامەی تایبەت بە سەرانسەری روسیادا روونکردنەوە و

لەقاودانی کردەوەی چەوسێنەرانەی خاوەنانی کەرگە و «وردەکارییەکانی ژیانی کرێکاران لە شارە جۆراوجۆرەکان، بێجگە لە شارەکانی خۆیان» بە شێوەیەکی ئەوتۆ سەرنجڕاکێش نابێت، ئەوە لە حاڵێکدایە کە «بۆ دانیشتوانی شاری ئێریۆل خوێندنەوەی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە کاروباری ئێریۆل بە هیچ شێوەیەک ماندوکەر نییە و لەوانەشە بە تامەزرۆییەوە بیخوێننەوە. هەمو جارێک ئەو دەزانێت کە لە کوێیانە داوە و کێیان کوتەک کاریکردووە و رۆحی لە دەروونەوە دەهەژێت» (ل 69).

بەڵێ، رۆحی دانیشتووانی شاری ئێریۆل دەهەژێت، بەڵام بیری رۆژنامە نووسەکەی ئێمەش لەرادە بەدەر «دەوروژێت». دەبێت دەربارەی ئەو بابەتە بیربکاتەوە، کە ئایا بەرگریکردن لەو وردەکاریە شیاوی ئەوە؟ ئێمە لە دانپێدانان بە پێویستی و گرنگی لەقاودانی کاروباری فابریک و کارخانەکان لە هیچ کەس دواناکەوین، بەڵام دەبێت ئەو راستیەمان لەبیربێت، کە ئێستا بە جێگایەک گەیشتووین کە بۆ دانیشتوانی پێترسبۆرگ خوێندنەوەی هەواڵەکانی پێترسبۆرگ لە رۆژنامەی «رابۆچایا میسێل»ی پێترسبۆرگ ناخۆشە و بارگرانیان دەکات. ئێمە هەمیشە بۆ لەقاودانی زوڵم و زۆری خاوەن کارخانە لە کرێکاران لە ناوچەکەدا هەندێک گۆڤارمان بووە و ئەم گۆڤارانە دەبێت بۆ هەمیشە بمێننەوە، بەڵام دەبێت کوالێتی رۆژنامەکەمان ببەینە سەرەوە، نەک ئەوەی کە لەسەر بنەمای گۆڤارێکی فابریکی دایبەزێنین. بۆ «رۆژنامە» بە شێوەیەکی ئەوتۆ پێویستمان بە لەقاودانی «وردەکارییەکان» نییە، بەڵکو پێویستمان بە لەقاودانی ئەو ستەمکاریە گەورانەیە، کە تایبەت بە رەوتی گشت فابریکەکانە و ئەم کارەشمان دەبێت پشت بە نمونەی زۆر بەرچاو ببەستێت، بەم هۆیەشەوە بتوانێت مەیلی گشت کرێکاران و گشت رێبەرانی بزووتنەوەکەمان بەرەو لای خۆی رابکێشێت، بتوانێت بە راستی

زانستەکانیان دەوڵەمەند بکاتەوە، بازنەی زانیارییەکانیان گەشە پێبداتَ و بەردی بناغەیەک بۆ وەخەبەرهاتنی ناوچەیەکی نوێ، یان توێژێکی نوێی پیشەیی لە کرێکاران دابڕێژێت.

«دواتر دەتوانین دەستبەجێ و لەکاتی خۆیدا موچەی کاربەدەستانی فابریک و کاربەدەستانی دیکە لەسەر هەموو ستەمکارییەکانیان بگرین، بەڵام تا ئەم هەواڵە بە ڕۆژنامەیەکی گشتی دوورەدەست بگات، لە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکەدا ئیتر لەبیری دەکەن و خەڵک دەڵێن: «خوایە ئەم ڕووداوە کەی ڕوویدابوو! کە ئێمە نەمانزانیوە» (هەر لەو لاپەڕەیەدا). بەڵێ هەر بەم چەشنەیە، «خوایە ئەم ڕووداوە کەی ڕوویدابوو؟!». هەروەک لەو سەرچاوەیە ئاگادارین، (30) ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە، کە لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا بڵاوکراوەتەوە، لەنێوان شەش شاردا دابەش دەبێت. بەمشێوەیە ئەگەر بە شێوەی مامناوەند بیژمێرین، هەموو شارێک لە شەش مانگدا جارێک ژمارەیەکیان بەدەستدەگات!، ئەگەریش ڕۆژنامەنووسی سوکەسەری ئێمە لەبیری خۆیدا راندومانی کاری خۆجێیی سێ قاتیش بباتە سەرەوە (ئەمە بەهیچ شێوەیەک لەسەر شارێکی مامناوەند درووست نییە، چونکە لە بارودۆخێکدا کە وردەکاری زاڵە، پێشکەوتنی لەرادە بەدەری راندومانی کار ئیمکانی نییە)، دیسانەوە لە دوو مانگدا دەتوانێت تەنها یەک ژمارە بڵاوبکاتەوە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ «گرتنی موچەی تاوانبار لەکاتی بەڕێوەبردنی تاوان»دا نایەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنها ئەوە بەسە (10) ڕێکخراوی ناوچەیی یەکبگرن و بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی پێکهێنانی ڕۆژنامەی گشتی لەلایەن خۆیانەوە هەندێک نوێنەر دیاری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن نەک تەنها لە وردەکارییەکاندا، بەڵکو لە ریزبەندییە راستییەکان و نمونەکانیشدا هەر دوو هەفتە جارێک لە سەرانسەری روسیادا «موچەی تاوانبار بگرن».

هەر کەسێک کە لە ڕێکخراوەکانی ئێمەدا ئاگاداری کار بێت، ناتوانێت لەو ڕاستییە گومانی هەبێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت سەبارەت بە گرتنی دووژمن لە کاتی بەڕێوەبردنی ئاوان بە گشتی قسە بکەین و مەبەستمان قسەی زل نەبێت، دەبێت بڵێین، کە بە گشتی ڕۆژنامەی نهێنی، تەنانەت «ناتوانێت بیر لەو مەسەلەیەش بکاتەوە، چونکە تەنها شەونامەکان دەتوانن ئەو کارە بکەن، چونکە لانیزۆر بۆ گرتنی دوژمن لە زۆر بابەتدا لە یەک، یان دوو ڕۆژ دواوەتر ناچێت، (بۆ وێنە مانگرتنی کورتماوە یان پێکدادانێک لەنێو کارخانە یان بەڕێوەبردنی شانۆ و لەو چەشنە لەبەرچاو بگرن).

نوسەرەکەشمان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «کرێکار نەک تەنها لە فابریک، بەڵکو لە شاریشدا دەژی» و بەم وتەیەی خۆی بە وەها شێلگیریەکی قورسەوە لە وردەوە بۆ گشت دەپەڕێت، کە جێگای خۆیەتی (بوریس کریچۆفسک) یش شانازی پێوە بکات. ئەو ئاماژە بە کێشەو گرفتەکانی ئەنجومەنەکانی شار، نەخۆشخانەکانی شار و مەکتەبەکانی شار دەکات و خوازیاری ئەوەیە، کە ڕۆژنامەی کرێکاری بە گشتی بەرامبەر بە کێشەو گرفتەکانی ناو شاریش بێدەنگ نەبێت.

ئەم داخوازییە خۆی لەخۆیدا داخوازییەکی زۆر باشە، بەڵام لە هەمانکاتدا وێنایەکی بە تەواوی ڕوون لە داوەریکردنی ئینتزاعی پڕوپووچە، کە لەوانەیە لە کاتی قسەوباس سەبارەت بە ڕۆژنامەکانی خۆجێییدا، تەنها قەناعەتی پێبکەن. یەکەم، ئەگەر بە ڕاستی «لە هەر شوێنێکی تا ڕادەیەک گرنگ کە کرێکاران تێیدا گرکۆبوونەتەوە،» گۆڤارگەلێک بە وەها ستوونێکی تێروتەسەل لە هەواڵەکانی شار، کە ڕۆژنامەی «سوابدا» خوازیاریەتی پێکدەهات، بە دڵنیاییەوە ئەو کارە لە بارودۆخی ئێستای ڕوسیادا، دەبووە کارێکی نزم و لە وشیاری لەسەر گرنگی گوشارهێنانی شۆڕشگێڕانە لە سەرانسەری ڕوسیا بۆ سەر حکومەتی ڕەهای

ئێزاری سستی پێکدەهات، لە هەمانکاتدا دەبووە هۆی بەهێزبوونی چرۆکانی ئەو ستراتیژە، کە دەوترێت سەبارەت بەو شۆڕشگێڕانەی، کە لە پەرلەمانێکدا کەوا بوونی نییە زۆر قسە دەکەن و سەبارەت بە ئەنجومەنەکانی شار کەم قسە دەکەن.

ئێستاکە ئەم ستراتێژە ناوبانگی پێدراوە، چرۆیەک کە زۆر گیانسەختە و لە راستیدا هێشتا ریشەکێش نەکراوە، بەڵکو تەنها خەوتووە یان لانیزۆرەکەی پێشێلکراوە. ئێمە دەڵێین: بە دڵنیاییەوە و لە هەمانکاتدا بەبیری دێنینەوە کە بێگومان «سوابدا» خوازیاری کاری نزم نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خوازیاری شتێکی ترە. بەڵام بۆ ئەو کارە تەنها نیەتپاکی بەس نییە. بۆ روونتر بوونەوەی کاروباری پەیوەندیدار بە شار و بەدەستهێنانی ئاسۆیەکی گونجاو بۆ گشت کارەکانمان سەرەتا پێویستە ئەو ئاسۆیە بە تەواوی بخولقێنین، نەک تەنها لە رێگەی قسەو باسەوە، بەڵکو لە رێگەی نموونەیەکی زۆر کە بە قورس و قایمی سەقامگیر بوون و بەردەوامی سونەتێکیان بەدەستهێنابێت. ئێمە هێشتا لەو بابەتە زۆر دوورین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم بابەتە سەرەتا، واتا پێش لەوەی کە بتوانین سەبارەت بە چاپەمەنیەکی بەرینی خۆجێیی بیر بکەینەوە یان قسەی لەسەر بکەین، پێویستە.

دووەم، بۆئەوەی بتوانین کێشەو گرفتەکانی پەیوەندیدار بە شار بەراستی و بە باشی و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بنوسین، پێویستە تەنها لەرووی کتێبەوە لەگەڵ ئەو کارانەدا ئاشنا نەبین، بەڵکو لە جیهانی واقیعیشدا بە باشی بیانناسین. دەتوانین بڵێین لە روسیا سۆسیال دیموکراتگەلێکی ئەوتۆ بوونیان نییە، بۆئەوەی بتوانین کێشەو گرفتەکانی شار و دەوڵەت لە رۆژنامەدا (هەڵبەت نەک لە نامێلکەیەکی ساکاردا) بنووسن، دەبێت بەڵگەیەکی نوێ و هەمەلایەنەمان لەبەردەستدا بێت، کە لەلایەن کەسێکی کارزانەوە گردوکۆ

کرابێتەوە. بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی بەڵگەیەکی وەهاش «دیموکراسی سەرەتایی» کۆڕێکی سەرەتایی، کە تێیدا هەمووان گشت کارەکان بکەن و سەرقاڵی یاری چوونە سۆراغی دەنگی گشتی (هەڵبژاردن) بن، بەس نییە.

بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە ناوەندێک لە نوسەرانی کارناس، هەواڵنێری کارزان و سوپایەک لە رۆژنامەنووسانی سۆسیال دیموکرات پێویستە، کە لەگەڵ هەموو جێگایەکدا پەیوەندیان هەبێت، بتوانن هەر چەشنە «نهێنیەکی دەوڵەتی» کە فەرمانبەری دەوڵەتی روسیا ئەوەندە شانازی پێوەدەکات و بە ئاسانی دەیدرکێنێت، بەدەستبێنێت و رێگای روونکردنەوەی جەوهەری هەر مەسەلەیەک بدۆزێنەوە، یان بە واتایەکی دیکە رێگایەک بدۆزێنەوە بۆ ئەوەی بچێتە نێو «پشتی پەردە» و لێڵی و تەومژەکان بسڕێنەوە. سوپایەک لە کەسانێک پێویستە کە «بەپێی پیشەی خۆیان» ئەرکی سەر شانیان بێت لە هەموو جێگایەکدا بن، سەبارەت بە هەموو شتێک زانیاری کۆ بکەنەوە.

ئێمە کە حزبی خەبات لە دژی هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیین، دەتوانین و دەبێت سوپایەک لە کەسانێک پەیدا بکەین، کە لە هەموو شتێک ئاگادار بن و گردوکۆیان بکەینەوە و فێرییان بکەین و رێکیان بخەین و رەوانەی مەیدانی کارزاری خەباتکارانەیان بکەین، بەڵام گشت ئەو کارانە هێشتا ئەنجام نەدراوە و دەبێت ئەنجام بدرێت! ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە زۆربەی هەرەزۆری ئەو شوێنانەدا، نەک تەنها لەو بوارەدا هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵنەگیراوە، بەڵکو لەوانەشە تەنانەت لە پێویستی ئەنجامی ئەو کارەش تێنەگەیشتبن. با لە چاپەمەنییەکانی سۆسیال دیموکراتماندا بەدوای ئەو بابەت و پەیوەندی و لەقاودانە زیندووە سەرنجراکێشانە سەبارەت بە کار و ستەمکاریە دیپلۆماتیک، سەربازی، کەنیسە، شاری، داراییەکان و هیتر و هیتر بگەڕێن: ئێوە هیچ شتێک پەیدا ناکەن یان

ئەگەر شتێکیشتان دەستکەوێت، شتێکی ئەوتۆ نییە.  هەر بەم بۆنەشەوەیە کە کاتێک کەسێک دێت و کۆڵێک قسەی رازاوە و پاراو» دەکات و دەڵێت، کە «بۆ هەر شوێنێکی گرنگ کە کرێکاران لەوێدا گردوکۆ بووبێتنەوە». پێویستمان بە رۆژنامەیەکە کە ستەمکارییەکانی پەیوەندیدار بەکارخانە، شار یان کاروباری دەوڵەتی لەقاو بدات، من زۆر تووڕە دەبم!

زاڵبوونی چاپەمەنی خۆجێیی بەسەر چاپەمەنی مەرکەزی، یان نیشانەی هەژاریە یان بۆ جوانی و رازاندنەوەیە. هەژاری کاتێکە کە بزووتنەوە هێشتا هێزێکی بۆ بەرهەمهێنانی گەورە گردوکۆ نەکردۆتەوە، هێشتا تووشی وردەکاریە و نوقمی «وردەکارییەکانی ژیانی فابریک» بووە. جوانی کاتێکە کە بزووتنەوە ئیتر ئەرکی ئیفشاگەری و بانگەشەی هەمەلایەنەی یەکلایی کردۆتەوە و بەم پێیە بێجگە لە ئۆرگانی مەرکەزی، پێویستیەکی زۆر بە ئۆرگانی جۆراوجۆری ناوچەییش دەبینێت. با هەر کەسێک بۆ خۆی ئەو بەو مەسەلەیە وەڵام بداتەوە، کە ئایا لە کاتی ئێستادا زاڵبونی گۆڤارەکانی ناوچەیی نیشانەی چییە؟، بەڵام من بۆئەوەی هیچ رێگایەک بۆ خراپ لێکتێگەیشتن نەهێڵمەوە، ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتووم کورتدەکەمەوە.

تا ئێستا زۆرینەی رێکخراوە ناوچەییەکانمان تەنها و تەنها سەبارەت بە ئۆرگانە ناوچەییەکان بیریان کردووتەو، تەنها لەسەر ئەو ئۆرگانانە هەڵسوڕاوانە کاردەکەن. ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام دەبێت بە پێچەوانەی ئەوەوە بێت، کە پێویستە بیری سەرەکی زۆرینەی رێکخراوە ناوچەییەکان تەرکیز بکاتە سەر سەرانسەری روسیاو بۆئەوە کاربکات. تا کاتێک کە ئەو بارودۆخە لە ئارادا نەبێت، تەنانەت ئێمە ناتوانین رۆژنامەیەکیش دابمەزرێنین، کە بەراستی تا رادەیەک بتوانێت لە رێگەی بانگەشەی هەمەلایەنە لە چاپەمەنییەکاندا خزمەت بە بزووتنەوەکەمان بکات، بەڵام کاتێک کە ئەو بارودۆخە بێتەکایەوە، ئەوکات

خۆی لەخۆیەوە لە نێوان ئۆرگانی زەروری مەرکەزی و ئۆرگانەکانی زەروری خۆجێیی پەیوەندیەکی ئاسایی دادەمەزرێت.

❊❊❊

لە روانینی یەکەمدا لەوانەیە وابێتە بەرچاو، کە گەیشتن بە دەرئەنجامی پێویستی گواستنەوەی ناوەندی قورسایی لە هەڵسوڕانی خۆجێییەوە بۆ هەڵسوڕانی سەرانسەری روسیا، بە تایبەتی لە بابەت خەباتی ئابوریەوە دروسیاتە: لێرەدا دووژمنی کرێکاران دانە دانەی خاوەنکاران یان گرووپێک لە خاوەنکارانن کە لە رێگەی رێکخراوەوە پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، تەنانەت پەیوەندیەک کە ئۆزێکیش وەکو رێکخراو بە تەواوی مانای سەربازی و تەرکیزکراوی حکومەتی روسیا نایەتەوە. ئەم دوژمنە راستەوخۆیەی ئێمە لە خەباتی سیاسی بێت، کە لە وردەکارییەکانیدا بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەوە رێبەری دەکرێت، بەڵام قسە لەسەر ئەوە نییە.

خەباتی ئابوری، هەروەک زۆر جاریش ئاماژەمان پێداوە، خەباتێکی پیشەییە و هەر بۆیەشە ئەوە دەخوازێت، کە کرێکاران نە تەنها بەپێی شوێنی کار، بەڵکو بەپێی پیشەش یەکگرتوو بن. بە هەر رادەیەکیش یەکێتی خاوەنکاران لە جۆرەها ئەنجومەن و سەندیکادا خێراتر پێشکەوتن بەدەستبێنێت، هەر بەو رادەیەش یەکێتی پیشەیی زەرورێتر دەبێت. پەرش و بڵاوی و وردەکاریی ئێمە بە تەواوی مانا پێش بەو یەکێتیە دەگرێت، چونکە بۆ بەدیهاتنی ئەو رێکخراوە یەکگرتووەی شۆڕشگێڕان لە سەرانسەری روسیا پێویستە بتوانێت رێبەرایەتی یەکێتیە کرێکارییەکانی سەرانسەری روسیا لە ئەستۆ بگرێت. ئێمە لە سەرەوە سەبارەت بە جۆری رێکخراوێک کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستە قسەمان کردو ئێستا تەنها بە بۆنەی هێنانە گۆڕی بابەتی چاپەمەنییەکەمان چەند وشەیەکی پێ زیاد دەکەین.

ئەوەی کە پێویستە لە هەر ڕۆژنامەیەکی سۆسیال دیموکراتیکدا دەبێت ستوونێک سەبارەت بە خەباتی پیشەیی (ئابوری) بوونی هەبێت، پێم وانییە بۆ کەسمان جێگای گومان بێت، بەڵام گەشەکردنی بزووتنەوەی پیشەیی ناچارمان دەکات کە سەبارەت بە چاپەمەنی پیشەییش بیر بکەینەوە. وەها نایەتە بەرچاو کە ئەو بابەتە سەبارەت بە گۆڤارەکانی پیشەیی لە ڕوسیا بێجگە لە چەند بابەتی جیاواز قسەشی تێیدا بێت: ئەمە تەنها جوانکاری ڕواڵەتیە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێمە تەنانەت دەسەڵاتێکی گەورەشمان نییە. بۆ ئێمە شێوەی چاپەمەنی پیشەیی، کە لەگەڵ بارودۆخی کاری نهێنیدا گونجاوە و ئێستاش پێویستە هەر دەبێت نامێلکەی پیشەیی بێت.

لەم نامێلکانەدا پێویستە بەڵگەگەلێکی ئاشکرا و نهێنی سەبارەت بە بابەتی بارودۆخی کار لە پیشەیەکی دیاریکراو، سەبارەت بە جیاوازیەک، کە لەو ڕوانگەیەوە لەنێوان شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕوسیادا هەیە، سەبارەت بە داواکاریە سەرەکییەکانی کرێکارانی پیشەی دیاریکراو، سەبارەت بە پێشێلکردنی یاسای پەیوەندیدار بەو پیشانە، سەبارەت بە بابەتە گرنگەکانی خەباتی ئابوری کرێکارانی ئەو پیشەیە، سەبارەت بە بنەماکانی کار و بارودۆخی ئێستاو پێویستییەکانی ڕێکخراوی پیشەیی و یەکێتی کرێکاری ئەوان و هیتر کۆ بکاتەوەو ڕیزبەندی بکات. ئەگەر نامێلکەیەکی بەو چەشنە هەبێت، یەکەم، چاپەمەنیەکانی سۆسیال دیموکراتیکمان لە یەک دنیا شتی ورد، کە تەنها کرێکارانی پیشەیەکی دیاریکراو حەزییان لێیە، ڕزگاریان دەبێت.

دووەم، ئەم نامیلکانە دەرئەنجامەکانی ئەزمونی ژیانمان سەبارەت بە خەباتی پیشەیی تۆمار دەکەن و ئەو بەڵگانەی کە ئێستاکە لەنێو قاغەزێکی زۆر و پەیوەندیەکی جیاوازدا بە تەواوی لەنێو دەچن، ڕادەگرن و ئەم بەڵگانە کورت دەکەنەوە. سێیەم، ئەم بەڵگانە دەتوانن بۆ ئاژیتاتۆرەکان وەکو جۆرێک

فەرمانی کار وابن، چونکە بارودۆخی کار زۆر بە شێنەیی گۆڕانکاری بەسەردا دێت. داواکاریە بنەڕەتییەکانی کرێکارانی پیشەیەکی دیاریکراو زۆر سەقامگیرە (داخوازییەکانی کرێکارانی رستن و چنینی بەشی مۆسکۆ لە ساڵی 1885 و پێترسبۆرگ لە ساڵی 1896 پێکەوە هەڵسەنگێنن) و تێکڕای ئەم داخوازی و پێویستییانە دەتوانن بۆ بانگەشەی ئابوری لە ماوەی چەندین ساڵدا لە جێگاکانی دواکەوتوو یان لەنێو تووێژی دواکەوتووی کرێکاراندا دەستورێکی زۆر باش بن. نمونەکانی مانگرتنی سەرکەوتووانە لە ناحیەیەکدا، ئامارەکان سەبارەت بە لەسەرەوەبوونی ئاستی ژیان و بەڕێوەچوونی کرێکاران و بارودۆخی باشتری کار لە شوێنێک، کرێکارانی شوێنەکانی دیکەش بۆ خەباتی تازە و نوێ هاندەدات.

چوارەم، سۆسیال دیموکراسی پاش ئەوەی، کە جڵەوی خەباتی پیشەیی بە دەستەوە گرت و لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی خەباتی پیشەیی روسیای لەگەڵ سۆسیالیزم پتەو کرد، لە هەمانکاتدا هەوڵدەدات کە جێگاوشوێنی هەڵسوڕانی تریدیۆنیۆنیمان لە گشت هەڵسوڕانی سۆسیال دیموکراتیکدا، نە زۆر کەم بێت و نە زۆر زۆریش. بۆ رێکخراوی ناوچەیی، ئەگەر لە رێکخراوەکانی شارەکانی دیکە جیا بێت، رەچاوکردنی هاوسەنگیەکی درووست لەنێوان هەڵسوڕانی سۆسیال دیموکراسی و تریدیۆنیۆنی درووست زۆر دژوارە، تەنانەت جاروبار مسۆگەر نییە (بۆ نمونە «رابۆچایا میسێل» نیشانیدەدات، کە لەوانەیە لەو بابەتەوە تا چ رادەیەکی سەیر رێگای زلکردنەوەی تریدیۆنیۆنیزم بپێوێت)، بەڵام بۆ رێکخراوی سەرانسەری روسیای شۆڕشگێڕان، کە بەردەوام تیۆری مارکسیزم رەچاو دەکات و گشت خەباتی سیاسی رێبەرایەتی دەکات و ناوەندێک لە ئاژیتاتۆری شارەزای لەبەردەستدایە. دیاریکردنی ئەو هاوسەنگیە درووستە هەرگیز دژوار نابێت.

**5. نەخشەی پێکهێنانی رۆژنامەیەکی سیاسی بۆ سەرانسەری روسیا**

ب. کریچۆفسکی ("رابۆچیە دێلۆ" ژمارە 10 ل 30)، بێجگە لەوەی کە تۆمەتبارمان دەکات بەوەی کە دەمانەوێت «لە رێگەی جیاکردنەوەی تیۆری لە کردەوە، تیۆری بکەین بە ئایینێکی بێ گیان»، دەنوسێت: «گەورەترین هەڵەی «ئیسکرا» لەو بارەیەوە نەخشەی رێکخراوی گشتی حزبی (واتا بابەتی («دەبێت لە کوێوە دەستپێ بکەین؟»). مارتینێفیش هاوڕای دەبێت و رایدەگەیەنێت «مەیلی «ئیسکرا» کە دەیەوێت لە گرنگی رەوتی پێشڕەوی خەباتی رۆژانە لە بەرامبەر راهێنانی درەوشاوە و تەواوکەردا کەم بکاتەوە. بۆتە هۆی هێنانە گۆڕی نەخشەی پێکهێنانی حزبی کە لە ژمارەی (4)دا لە بابەتی «دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەین؟» پێشنیاری دەکات» (هەر لەوێدا ل 61). سەرئەنجام لەمدواییانەدا (ل. نادێژدین)یش بە جەرگەی ئەو کەسانە پەیوەست بووە، کە لەو نەخشە (جووت کەوان بە هێمای رەتکردنەوەی ئەو وشەیە دانراوە)، تووڕە بوون.

ئەو لە نامێلکەی ناسراو بە «ناوەندی رۆلۆتسی (سەروبەندی شۆڕش) کە هەر ئێستا بەدەستمان گەیشتووە (گۆڤاری «گرووپی سۆسیال شۆڕشگێڕەکان» «سوابدا» کە لەگەڵیان ئاشنایەتیمان هەیە) دەنوسێت: «ئێستا قسەکردن دەربارەی رێکخراوێک، کە رۆژنامەیەکی سەرانسەری روسیا ئامرازی پەیوەندیەکەی بێت، واتاکەی بەدیهێنانی خەیاڵ پڵاوی و هەڵسوڕانی کابینە نشینییە» (ل 126)، ئەمە نیشانەیەک لە «یاری چاپەمەنیە»و هیتر و هیتر.

ئەوەی کە تیرۆریستەکەمان لە کوانووی تاقیکردنەوەدا لەگەڵ بەرگریکارانی «رەوتی شوێنکەوتنی خەباتی ئاسایی» هاوبیر هاتەدەرەوە، بۆ ئێمە جێگای سەرسووڕمان نییە، بە تایبەتی پاشئەوەی کە لە بەشەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەت و رێکخراودا، ریشەی ئەم نزیکایەتیەمان دایە بەرباس و لێکۆڵینەوە،

بەڵام ئێمە ئێستا دەبێت بەبیری بێنینەوە کە تەنها ل. نادێژدین بوو کە هەوڵیدا بە نیەتپاکیەوە لە بیروڕای چاپکراو لە بابەتێکدا کە خۆشی لێ نەهاتووە، تێڕامان بکات و هەوڵیداوە لە بواری ناوەرۆکەوە وەڵامێکی پێ بداتەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە "رابۆچیە دێلۆ" بە هیچ شێوەیەک لەسەر ناوەرۆک قسەیەکی نەکردووە، بەڵکو هەوڵیداوە بە یارمەتی کۆمەڵێک وشەی دەمارگرژانەی بێ ئەدەبانە کێشەکە تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆسکاو بکات. بەم پێیە، بە هەر رادەیەکیش کە دڵتەزێن بێت، دیسانەوە ناچارین پێشتر ماوەیەک لە کاتی خۆمان بۆ سڕینەوەی گەوڕی ئۆژیاس تەرخان بکەین.

**ا) بابەتی «دەبێت لەکوێوە دەستپێ بکەین؟» کێی رەنجاندووە؟**

لێرەدا ئەو چەپکە گوڵەی کە "رابۆچیە دێلۆ" ئاراستەی ئێمەی کردووە، دێنینەوە. «ئەوە رۆژنامە نییە کە دەتوانێت رێکخراوی حزبی پێکبهێنێت، بەڵکو پێچەوانەکەیەتی». رۆژنامەیەک کە لە بان سەری حزب و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حزبدا بێت و لەژێر سێبەری تۆڕێک لە بەڕێوەبەرانیدا سەربەخۆ لەو حزبە بێت، ئەوە چ موعجیزەیەکی تێدایە کە «ئیسکرا» رێکخراوەکانی سۆسیال دیموکراتیکی ئەو حزبە، کە خۆیان بە لایەنگر و پاڵپشتی ئەو حزبە ناو دەبەن، لەبیر دەباتەوە؟. ئەوانەی خاوەنی پرەنسیپی پتەو و نەخشەیەکن کە لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەدا دێتەوە، لە هەمانکاتدا ئاستی باڵای خەباتی راستەقینەی حزب دادەڕێژن کە بەڕێوەبردنی نەخشەی خۆیان بە حزب تەڵقین دەکەن». ئەم نەخشەیە، رێکخراوە زیندووەکانی ئێمە بەرەو جیهانی رۆحەکان پاڵ پێوە دەنێت و دەیەوێت لە جیهاندا تۆڕێکی نادیار لە بەڕێوەبەران پێکبێنێت». هەر کاتێک نەخشەی «ئیسکرا» بەدی بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گشت ئاسەوارەکانی حزبی کرێکاری سۆسیال دیموکراتی روسیا، واتا حزبێک کە

لەو وڵاتەدا خەریکە پێکدێت، لەنێو بچێت». ئایا دەبێت ڕەوشی حزبی ئێمە بەرامبەر بە ملکەچی تەواوی خۆمان لە دەستەیەکی نوسەرانی خۆبەڕێوەبەر چۆن بێت؟» و هیتر و هیتر.

هەر بەو چەشنەی کە خوێنەر لە ناوەڕۆک و ئاهەنگی ئەو قسانەوە بۆی دەردەکەوێت "رابۆچیە دێلۆ" رەنجاوە، بەڵام ئەو بەهۆی خۆیەوە نەڕەنجاوە، بەڵکو لەبەر خاتری ئەو رێکخراو و کۆمیتە حزبییانەی ئێمە رەنجاوە، کە گوایا «ئیسکرا» ویستوویەتی بیانخاتە جیهانی رۆحەکانەوە و تەنانەت هەموو ئاسەوار و کاریگەریەکیان لەنێو ببات. بەراستی چ قیامەتێکە! تەنها یەک شت جێگای سەرسووڕمانە. بابەتی «دەبێت لەکوێوە دەستپێ بکەین؟» لە مانگی مەی ساڵی 190 و بابەتەکانی "رابۆچیە دێلۆ" لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی 190ەوە بڵاو بوونەتەوە، ئێستاش ناوەڕاستی مانگی ژانویەی ساڵی «1902»ە. لە ماوەی ئەم پێنج مانگەدا (چ لەپێش لە سێپتەمبەر و چ پاش سێپتەمبەر)، هیچکام لەو کۆمیتانە و هیچکام لە رێکخراوە حزبییەکان لە دژی ئەو دێوەزمەیەی کە دەیەوێت کۆمیتەکان و رێکخراوەکان بخاتە جیهانی رۆح و تارماییەوە، بە فەرمی نارەزایەتیەکی دەرنەبڕیوە! ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەو ماوەیەدا، چ لە «ئیسکرا»دا و چ لە زۆرێک لە گۆڤارەکانی ناوچەیی دیکەدا، بە دەیان و سەدان هەواڵ لە گۆشەوکەناری روسیا بڵاوکراوەتەوە، چۆن بووە کەسانێک کە «خەڵکی» دەیانەوێت بیانخەنە جیهانی رۆح و تارماییەوە خۆیان لەوە ئاگادار نەبوون و نەڕەنجاون، بەڵام کەسێکی دیکە لێی دەڕەنجێت؟

هۆکارەکەی ئەوەبوو، کە کۆمیتەکان و رێکخراوەکانی دیکە خەریکی کاری راستەقینەن و سەرقاڵی یاری «دیموکراتیزم» نەبوون. کۆمیتەکان، بابەتی «دەبێت لەکوێوە دەستپێبکەین؟»یان خوێندەوە و دیتیان، کە ئەوە هەوڵێکە بۆ «هێنانەگۆڕی نەخشەیەکی دیاریکراوی رێکخراوەیی، بۆئەوەی بتوانین لەهەموو

لایەنێکەوە دەست بدەینە پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە» و بەو بۆنەوە کە بەباشی دەیانزانی و دەیاندی، کە هیچکام لەو «هەمو لایەنە» تا کاتێک کە لە پێویستی ئەو بینایەو لە دروستی نەخشە میعماریەکەی دڵنیا نەبۆنەتەوە، «دەست نادەنە سازکردنی بیناکەی»، ئاساییە وەبیریشیاندا نەدەهات، کە لە جەسارەتی کەسانێک کە لە «ئیسکرا»دا ووتبوویان: «بەهۆی گرینگی هەنووکەیی ئەم بابەتە بڕیارمان داوە لەلایەن خۆمانەوە نەخشەیەک بەهاوڕێیانمان پێشکەش بکەین کە لەبابەتێکدا کە بۆ چاپ ئامادە دەکرێت، بەتێر و تەسەلی لایەنە جۆراوجۆرەکانی شی دەکرێتەوە، «بڕەنجێن».

ئایا ئەگەر مەبەستێک لە کایەدا نەبوایە، مومکین بوو کەسێک لەوە تێنەگات کە ئەگەر هاوڕێیانمان نەخشەی پێشکەشکراو قبوڵ بکەن، بەو بۆنەوە دەستبەکاری بە کردەوە دەرهێنانی نەدەبوون، کە «ملکەچ»ی ئیسکران، بەڵکو بەو بۆنەوە دەهاتنە مەیدان کە متمانە و بڕوایان بەوە بوو، کە ئەو نەخشەیە وەڵام بە پێویستی نەخشەیەک لە ڕێگای ئامانجی هاوبەش دەدانەوە و ئەگەر قبووڵی نەکەن، ئەو کات ئەو «گەڵاڵە»یە (ڕاستی کە وشەیەکی پڕدیعایەیە، بەو جۆرە نییە؟) هەروا وەکو گەڵاڵەیەک دەمێنێتەوە؟ ئایا ئەوە دەمارگرژی نییە کە لە جەنگ لە دژی هێنانە گۆڕی نەخشەیەکدا نە تەنها «جنێوی پێدەدەن» و بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم نەخشەیە بەرژەوەندخوازی دەکەن، بەڵکو کەسانێکیش کە لە کاری شۆڕشگێڕانەدا کەم ئەزمونن لە دژی خاوەنانی ئەو گەڵاڵەیە هاندەدەن و ئەو کارە تەنها بۆ ئەوە دەکەن، کە بۆچی جەسارەتی ئەوەیان بەخۆیان داوە «یاسادانەری دەکەن» و وەکو «داڕێژەری پلە بەرز» هەنگاوییان هەڵگرتووە، واتا جەسارەتی ئەوەیان بەخۆیان داوە گەڵاڵەی نەخشەیەک پێشنیار بکەن؟ ئەگەر بڕیار بێت لە بەرامبەر هەوڵێکدا، کە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هەڵسوڕاوانی ناوچەیی و گەیاندنی بیروبۆچوونەکان، ئەرکەکان و نەخشەکان و

هێنر بە ئاستێکی باڵاتر دەدرێت، ناڕەزایەتی دەربڕن و ئەم ناڕەزایەتیە نە تەنها بەبۆنەی نادرووست بوونی ئەو بیروبۆچوونانەوە، بەڵکو بە بۆنەی «رەنجان و بارگران بوون» لەوەی کە بۆچی «دەیانەوێت» ئێمە بەرز بکەنەوە، ئایا لە وەها بارودۆخێکدا حزبی ئێمە دەتوانێت بەرەوپێش بڕوات و پێشکەوتن بە دەست بێنێت؟ ل. نادژدینیش بە «جنێودان»ەوە هێرشی کردەسەر نەخشەی ئێمە، بەڵام ئەوەندە دەمارگرژانە هێرشی کردە سەر نەخشەکەمان، کە ئیتر ناتوانین تەنها بە ئاکامی ساویلکەیی یان سەرەتاییبوونی ئەو تیۆریە سیاسییانەی بیزانین، ناوبراوی دانەبەزاند و تۆمەتی «پشکنینی حزب»ی هەر لە سەرەتاوە بە تەواوی رەتکردەوە.

هەر بەم بۆنەوەیە کە دەتوانین و دەبێت لە بەرامبەر رەخنەیەکدا، کە لەو نەخشەیە کردوویەتی وەڵامێکی پێ بدەینەوە کە لە بواری ناوەرۆکەوە هەموو شتێک رۆشن بکاتەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنها دەتوانین بە نەفرەت و بێزارییەوە وەڵامی"رابۆچیە دێلۆ" بدەینەوە، بەڵام دەربڕینی نەفرەت و بێزاری بەرامبەر بە نووسەرێک، کە بەو رادەیە خۆی دادەشکێنێت، کە سەبارەت بە «ملکەچی» هات و هاوار وەڕێ دەخات، ئێمە لە ئەرکی ئەو کێشەو گرفتانەی کە ئەو جۆرە کەسانە بۆ خوێنەری دەرەخسێنن، دەرباز ناکات.

لێرەدایە کە دەتوانین بە روونی بە هەمووانی نیشانبدەین، کە ئەم رستە ساکارانە سەبارەت بە «دیموکراتیزمی بەرین» لە چ قوماشێکە. بە لەبیرکردنی کۆمینەکان و مەیل یان هەوڵدان بۆ خستنە ناو جیهانی رۆحەکان و تارمایی و هێنر تاوانبارمان دەکەن. چۆن دەتوانین بەم تۆمەتانە وەڵامبدەینەوە لە کاتێکدا کە بەهۆی نهێنیکاریەکەوە کە بەسەرماندا سەپاوە، ناتوانین هیچ راستیەک سەبارەت بە پەیوەندی راستەقینەمان لەگەڵ خوێنەر باس بکەین؟ کەسانێک، کە تۆمەتگەلێکی زۆر قێزەون دەخەنە پاڵمان و کۆمەڵ لە دژی ئێمە هەڵدەخڕێنن،

بەهۆی شپرزەیی و کەمتەرخەمی خۆیان بەرامبەر بە ئەرکەکانی کەسێکی شۆڕشگێڕ، کە دەبێت پەیوەندیەک کە هەیەتی یان دایدەمەزرێنێت و لە هەوڵی دامەزراندنیدایە، بە وردی لەبەرچاوی خەڵک بشارێتەوە و دەکەوێتە پێشەوەی ئێمە.

ئاشکرایە کە ئێمە بۆ هەتا هەتایە لەکێبڕکێکردن لەگەڵ ئەمجۆرە کەسانە لە مەیدانی «دیموکراتیزم»دا دەست هەڵدەگرین، بەڵام ئەوەی کە بۆ خوێنەرێک دەگەڕێتەوە، کە بەسەر کارەکانی حزبیدا زاڵ نییە و زانیاریەکی ئەوتۆی لەسەری نییە، تاقە ئامرازی بەجێگەیاندنی ئەرکە لە بەرامبەر ئەودا، باسکردن لەوەی هەیە، یان ئەوەی خەریکە سەرهەڵدەدات نییە، بەڵکو باسکردن لە بەشێک لەو شتەیە کە بوونی هەیە و باسکردن لێی وەکو کاری رابردوو رێگا پێدراوە.

«بۆند» تەشەرمان لێدەدات، کە خەیاڵی «دەستبەسەرداگرتنی ناو»مان هەیە، «یەکێتی» دانیشتووی دەرەوە تۆمەتبارمان دەکات کە بۆ لەنێوبردنی ئاسەوار و کاریگەرییەکانی حزب هەوڵدەدەین. فەرمون ئاغایان ئێمە چوار رووداو لە کارەکانی رابردوو بۆ خەڵک دێنینەوە، ئەو کات رەزامەندیتان بەدەست دێنین.

رووداوی یەکەم: ئەندامی یەکێک لە «یەکێتییەکانی خەبات لە رێگەی رزگاری چینی کرێکار» کە بە شێوەی راستەوخۆ لە پێکهێنانی حزبی ئێمەدا و لە ناردنی نوێنەر بۆ ئەو کۆنگرەیە کە حزبی دامەزراند، بەشدار بوو، لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی گرووپی «ئیسکرا» سەبارەت بە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی تایبەتی کرێکاری، بەمەبەستی خزمەتکردن بە پێویستییەکانی هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە وادە دادەنێن.

دامەزراندنی کتێبخانەی کرێکاری مسۆگەر نابێت و بەرهەمەکانی «ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا» و «یاسای نوێی کار لە فابریکەکان»دا کە بۆ ئەو کتێبخانەیە نوسرابوو، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە رێگەی کەسانێکی دیکەوە بۆ دەرەوە چوو و هەر لەوێدا چاپکراوە.

رووداوی دووهەم: ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆند بۆ لای یەکێک لە ئەندامانی گرووپی «ئیسکرا» دەڕۆن و بەناوی ئەو کاتی بۆند پێشنیاردەکەن «تاقیگەیەکی ئەدەبی» پێکبێنن. لە هەمانکاتدا بەبیری دێننەوە کە هەر کاتێک بەڕێوەبردنی ئەو کارە مسۆگەر نەبێت، لەوانەیە بزووتنەوەکەمان زۆر بەرەو دواوە بچێت. لە ئاکامی ئەم دانوستانانەدا بەرهەمی «رابۆچیە دێلۆ و راسی» (کێشەی کرێکار لە روسیا) پێکدێت.

رووداوی سێیەم. کۆمیتەی ناوەندی بۆند لە رێگەی یەکێک لە شارە بچوکەکانی ویلایەتەوە دەچێتە لای یەکێک لە ئەندامانی «ئیسکرا»و پێشنیار دەکات، کە سەرنووسەری چاپی نوێی رۆژنامەی «رابۆچایا گازتا» لە ئەستۆ بگرێت، ئاساییە رەزامەندی ئەو بەدەستدێنێت. دواتر ئەو پێشنیارە گۆڕانکاری بەسەردا دێت: بەهۆی پێکهاتنی گۆڕانکاری نوێ پێشنیاری پێدەکەن لە دەستەی نوسەراندا کاربکات. ئاساییە لەگەڵ ئەو کارەش رەزامەندی خۆی دەردەبڕێت. بابەتەکانی خوارەوە (کە راگرتنیان مسۆگەر بووە) ئاراستە دەکرێت: «بەرنامەی ئێمە» کە بریتیە لە نارەزایەتی راستەوخۆ لە دژی بێرنیشتاینیزم و گۆڕانکاریەک کە لە چاپەمەنی عەلەنیدا و لە «رابۆچایا میسێل»دا روویـداوە، «ئەرکی هەنوکەییمان». پێکهێنانی وەها ئۆرگانێکی حزبی کە بە شێوەیەکی رێکوپێک بڵاو بکرێتەوە و لەگەڵ گشت گرووپە ناوچەییەکاندا پەیوەندییەکی نزیکی هەبێت، کەموکوڕییەکانی «وردەکاری» باو)، «کێشەی هەنوکەیی» (شیکردنەوەی نارەزایەتی سەبارەت بەوەی کە سەرەتا و پێش لەوەی دەستبدەنە پێکهێنانی

ئۆرگانێکی گشتی دەبێت هەڵسوڕانی گرووپەکانی ناوچەیی گەشە پێبدەن، پێداگرتن لەسەر گرنگی پلە یەکەمی «رێکخراوی شۆڕشگێڕ» و پێداگرتن لەسەر پێویستی «گەیاندنی رێکخراو، نەزم و نەسەق و تەکنیکی نهێنیکاری بە باڵاترین ئاستی خۆی»). پێشنیار سەبارەت بە سەرلەنوێ چاپکردنەوەی «رابۆچایا گازێتا» بە کردەوە دەرنایەت و بابەتەکانیشی چاپ ناکرێن.

رووداوی چوارەم. ئەندامی کۆمیتەیەک کە بواری بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی دووەمی حزبیمان دەڕەخسێنێت، بەرنامەی کۆنگرە بە ئاگاداری یەکێک لە ئەندامانی گرووپی «ئیسکرا» دەگەیەنێت و ئەو گرووپە دەبێتە پاڵێوراوی سەرنووسەری رۆژنامەی «رابۆچایا گازتا» کە تازە خەریکە دەبووژێتەوە. ئەم کردەوە سەرەتاییەی ئەو، هەم لەلایەن کۆمیتەیەک کە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوو و هەم لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی بۆندەوە پەسەند دەکرێت. گرووپی «ئیسکرا» سەبارەت بە شوێن و کاتی کۆنگرە فەرمان وەردەگرن، بەڵام (بەهۆی ئەوەی کە دڵنیا نییە لەوەی کە ئایا بە گەلێک هۆکار دەتوانێت نوێنەر بۆ ئەو کۆنگرەیە بنێرێت یان نا)، راپۆرتێکی نووسراوەش بۆ کۆنگرە ئامادە دەکات. لە راپۆرتی ناوبراودا ئەو بیرە گونجێندرابوو، کە تەنها بە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لە بارودۆخێکی بەو چەشنەدا کە پەرش و بڵاوی بە تەواوی بەسەرماندا زاڵە، نەک تەنها ناتوانین کێشەی یەکگرتوویی چارەسەر بکەین، بەڵکو هەر کاتێک بێئاکامماننەوەی تازە و خێراو تەواو، کە لە بارودۆخێکدا کە نهێنیکاری بوونی نییە، ئەگەری روودانی هەیە، بێتە ئاراوە.

مەترسی ئەوە لە ئارادایە، کە ئایدەی گەورەی پێکهێنانی حزب لەقاو بدرێت. هەر بەم بۆنەشەوە دەبێت کار لێرەوە دەستپێبکەین، کە گشت کۆمیتەکان و رێکخراوەکانی دیکە بۆ پشتیوانیکردن لە ناوەندی گشتی بوژاوە کە بە کردەوە هەموو کۆمیتەکان و رێبەرانی بزووتنەوەکە بە یەکترینەوە

پەیوەند دەدات و گرووپی ڕێبەرانی تەواوی بزووتنەوەکە ئامادەدەکات، بانگهێشت بکەین، کاتێکیش کە ئەو گرووپە گەشەیکرد و توانی بە قورس و قایمی خۆی بگرێت کۆمیتەکان و حزب بە ئاسانی دەتوانن ئەو گرووپە کە لەلایەن کۆمیتەکانەوە پێکهاتووە بکەنە کۆمیتەیەکی ناوەندی، بەڵام کۆنگرە بەهۆی زنجیرەیەک شکستەوە پێکنایەت.

ئەو ڕاپۆرتەش لە حاڵێکدا، کە تەنها چەند کەس لە هاوڕێیان لەوانە نوێنەرانی بە دەسەڵاتی یەک کۆمیتە خوێندبوویانەوە، بەهۆی پێویستییەکانی نهێنیکاری لەنێو دەبردرێت. ئێستا با خوێنەر بۆ خۆی سەبارەت بە تایبەتمەندی شێوەکانی وەکو تەشەری بۆند لە بابەتی داگیرکردنی ناو یان هۆکاری "ڕابۆچیە دێلۆ" سەبارەت بـەوەی کە دەمانەوێت کۆمیتەکانی خۆمان بۆ جیهانی ڕۆحەکان بنارێنین و ڕێکخراوی حزبی لەگەڵ ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ئایدەی ڕۆژنامەیەک «بگۆڕینەوە»، قەزاوەت بکات. بەڵێ، هەر بەو کۆمیتانە بوو کە بەهۆی بانگهێشتی بەردەوام، سەبارەت بە پێویستی ڕەچاوکردنی نەخشەیەکی دیاریکراو و کاری گشتی ڕاپۆرتمان پێشکەشکردووە. بە بۆنەی ڕێکخراوی حزبیەوە بوو، کە ئەو نەخشەمانە لە بابەتەکانی چاپکراو لە «ڕابۆچایا گازێتا» و لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی حزبیدا تاوتوێ دەکرد، ئەمەش دەیسانەوە لەسەر داوای ئەو کەسانە بوو، کە وەها جێگاو شوێنێکی گەورەیان لە حزبدا داگیر دەکرد، کە ڕێبەرایەتی بووژاندنەوەی (ڕاستەقینەی) حزبیان لە ئەستۆ دەگرت. تەنها پاش ئەوەی کە هەوڵەکانی دووبارەی ڕێکخراوی حزبی بەو ئامانجەی ئۆرگانی ناوەندی حزب وێڕای ئێمە بە فەرمی ببووژێننەوە بێئاکام مایەوە، بە ئەرکی ڕاستەوخۆی خۆمان زانی ئۆرگانێکی نافەرمی بدەینە دەرەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر هاوڕێیان بیانەوێت دەستبدەنە تاقیکردنەوەیەکی سێهەم، ئیتر لەبەردەم خۆیاندا ئاکامێکی دیاریکراو لە ئەزمونیان هەبێت، نەک ئەوەی کە

تەنها بیرکردنەوەیەکی لێڵیان هەبێت کە پشتی بە گومان بەستبێت. ئێستا ئیتر هەندێک لە دەرئەنجامەکانی ئەو ئەزمونە لەبەر چاوی هەمووماندایە و گشت هاوڕێیانمان دەتوانن لەسەر ئەوە قەزاوەت بکەن، کە ئایا ئێمە توانیومانە بە دروستی لە ئەرکی خۆمان تێبگەین یان نا؟ ئایا چۆن دەبێت لەسەر ئەو کەسانە بیر بکەینەوە کە لەبەخێڵی ئەوەیکە ئێمە هەوڵمان دەدا ناشێلگیری ژمارەیەک لەسەر مەسەلەی «نەتەوەیی» و ڕاڕایی ژمارەیەکی دیکەیان لە بواری پرەنسیپیەوە بەپێی بەڵگە بسەلمێنین، هەوڵدەدەن کەسانێک بەلاڕێدا بەرن کە لەسەر رابردوویەکی نزیک زانیاریەکی ئەوتۆیان نییە.

**ب) ئایا ڕۆژنامە دەتوانێت ڕێکخەرێکی دەستەجەمعی بێت؟**

کاکڵەی بابەتی «دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەین؟»، لە شێوەی تێگەیشتن لەم کێشەیە و چارەسەرکردنیدایە. تا ئەو شوێنەی کە ئێمە ئاگادارین تەنها کەسێک کە هەوڵیداوە ئەو کێشەیە لە ناوەرۆکی خۆیدا تاوتوێ بکات و پێویستی دانی وەڵامێکی نێگەتیڤ پێی بسەلمێنێت، (ل. نادێژدین)ە کە ئێمە هۆکارەکانی ئەومان بەبێ کەموکوڕی لە خوارەوە هێنایەوە:

«ئەم بابەتە کە «ئیسکرا» (ژمارە 4) گەڵاڵەی کێشەی پێویستی پێکهێنانی ڕۆژنامەیەک بۆ سەرانسەری روسیای هێناوەتە گۆڕێ زۆر جێگای پەسەندی ئێمەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانین لەگەڵ ئەوەدا ڕەزامەندی خۆمان دەربڕین کە ئەو گەڵاڵەیە لەگەڵ سەردێڕی بابەتی: «دەبێت لەکوێوە دەستپێبکەین؟» گونجاو بێت. ئێمە پێمانوایە ئەوە لەگەڵ ئەو سەردێڕەدا نایەتەوە. بێگومان ئەمە کارێکە کە زۆر گرنگە، بەڵام بەردی بناغەی ڕێکخراوێکی تێکۆشەر لە کاتی شۆڕشدا ناتوانێت ڕۆژنامە یان ریزێک لەراگەیاندن یان زنجیرەیەک قاقەز بێت کە هەمووان لێی تێبگەن. دەبێت دەستبەکاری پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسیە

بەهێزەکان لە شوێنی کارو ژیان بن. ئێمە لەو جۆرە رێکخراوانە بێبەشین، کاری سەرەکی ئێمە تەنها لەنێو کرێکارانی رووناکبیردا بووە، بەڵام جەماوەر تەنها خەباتی ئابووریان کردووە. ئەگەر لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا رێکخراوە سیاسیە بەهێزەکان پەروەردە نەکرێن، رۆژنامەیەکی سیاسی بۆ سەرانسەری روسیا بە هەر رادەیەکیش بە باشی رێکخرابێت، چ کارێک لەدەستی دێت؟ ئەمە هەر ئەو لقە پیرۆزەیە کە گڕی تێبەر بووە، بەڵام ناسووتێت و هیچ کەسیش نایسووتێنێت!

«ئیسکرا» پێی وایە کە خەڵک لە رەوتی کار بۆ ئەو رۆژنامەیە، لە دەوریدا گردوکۆ دەبنەوە و رێکخراو دەبن، بەڵام بۆ خەڵک ئەوە زۆر ئاسانترە کە لە دەوری شتێکی دیاریکراوتردا گردوکۆ و رێکخراو بن! ئەو شتە هەم دەتوانێت و هەم دەبێت پێکهێنانی گۆڤاری ناوچەیی لە ئاستێکی بەریندا، ئامادەکردنی خێرای کرێکاران بۆ شانۆ و کاری دایمی رێکخراوەکانی ناوچەیی لەنێو بێکاراندا بێت (بڵاوکردنەوەی ماندوو نەناسانەی گۆڤارەکان و شەونامەکان، بانگهێشتنکردنیان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بانگهێشت کردنیان بۆ بەرپرچدانەوەی گوشاری حکومەت و هیتر). دەبێت لەو شوێنانەدا کاری جیدی سیاسی بکەین و کاتێک کە پێکهێنانی یەکگرتوویی لەو بوارە راستەقینەدا زەرورەتی پەیدا کرد، ئەو کات ئیتر ئەمە شتێکی ساختە و لەسەر قاغەز نابێت، وەها یەکێتیەکی کارەکانی خۆجێیی و گۆڕینی بە کارێک لە سەرانسەری روسیا شتێک نییە کە لە رێگەی رۆژنامەوە بەدەست بێت!» («سەروبەندی شۆڕش» ل 54 چاپی روسیا).

ئێمە لەسەر ئەو بەشانە لەو پارچە پاراوە جەختمان کردووە کە بە ئاشکراترین شێوە، هەم درووست نەبوونی راو هەڵسەنگاندنی نوسەر لەسەر نەخشەی ئێمە نیشاندەدات و هەم بە گشتی نادرووستی تیۆریەکەی ئەو کە

لێرەدا لە بەرامبەر روانگەی «ئیسکرا»دا رادەوەستێت. ئەگەر لە شوێنەکاندا، رێکخراوی سیاسی بەهێز پەروەردە نەبێت، باشترین رۆژنامە بۆ سەرانسەری روسیا هیچ گرنگیەکی نابێت. ئەمە بە تەواوی درووستە، بەڵام کێشەکە لەسەر ئەوەیە کە بۆ بارهێنانی رێکخراوی سیاسی بەهێز بێجگە لە پێکهێنانی رۆژنامەیەک بۆ سەرانسەری روسیا هیچ رێگایەکی ترمان نییە. نووسەر، بێدەنگە لەسەر بنەڕەتی ترین قسەوباسەکانی «ئیسکرا» دەکات، کە پێش لەدەست بردن بۆ شیکردنەوەی نەخشەی خۆی رایگەیاندووە: پێویستە بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ «بانگەواز» بکەین، رێکخراوێک کە بتوانێت هەموو هێزەکان گردوکۆ بکاتەوە و نە تەنها بەناو، بەڵکو بەراستی بزووتنەوەکە رێبەرایەتی بکات، یان بەواتایەکی دیکە بۆ هەتا هەتایە بۆ پشتیوانیکردن لە هەر چەشنە نارەزایەتی و هەڵچوونێک ئامادە بێت و بۆ زۆرترکردن و بەهێزکردنی هێزە خەباتکارەکان، واتا لەو هێزانەی کە بە کەڵکی شەڕی سەرومالّ دێن، کەڵک وەربگرێت». «ئیسکرا» قسەکانی خۆی بەمشێوەیە درێژە پێدەدات و دەنووسێت کە ئێستا پاش فێوریە و مارس ئیتر لە بواری پرەنسیپیەوە هەمووماں لەگەڵ ئەو بابەتەدا هاوڕاین، بەڵام پێویستمان بەوە نییە بە شێوەیەکی پرەنسیپی هاوڕا بین، بەڵکو پێویستە لە کردەوەدا مەسەلەکە چارەسەر بکەین، پێویستە بە خێرایی وەها نەخشەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو بینایە دابڕێژین کە هەمووان بە خێرایی بیخوێننەوە و لەلایەنی جۆراوجۆرەوە دەستبەکاری بونیاتنانی بیناکە بن.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە دیسانەوە دەیانەوێت لە رێگای چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەی کرداری، بەرەو حەقیقەتێک پاشەکشە پێبکەن کە لە بواری پرەنسیپیەوە دروستە، قسەی تێدا نییە، بەڵام بۆ جەماوەری بەرینی زەحمەتکێشان بەراستی نادیارە: «بارهێنانی رێکخراوە سیاسیە بەهێزەکان!»،

جەنابی نوسەری رێزدار، ئێستا ئیتر قسە لەسەر ئەوە نییە، بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە، کە چۆن دەبێت ئەو رێکخراوانە پەروەردە بکەین و ئەو کارە بە چ شێوەیەک بە ئەنجام بگەیەنین!

ئەوە درووست نییە، کە کاری «سەرەکی ئێمە تەنها ئەوە بووە، کە لەنێو کرێکارانی رووناکبیردا هەڵسوڕاو بین، بەڵام جەماوەر بۆ خۆیان تەنها خەباتی ئابورییان کردووە». ئەم ئێزە بەم شێوەیە لە بەرامبەر یەکدانانی کرێکارانی رووناکبیر و «جەماوەر»ی لێدەبێتەوە، کارێکە کە بۆ «سوابدا ئاساییە و لە هەمانکاتدا ریشەی هەڵەکانیش لەوەدایە. کرێکارانی رووناکبیریشمان لەم ساڵانەی دواییدا «تەنها خەباتی ئابوریان کردووە». ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە تا کاتێک کە ئێمە هەوڵی خۆمان نەخەینە گەڕ کە رێبەرانی ئەو خەباتە، چ لەنێو کرێکارانی رووناکبیر و چ لەنێو رووناکبیراندا بار بێن. هیچ کاتێک جەماوەر خەباتی سیاسی ناکەن، بەڵام ئەو رێبەرانە تەنها و تەنها دەتوانن لە یەک رێگەوە پەروەردە بن، ئەویش هەڵسەنگاندنی ورد و هەمیشەیی هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئەو هەوڵانەی کە لەلایەن چینە جۆراوجۆرەکان و بەشێوەی جۆراوجۆر بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و خەبات دەدرێت.

بەمشێوەیە، راستی ئەو واقیعیەتە زۆر گاڵتەجاڕە کاتێک کە مرۆڤ باس لە «بارهێنانی رێکخراوە سیاسییەکان» دەکات و لە هەمانکاتدا، «کار لەسەر قاغەز» و گۆڤارە سیاسییەکان دەخاتە بەرامبەر کاری جیدی سیاسی لە شوێندا! مەگەر «ئیسکرا» نەخشەی خۆی بە شێوەیەک ئامادە نەکردووە کە لەگەڵ پێویستییەکانی «ئامادەیی جەنگی»دا هاوتەریبی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت هەم لە بزووتنەوەی بێکاران، هەم لە شۆڕشی جوتیاران، هەم لە ناڕەزایەتی زێمێستواکان و هەم لە «ناڕەزایەتی خەڵک بەرامبەر بە ملهوڕانی جلەوسارپچڕاوی قەیسەری» و هیتر پشتیوانی بکات. هەر کەس لەگەڵ بزووتنەوەکەدا تۆسقاڵێک ئاشنایەتی

هەبێت، باش دەزانێت کە زۆرینەی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی ناوچەیی لەو بارەیەوە، تەنانەت بیریش ناکەنەوە و زۆرێک لەو ئاسۆیانەی کە سەبارەت بە «کاری جیدی سیاسی» گیراوەتە بەر، بۆ جارێکیش لەلایەن هیچ ڕێکخراوێکەوە بە کردەوە دەرنەهاتووە.

بۆ وێنە هەوڵدان بۆ بردنەسەرەوەی ناڕەزایەتی لە ناو ڕووناکبیرانی زێمێستواکان، هەم لەلای نادێژدین بۆتە هۆی سەرسووڕمانی تێکەڵ بە شپرزەیی (کە دەڵێت: «خوایە لەوانەیە ئەم ئۆرگانە بۆ زێمێستواکان بێت؟» گۆڤاری «ناوەند» یان کانوون ل 129) و هەم ژمارەیەکی زۆر لە پڕاتیسیەنەکانی دیکەشی تووشی سەرسووڕمان کردووە. لە وەها بارودۆخێکدا، تەنها دەتوانین لێرەوە کار «دەستپێبکەین» کە کەسەکان ناچار بەوە بکەن سەبارەت بە گشت ئەو خاڵانە بیر بکەنەوە و شێلگیرانە هەموو خۆڵەمێشەکانی خەبات و هەموو جۆگەلە و رووبارەکانی ناڕەزایەتی لە یەک جێگادا گردوکۆ بکەنەوە و ئاگرێکی بڵێسەدار بکەنەوە.

لە سەردەمی ئێمەدا کە ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراتیک داشکاوە، تەنها و تەنها بە بانگەشەی جیدی سیاسی دەتوانین «کاری جیدی سیاسی» دەستپێبکەین. بەڕێوەبردنی ئەو کارەش بەبێ ڕۆژنامەیەکی سەرتاسەری بۆ تەواوی روسیا کە خێرا خێرا چاپ بکرێت و بە ڕێکوپێکی بڵاوبکرێتەوە، مسۆگەر نییە. کەسانێک کە «نەخشەی» «ئیسکرا» بە رەنگدانەوەیەک لە «یاری چاپەمەنی» دەزانن بەراستی لە ناوەرۆکی نەخشەکە تێنەگەیشتوون. ئەوان ئامانج لەوەدا دەبینن کە لە کاتی ئێستادا وەکو گونجاوترین ئامراز دێتە بەرچاو. ئەم کەسانە ئەوەندە زەحمەتیان بە خۆیان نەداوە، کە لەسەر ئەو دوو قیاسە، کە لە ڕێگەی ئەو نەخشە پێشنیارکراوەوە بە روونی نیشاندراوە تێڕامان بکەن. لە «ئیسکرا»دا دەوترێت کە پێکهێنانی ڕۆژنامەیەکی سەرانسەری بۆ روسیا دەبێت ئەو ئەلقە

بنەڕەتیە بێت کە بتوانین بە بەدەستەوە گرتنی، بـەردەوام ئەو ڕێکخراوە (واتا ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ کە هەموو ساتێک ئامادەیە لە هەر ناڕەزایەتی و هەڵچونێک پشتیوانی بکات) گەشەی پێبدەین و قوڵایی و بەرینایییەکەی پەرەپێبدەین. فەرمون برایان! با بزانین: کاتێک کە بەنناکان بۆ بیناکردنی بینایەکی گەورە و بە تەواوی بێوێنە گەلێک بەرد لە شوێنی جۆراوجۆردا دادەنێن، ئەگەر بەنێک بکێشن کە یارمەتی بە دانانی بەردەکان لە جێگایەکی درووست و ڕێکوپێک بدات و مەنزڵگەی کۆتایی گشت ئەو کارەیان پێ نیشان بدات و ئەو دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێنێت کە نە تەنها هەر بەردێک، بەڵکو هەر پارچە بەردێک لە جێگای خۆیدا دابنێن و لە ئاکامدا بە خشت لەسەر خشت دانان و بەرد لەسەر بەرد دانان، بە شێوەیەکی هەمەلایەنە و تەواو دیوارەکەی بەرزی بکەنەوە، ئایا ئەم کارە «کار لەسەرکاغەز»ە؟ ئایا ئێمە لە ژیانی حزبی خۆماندا بە تایبەتی لە وەها ساتێکدا نین، کە هەم بەردمان هەیە و هەم بەننا، تەنیا شتێک کە کەمە ئەو ریسمانەیە کە هەمووان بتوانن بیبینن و دەستیان لێ گیر بکەن؟

با هاوار بکەن، کە مەبەستمان لە کێشانی ریسمان فەرمان دانە: برایان، ئەگەر ئێمە بمانویستایە فەرماندەیی بکەین بە جێگای «ئیسکرای ژمارە یەک» هەر ئەو کارەمان دەکرد کە ژمارەیەک لە هاوڕێیان پێشنیاریان کرد، دەماننووسی «رابۆچایا گازتای ژمارە 3» و پاش ئەو رووداوانـەی کە لە سەرەوە باسمانکرد بە باشی هەقمان بوو ئەو ڕێگایە بگرینە بەر، بەڵام ئێمە ئەو کارەمان نەکرد: ئێمە ویستمان دەست و باڵی خۆمان بۆ خەباتی لە ئاشتی نەهاتوو لە دژی گشت سۆسیال دیموکراتە درۆیینەکان ئاوەڵە رابگرین: ئێمە ویستمان ئەگەر ئەو بەنە بە درووستی کێشراوە، رێزی لێبگرین و ئەو رێزەش بە بۆنەی راستی و دروسیاتیەوە بێت، نەک بە بۆنەی ئەوەی کە لەلایەن

ئۆرگانێکی فەرمیەوە کێشراوە.

ل. نادێژدین وەکو مامۆستا دەڵێت کە «کێشەی یەکگرتوو کردنی هەڵسوڕانی ناوچەیی لە دەست ئۆرگانێکی ناوەندی کەوتۆتە بازنەیەکی ئەفسووناویەوە. یەکێتی پێویستی بەوەیە کە تۆخمەکان وەک یەک بن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنها لە ڕێگەی شتێکی ڕێکخەرەوە دەتوانین ئەو یەکگرتووییە پێکبێنین، ئەم شتە ڕێکخەرەش دەبێت بەرهەمی ئەو ڕێکخراوە بەهێزە ناوچەییانە بێت کە ئێستاکە بە گشتی لەو لایەنە گشتیە بێ بەهرەن».

ئەم ڕاستیەش بەقەد پێویستی بارهێنانی ڕێکخراوی سیاسی بەهێز و بێ ئەملاولا گرنگە. دەتوانین بڵێین هەر بەو ڕادەیەش بێ سەمەرە. بابەتی «بازنەی ئەفسوناوی» دەتوانێت لەگەڵ هەر کێشەیەکدا بێتەوە، چونکە ژیانی سیاسی لە زنجیرێکی بێکۆتایی لە ئەڵقەکان پێکهاتووە. هونەری سیاسەتوانێکیش لەوەدایە کە ئەو ئەڵقەیە بدۆزێتەوە و ئەوەندە بە قورس و قایمی بیگرێت کە کەمتر ئەگەری ئەوە لە ئارادا بێت لە دەستی دەربچێت و لە کاتی ئێستادا ئەوە لە هەموو شتێک گرنگترە و لە هەموو شتێک باشتر دەتوانێت ئیمکانی ئەوە بۆ خاوەنی ئەو ئەڵقەیە بڕەخسێنێت، کە دەست بەسەر تەواوی ئەو زنجیرەدا بگرێت. ئەگەر ئێمە ژمارەیەک بەنناى شارەزا و ئەوەندە هاوئاهەنگمان بوایە کە بیانتوانیایە بەبێ بەن و ریسمان بەردەکان لەسەر جێگای خۆیان دابنێن، (هەڵبەت ئەم بابەتە لە بواری ئیننزاعیەوە شتێکی مەحاڵ نییە) ئەو کات لەوانەبوو بمانتوانیایە ئەڵقەیەکی دیکە بگرین، بەڵام تەواوی موسیبەتەکە لەوەدایە، کە ئێمە هێشتا ئەو بەننا شارەزاو هاوئاهەنگمان نییە و زۆرجار بەردەکان لەسەر جێگای خۆیان دانانرێن و لەرووی ریسمانێکی گشتیەوە هاوسەنگ ناکرێن، بەڵکو ئەوەندە

تێکەڵ پێکەڵ و شپرزە دادەنرێن کە دوژمن دەتوانێت بە زۆرێکی کەم تێکوپێکیان بدات، دەڵێین ئەوانە بەرد نین، بەڵکو زیخن.

بەراوردێکی دیکە: «رۆژنامە نە تەنها راهێنەرێکی دەستەجەمعی و ئاژیتاتۆرێکی دەستەجەمعییە، بەڵکو رێکخەرێکی دەستەجەمعیشە. لەم بوارەوە دەتوانین لەگەڵ چێوبەستی دەوروبـەری ماڵێکدا کە خەریکن دەیکەنەوە، قیاسی بکەین. ئەم چێوبەسە دیزاینی ماڵەکە نیشاندەدات، لە پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەرانی جۆراوجۆردا ئاسانکاری دەکات و یارمەتیاندەکات، کە کار دابەشبکەن و ئەو دەرئەنجامە گشتییانەی، کە بە بۆنەی کاری رێکخراوەوە بەدەست هاتووە، بێننە بەرچاوی خۆیان». بەراستی کە ئەوە چەندە وەکو زلکردنەوەیەک وایە کە نووسەرێکی کورسی نشین سەبارەت بەکاری خۆی دەیکات. چێوبەس بۆ خودی شوقەکە پێویست ناکات، چێوبەس لە خراپترین بەرژەوەندی پێکدەهێنن و بۆ ماوەیەکی کورت ساز دەکرێت و پاش ئەوەی کە بەردی بناغەی هاوماڵەکان بە تەواوی دانرا، ئینجا دارەکانی چێوبەسەکە لەنێو زۆبادا دەسوتێنن. ئەزمونی پێکهێنانی رێکخراوە شۆڕشگێڕەکان نیشانیداوە کە هەندێکجار دەتوانین بەبێ چێوبەسیش سازیان بکەین. بۆ وێنە ساڵانی دەیەی حەفتا وەبیر بێننەوە، بەڵام لە کاتی ئێستادا تەنانەت ناتوانین بیر لەوەش بکەینەوە کە بینایەک کە بۆ ئێمە پێویستە بەبێ چێوبەس بەرز بکرێتەوە.

نادێژدین لەگەڵ ئەوەدا کۆک نییە و دەڵێت: «ئیسکرا» پێی وایە کە خەڵک لەرەوتی کاردا، لەدەوروبەریدا گردوکۆ دەبنەوەو رێکدەخرێن، بەڵام بۆ خەڵک ئەوە ئاسانترە کە لەدەوروبەری شتێکی دیاریکراوتردا گردوکۆ بنەوە رێکخراو بن.».. زۆر باشە: « ئاسانترە کە لەدەوروبەری شتێکی دیاریکراوتردا گردوکۆ بنەوەو رێکخراو بن»... مەتەڵێکی روسیای دەڵێت: تف مەکەرە نێو بیر، چونکە لەوانەیە خۆت ئاوی لێ بخۆیتەوە، بەڵام کەسانێک هەن کە هیچ

ترسێکیان لەوە نییە لەچاپەک ئاو بخۆنەوە کە ئفیان ئێکردووە. چ قۆڕیائێکی بێ بنەما کە «رەخنەگران»ی ڕێزداری «مارکسیزم»ی عەلەنی و لایەنگرانی نهێنی «رابۆچایا میسێل» بەناوی دیاریکراو بوونەوە، دەپرسن! بزانن چۆن ئەم بیرتەسکانە، دەیانەوێت نەبوونی داهێنان و خوێڕیەتی خۆیان بەهۆکاری سونەتی لەچەشنی ئەوەیکە « ئاسانترە کە لەدەوروبەری شتێکی دیاریکراوتردا گردوکۆ بنەوە و ڕێکخراو بن» پاساو بکەن و لەو ڕێگەیەوە زیان بە بزووتنەوەکەمان بگەیەنن! ئەوە لەحاڵێکدایە کە نادێژدین کە گوێی بەرانبەر بە «ژیان» زۆر هەستیارەو بەسەختی «کابینە نشینەکان» سەرزەنشت دەکات و ئیسکرا بەو لاوازیە تۆمەتبار دەکات، کە هەموو شتێک بە چاوی «ئێکۆنۆمیزم» دەبینێت، ئەم نادێژدینە کە پێیوایە لەو ریزبەندیەدا لەچاو ئۆرتۆدۆکسەکان و رەخنەگران جێگاو شوێنێکی زۆر بەرزتری بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، لێی حاڵی نییە، کە بەو هۆکارانەی دەیهێنێتەوە، هەر پڕوپاگەندەیەک بۆ ئەو بیرتەسکیە دەکات کە لێی بێزارە و هەر لەو بیرەدا ئاو دەخاتەوە، کە پڕە لە نفی خۆی! بەڵێ، ئەگەر کەسی بێزار بیەوێت بەبێ سوکان و بایەوان ڕێگا ببڕێت و وەکو شۆڕشگێڕانی ساڵانی دەیەی حەفتا بە شێوەی «خۆڕسک» دەست بۆ «تیرۆری وروژێنەر» و «تیرۆری زەوی» و «ناقوسی پشێوی» و هیتر ببات، تەنانەت راستگوایانەترین نارەزایەتی و بێزاریەکان بەرانبەر بەبیرتەسکی و بەتین و تەوژمترین مەیلەکان بۆ وەخەبەرهێنانی ئەوانەی بۆ بیرتەسکی کورنش دەبەن، هێشتا بەس نییە.

با ئەم شتە «دیاریکراوانەتر» چاو لێبکەین» کە بە باوەڕی نادێژدین کۆبوونەوە و ڕێکخراوبوون لە دەوروبەرییاندا «زۆر ئاسانترە: 1. گۆڤارە ناوچەییەکان 2. ئامادەبوون بۆ خۆپیشاندان 3. هەڵسوڕان لەنێو بێکاراندا. هەر لە یەکەم روانیندا ئاشکرا دەبێت، کە گشت ئەو شتانە بە هەڵکەوت وەرگیراون، تەنها مەبەستیش ئەوە بووە، کە شتێک بوترێت، چونکە بە

هەر چاوێکیشیەوە سەیریان بکەین، دیسانەوە ئەوە لەگەڵ عەقڵ نایەتەوە، کە لە نێویاندا بتوانین شتێک پەیدا بکەین، کە بەتایبەتی بە کەڵکی «گردو کۆکردنەوە» بێت. (نادێژدین)یش لە چەند لاپەڕەی دواتردا دەڵێت: «کاتی ئەوە هاتووە رێک و راست ئەو راستیە بێ ئەملاو ئەولا بەبیر بێنینەوە کە: کاری ئێمە لە ناوچەکان شتێکی ئەوتۆ نییە و کەمە، کۆمیتەکان یەک لەسەر دەی ئەوەی دەتوانن بیکەن، بەڕێوەی نابەن. ناوەندێکی رێکخەر کە ئێستا هەمانە شتێکی نادیارە، ئەوە بیروکراسیەکی شۆڕشگێڕە کە لەو بیروکراسیەدا تاکەکان دەرەجەی ژەنراڵی بە یەکتری دەدەن و تا کاتێکیش کە رێکخراوی بەهێزی ناوچەیی پێکنەیەن هەر بەم چەشنە دەمێنێتەوە».

ئەم وشانە لە هەمانکاتدا کە زلکردنەوەیە، بێگومان راستی تاڵی زۆریشی تێدایە و ئایا بەراستی (نادێژدین) لەنێو کاری نالەباری رێکخراوەکانی ناوچەیی لە لایەکەوە و بیرتەسکی و ئاستەنگی داوێنەی چالاکی هەڵسوڕاوان، کە خۆبواردن لێیان لەگەڵ نەبوونی ئامادەیی هەڵسوڕاوانی زیندانی لە چوارچێوەی دیواری رێکخراوە خۆجێییەکان مومکین نییە، پەیوەندیەک نابینێت؟ ئایا ئەویش وەکو نووسەرێک کە لە «سوابدا» بابەتێکی سەبارەت بە رێکخراو نووسیوە لەبیری کردۆتەوە کە چۆن بڵاوکردنەوەی بەرینی گۆڤاری ناوچەیی (لە ساڵی 1897) ەوە هاوکات بووە لەگەڵ بەهێزبوونی «ئێکۆنۆمیزم» و وردەکاری؟ تەنانەت ئەگەر بکرایە بە شێوەیەکی باشیش «چاپەمەنیەکی بەرینی خۆجێیی»پێکبهێنین (ئەوە لە حاڵێکدایە، کە لە سەرەوە دیتمان بێجگە لە چەند بابەتی تایبەتی ئەمە مومکین نییە).

دیسانەوە ئۆرگانەکانی ناوچەیی، نەیاندەتوانی گشت هێزی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بۆ هێرشی هاوبەش لە دژی حکومەتی رەهاو رێبەرایەتی خەباتێکی یەکگرتووانە «گردوکۆ» بکەنەوە. نابێت لەبیری ببەینەوە، کە لێرەدا قسە تەنها

لەسەر گرنگی «کۆکردنەوە»و ڕێکخستنی ڕۆژنامەیە و لەوانەیە ئێمە لە دژی (نادێژدین) کە لە دووبەرەکایەتی ریزی کرێکاران بەرگریدەکات، هەر ئەو پرسیارە قێزەونەی خۆی دووپات بکەینەوە: «ئایا ئێمە لە جێگایەکەوە هێزێکی 200000 کەسی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕمان بە میرات پێنەگەیشتووە؟» بەڵام لە دواییشدا ناتوانین «ئامادەکردنی خۆپیشاندان»یش بخەینە بەرامبەر نەخشەی «ئیسکرا»وە، تەنانەت ئەگەر بەو بۆنەشەوە بێت، کە ئەو نەخشەیە وەکو ئامانجێک بەرینترین خۆپیشاندانەکانی پێشبینی کردبێت. کێشە تەنها لەسەر هەڵبژاردنی ئامرازەکانە لە بواری پراکتیکدا. نادێژدین لێرەشدا، دیسانەوە تووشی شپرزەیی فیکری بووە و لەبیری کردووە کە «ئامادەکردن»ی خۆپیشاندان (کە تا ئێستا زۆربەی هەرەزۆریان بەشێوەی خۆڕسک بەرپا بوون) تەنها دەتوانێت لەلایەن سوپایەکەوە بکرێت کە پێشتر گردوکۆ بوبێتنەوەو ئێمەش ناتوانین لە ئەستۆی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بین، بەڵام سەبارەت بە «هەڵسوڕان لەنێو بێکاران»، دیسانەوە تووشی شپرزەیی فیکری بووە، چونکە ئەمەش یەکێک لە چالاکییەکانی جەنگی سوپایەکی ڕێکخراوە، نەک نەخشەی ڕێکخستنی سوپا.

ئەوەی کە لێرەشدا (نادێژدین) تا چ رادەیەک بە زەرەر و زیانی پەرش و بڵاوی و نەبوونی «هێزی 200000 کەسی» گرنگی کەمدەدات، لەو خاڵەی خوارەوە روون دەبێتەوە. زۆر کەس (لەوانە نادێژدین) رەخنەیان لە «ئیسکرا» گرتووە کە سەبارەت بە بێکاران زۆر بەکەمی هەواڵ بڵاو دەکاتەوەو هەواڵەکان سەبارەت بە رووداوەکانی ڕۆژانەی ژیانی دێهاتیش بە هەڵکەوتە. ئەم رەخنەیە دروستە، بەڵام لێرەدا «ئیسکرا» «موقەسیر و سەبەبکارە». ئێمە هەوڵدەدەین «بەن و ریسمان»ەکە بۆ دێهاتیش بکێشین، بەڵام بەننا لە هیچ کوێیەکی گوندیشدا نییە، پێویستە هەر کەسێک، تەنانەت ڕووداوێکی ئاسایی بە ئاگاداری ئێمە بگەیەنێت، بۆ هەڵسوڕانی زیاتر هان بدەین. بەو هیوایەی کە ئەم هاندانە

بەرپرسارێتی هاوکارانی ئێمە لەو بوارەدا زۆرتر بکاتەوە و پێمان فێربکات، کە سەرئەنجام لە ئەسنۆی هەڵبژاردنی رووداو بەراستی بەرچاو بین، بەڵام ئەوەندە ئامراز بۆ فێربوون کەمە، کە بەبێ گەیاندنی بۆ ئاستی سەرتاسەری روسیا ناتوانین شتێکی لێ فێر بین.

بێگومان کەسێک کە لەبواری لێهاتوویی بانگەشە و زانیاری لە ژیانی گەڕاڵەکانەوە، زانیارییەکانی وەکو (نادێژدین) بێت، لەوانەیە لە رێگەی بانگەشە لەنێو بێکاراندا خزمەتێکی کەم بایەخ بکات، بەڵام ئەگەر کەسێک نەیەوێت کە گشت هاوڕێیانی روسیای لە هەڵگرتنی هەنگاوێک، کە هەڵیدەگرێت ئاگادار بکاتەوە و بیکاتە سەرمەشق و نموونە و بۆ ئەو کەسانەی، کە هێشتا لە توانایاندا نییە دەستبدانە کاری جیدی، ئەو کەسە لێهاتوویی خۆی لە چاڵ ناوە.

ئەمڕۆ کە هەمووان باس لە گرنگی یەکگرتن و پێویستی «گردوکۆ بوونەوە و رێکخستن» دەکەن، بەڵام لە زۆربەی بابەتەکاندا بەدروستی لەوە تێناگەن کە دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەن و چۆن ئەرکی یەکگرتن بەرەوپێش بەرن. لەوانەیە هەمووان لەسەر ئەوە کۆکبن، کە ئەگەر بمانەوێت کۆڕ و کۆمەڵە جیاوازەکان، بۆ وێنە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ناحیە جۆراوجۆرەکانی شارێک «یەکگرتوو» بکەین، بۆ ئەو کارە پێویستمان بە دامەزراوەی گشتی دەبێت، واتا نەک تەنها سەردێڕی گشتی «یەکگرتن»، بەڵکو بەراستی پێویستمان بە کاری گشتی، ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و ئەزمون و هێز و دابەشکردنی ئەرکەکان نەک تەنها بەپێی شوێنە جۆراوجۆرەکان، بەڵکو بەپێی پسپۆڕی بۆ هەڵسوڕان لە تەواوی شارەکان هەیە. هەموو کەسێک لەسەر ئەوە کۆکە کە دەزگایەکی شاراوەی گەورە ناتوانێت تەنها بە «ئامرازەکانی» (هەڵبەت هەم ئامرازی ماددی و هەم ئامرازی مرۆیی) ناحیەیەک بەڕێوەبچێت (ئەگەر بەکاربردنی وەها رستەیەکی بازرگانی بەجێ بێت) و لە وەها مەیدانێکی بەرتەسکدا لێهاتوویی

کەسێکی پسپۆڕ گەشە ناکات.

هەر ئەم خاڵە یەکگرتنی شارە جۆراوجۆرەکانیش دەگرێتەوە، چونکە هەروەک چۆن لە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتیکی ئێمەوە روون دەبێتەوە و روونیش بۆتەوە، مەیدانێکی وەکو شوێنێکی جیاواز و تاقانە زۆر بەرتەسکە: ئێمە لە سەرەوە بە تێروتەسەلی ئەم خاڵەمان هەم لەڕووی نموونەی بانگەشەی سیاسیەوە، هەم لەڕووی کاری ڕێکخراوەییەوە سەلماند. «دەبێت» و بە دڵنیاییەوە «دەبێت» پێش هەر شتێک «دەبێت» ئەو مەیدانە گەشە پێبدەن، دەبێت لەنێو شارەکاندا لەسەر زەمینەی کاری گشتی ڕێکوپێک پەیوەندیەکی راستەقینە دامەزرێنن، چونکە بە زۆری لەسەر پەرش و بڵاوی، کەسانێک کە «دەڵێی لە قووڵایی چادا دانیشتوون» (ئەم رستەیە لەلایەن نووسەرێکی یەکێک لە نامەکانی «ئیسکرا»وە بەکار براوە) و نازانن لەسەر زەوی چ لە ئارادایە و دەبێت لە کوێوە فێربن و چۆن دەبێت بۆ خۆیان ئەزمون بەدەست بێنن، کاریگەری دادەنێت.

من دیسانەوە درێژە بە پێداگری خۆم لەسەر ئەو مەسەلەیە دەدەم، کە ئەم پەیوەندیە راستەقینەیە تەنها دەتوانین لەسەر بنەمای ڕۆژنامەیەکی گشتی دەستپێ بکەین کە تاقە دامەزراوەی گشتی ڕێکوپێکی روسیا بێت و دەرئەنجامی جۆراوجۆری هەڵسوڕانی کۆبەندی بکات و بەمشێوەیە تاکەکان ببزوێنێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ماندوونەناسانە لە گشت ئەو ڕێگە بێ ئەژمارانەی، کە هەر بەو شێوەیەی، کە هەموو ڕێگاکان بەرەو رووم دەچێت، هەموویان بەسەر مەنزڵی شۆڕش دەگەن، پێشڕەوی بکەن. ئەگەر ئێمە نامانەوێت تەنها لە قسەدا خوازیاری یەکگرتن بین، پێویستە کە هەر کۆڕ و کۆمەڵێک دەستبەجێ یەک لەسەر چواری هێزەکانی خۆی بۆ هەڵسوڕان لە کاری گشتی تەرخان بکات و لەم بەشە لە ڕۆژنامەدا بە خێرایی دیمەنی گشتی، واتا بەرینایی و

ناوەرۆکی  کارییان پێ نیشاندەداتن، رۆژنامە نیشانیدەداتن کە چ کەموکۆڕیەک لە هەڵسوڕانی گشتی روسیادا زۆرتر لە هەر کەموکۆڕیەکی دیکە بەرچاوە، لە کوێدا تەبلیغاتن ناکرێتن، پڕوپاگەندە لە کوێ لاوازە و ئەو کۆڕ و کۆمەڵە دەتوانێتن کام لە تەگەرە بچوکەکانی ئەو میکانیزمە بچوکە گشتیە تەعمیر بکاتەوە، یان بە جێگای تەگەرێکی باشتر دابنێتن.

کۆڕ و کۆمەڵێک کە هێشتا سەرقاڵی کار نەبووە و تەنها بەدوای کاردا دەگەڕێتن، ئێستا ئیتر ئەو مەجالەی بۆ رەخساوە کە وەکو پیشەوەرێکی ورد کە لە کارگەیەکی دەستیی بچوکدا بە تاک دانیشتووە و نە لەسەر رەوتی تەکامولی «پیشەسازییەکان»ی پێشوو و نەک لەسەر چۆنیەتی بارودۆخی شێوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازییەکانی ئێستا، زانیاریەکی لەبەردەستدا نییە، کاری خۆی دەستن پێنەکردووە، بەڵکو وەکو بەشداربووی دامەزراوەیەکی بەرینەوە دەستپێبکاتن کە رەنگدانەوەی تەواوی هێرشی شۆڕشی گشتی لە دژی حکومەتی رەهایە. بە هەر رادەیەک کە هەرکام لەو تەگەرە بچوکانە کامڵتر بسوێن، بە هەر رادەیەک کە ژمارەی بەڕێوەبەرانی پسپۆڕی ورد بۆ کارە گشتییەکان زۆرتر بێتن، هەر بەو رادەیە تۆڕی ئێمە بەرینتر دەبێتن و هەر بەو رادەیە شکستی چارەهەڵنەگر، لە ریزی گشتی بەرهەمهێناندا شپرزیی کەمتری لێدەکەوێتەوە.

تەنها ئەرکی بڵاوکردنەوەی رۆژنامە خۆی لەخۆیدا دەتوانێتن پەیوەندیەکی راستەقینە پێکبێنێتن (ئەگەر ئەو رۆژنامەیە لایەقی ناوی رۆژنامە بێتن، واتا ئەگەر بەشێوەی رێکوپێک بڵاوبێتەوە و وەکو ئەو گۆڤارە قەبانە نەبێتن، کە مانگ نامەیان پێدەوترێتن، بەڵام لە جیهانی واقیعدا چوار مانگ جارێک بڵاو دەبێتەوە). ئێستا پەیوەندی نێوان شارەکان بۆ ئامانجی شۆڕشگێڕانە شتێکی زۆر کەموێنە یان لانیکەم ئەگەریش بێتن بە هەڵکەوتە، بەڵام ئەگەر ئەم رۆژنامە بڵاوبێتەوە، ئەم پەیوەندییانە رێکوپێک دەبێتن و ئاساییە کە نە تەنها

بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە، بەڵکو لە هەمانکاتدا (شتێک کە زۆریش گرینگترە) ئاڵوگۆڕی ئەزمون، زانیارییەکان، وزە و ئامرازەکانیش دابیندەکات. ئەو کاتە ئیتر ئاستی کاری ڕێکخراوەیی بە یەکجارەکی چەندین قات پەرەدەستێنێت، سەرکەوتنی شوێنێک بەردەوام هاندەری تەواوکەری دواتر دەبێت ئەو مەیلە پێکدێنێت، کە لە ئەزمونی ئەو هاوڕێیانەی کە لە دوورەدەسترین شوێنی وڵاتدا هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە دەکەن، کەڵک وەردەگرێت.

لەو کاتەدا، هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە لە ئێستا زۆر بەربڵاوتر و هەمەلایەنەتر دەبێت: ئەو کاتە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە لەقاودانی سیاسی و ئابوری کە لە تەواوی ڕوسیاوە گردوکۆ دەبێتەوە و بۆ وتوویژ و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان ئامراز و زەمینەیەک بە دەستەوە دەدات، هەر ئەو کێشەو گرفتانەی کە لە هەمانکاتدا، چ بە شێوەی ئانەو تەشەر لە چاپەمەنی ئاشکرادا و چ بە شێوەی ئەو قسانەی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەکرێن و چ لە ڕێگەی هەواڵی «جێگای شەرمەزاری» حکومەتیشەوە دێتە گۆڕێ. هەر هەڵچوون و شانۆیەک لە هەموو لایەنەکانیەوە لە گشت ڕوسیا هەڵدەسەنگێندرێت و دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و ئەو مەیلە دەوروژێنێت، کە لە کەسانی دیکە دوانەکەوێت و لەوانیش باشتر کار بکات. (ئێمەی سۆسیالیست بە هیچ شێوەیەک نەیاری هەر بەشێکی کێبڕکێ و ڕکابەر نین! و لە پێشەکییەکانی ئەوەی کە لە قۆناغی یەکەمدا، بارودۆخێکی خۆڕسکی پەیدا کردبوو، لەڕووی وشیاریەوە ئامادە بکرێت و لە بارودۆخی گونجاو، شوێنی دیاریکراو یان ساتی دیاریکراودا بۆ گۆڕینی شێوەی نەخشەی هێرش و هێتر کەڵکی لێوەربگیردرێت، لە هەمانکاتدا ئەو جمووجۆڵە لە هەڵسوڕانی ناوچەیی نابێتە هۆی ئەوەی کە وەکو ئەمڕۆ، هەر شانۆ یان هەر ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی ناوچەیی ببێتە هۆی هێنانی گوشاری «سەرەمەرگ» و بێهیوایان بۆ سەر تەواوی هێزەکانمان و خستنە

مەترسی هەموو کەسەکانەوە، چونکە لە لایەکەوە ئیتر ئەوە زۆر دژوارتر دەبێت کە «ریشە»ی ئەو کارانە بەدەست بێنێت، چونکە نازانێت لە کوێدا بەدوای ریشەدا بگەڕێت. لە لایەکی دیکەوە، کاری گشتی رێکوپێک، تاکەکان بەوە رادێنێت، کە هێزی هێرشی دیاریکراو لەگەڵ بارودۆخی دیاریکراوی هێزەکانی دەستەی دیاریکراو لە سوپای گشتی رێکبخات (ئێستا ئیتر کەس لەبیری ئەو هاوتەرییبکردنەدا نییە، چونکە لە دە بابەت، نۆ بابەتی ئەو هێرشانە بەشێوەی خۆڕسک بەڕێوەدەچێت)، بێجگە لە کاری گشتی رێکوپێک، «گەیاندن و گواستنەوە»ی نەک تەنها چاپەمەنییەکان، بەڵکو هێزە شۆڕشگێڕەکانیش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە ئاسان دەکاتەوە.

ئێستا کە گشت ئەو هێزانە لە زۆربەی بابەتەکاندا، هێزی خۆیان تا دوایین هەناسە بۆ کاری بەرتەسکی ناوچەیی تەرخان دەکەن، ئەوە لەحاڵێکدایە کە لەو کاتەدا مومکین دەبێت و هەمیشە زەمینەیەک پەیدا دەبێت کە ئاژیتاتۆر یان رێکخەرێکی تا رادەیەکی لایەق لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازرێتەوە. ئەم کەسانە کاری خۆیان لە سەفەرێکی بچوک بە خەرجی حزب و بۆ کاری حزبیەوە دەستپێدەکەن، پاشان وردە وردە خودەگرن بە تەواوی بە خەرجی حزب ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن و ببنە شۆڕشگێڕی پیشەیی و شارەزاو خۆیان بە جێگاو شوێنی پێشەوای سیاسی راستەقینە بگەیەنن.

هەر کاتێک بەراستی بەو مەبەستە گەیشتین، کە گشت یان لانیکەم زۆرینەی هـــەرەزۆری کۆمیتەکانی ناوچەیی و گرووپەکان و کـۆڕ و کۆمەڵەکانی خۆجێیی شێلگیرانە دەستبدەنە کاری گشتی، ئەو کات دەتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا رۆژنامەیەکی هەفتانە بڵاوبکەینەوە، کە بەردەوام لە تیراژی دەیان هەزار ژمارە لە تەواوی روسیادا بڵاوبێتەوە ئەم رۆژنامەیە

وەکو بەشێکی بچوک لە کلکی پیکی گەورەی ئاسنگەرێکدا دەبوو، هەر بروسکەیەکی خەباتی چینایەتی و تووڕەیی خەڵک دەکاتە ئاگرێکی گشتی. ئەگەر ئەو کارە بکەین، لە دەوروبەری ئەم کارەدا کە خۆی لەخۆیدا هێشتا زۆر بەبێ دەنگی و زۆر بچوک، بەڵام بەشێوەی رێکوپێک و بنەواوی مانا گشتییەکەی، بەردەوام سوپایەکی دایمی لە تێکۆشەرانی شارەزا کۆدەبێتەوە و فێر دەبن. ئەو کاتە ئیتر بە خێرایی لەنێو شۆڕشگێڕانی ئێمەدا ژۆلیابۆفەکانی سۆسیال دیموکراتی و لەنێو کرێکاراندا بێبێڵەکانی روسیا لە نێردەوانەکان و چێوبەسەکانی ئەو بینا رێکخراوەییەوە دەچوونە سەرەوە و لە سەرووی سوپایەکی رێکخراودا رادەوەستان و تەواوی خەڵکیان هاندەدا، بۆئەوەی لەگەڵ رژیمی نەگریسی روسیا حیساب لێدەربکەن. ئەوەیە ئەو شتەی کە دەبێت ئاواتەخوازی بین!

***

«دەبێت ئاواتەخوازی بین!». ئەم وشانەم نووسی و سام دایگرتم، وامدەزانی لەنێو «کۆنگرەی یەکگرتنەوە»دا دانیشتووم، سەرنوسەران و فەرمانبەرانی ”رابۆچیە دێلۆ“ بەرامبەرم دانیشتوون. لە پڕێکدا هاوڕێ مارتینێف رادەپەڕێ و بە لەحنێکی هەڕەشەئامێز روو لە من دەڵێت: «رێگام بدەن پرسیارتان لێبکەم: ئایا دەستەی نوسەرانی رۆژنامەیەکی سەربەخۆ بەبێ ئیزنی پێشووتری کۆمیتەکانی حزبی مافی ئەوەی هەیە ئاوات بخوازێت؟». پاش ئەو هاوڕێ کریچۆفسکی رادەپەڕێت (لەحاڵێکدا کە لەبواری فەلسەفیەوە وتەی هاوڕێ مارتینێف تەکمیلتر دەکات، هەر ئەو هاوڕێ مارتینێفەی کە دەمێکە وتەکانی پلێخانۆفی پەرەپێداوە) و بە راوێژێکی هەڕەشەئامێزەوە دەڵێت: «من زیاتر دەڕۆمە پێشەوە و دەپرسم کە ئایا بە گشتی کەسێکی مارکسیست، ئەگەر لە بیری نەبردبێتەوە کە لەگەڵ وتەی مارکسدا هاوڕایە،

کە مرۆڤایەتی بەردەوام ئەرکی جێگای بەدیهاتن لەبەردەم خۆی دادەنێت و تاکتیک بریتیە لە پڕۆسەی چوونە سەرەوەی ئەو ئەرکانەی کە لەگەڵ حزبدا گەشە دەکەن، مافی ئاوات خواستنی هەیە؟»

تەنها بیری ئەو پرسیارە سامناکانە ماسولکەکانم دێنێتە لەرزین و تەواوی بیر و خەیاڵم ئەوەیە، کە لە کوێدا خۆم بشارمەوە. هەوڵدەدەم لە پشتسەری (پیسارۆف)دا خۆم بشارمەوە.

پیسارۆف سەبارەت بە جیاوازی نێوان ئاوات و حەقیقەت نوسیویەتی: «جیاوازی لەگەڵ جیاوازی فەرقی هەیە. لەوانەیە ئاواتی من پێشی رەوتی سروشتی رووداوەکان بکەوێت، یان ئەوەی کە بە گشتی لە رێگە لابدات و بەرە و ئاراستەیەک بڕوات، کە رەوتی رووداوەکان هەرگیز ناتوانێت بەوێ بگات. لەئەگەری یەکەمدا، ئاوات هیچ زەرەر و زیانێک ناگەیەنێت، تەنانەت دەتوانێت وزەی کەسێکی زەحمەتکێش بپارێزێت و بەهێزی بکات. لە وەها ئاواتێکدا هیچ شتێک نییە، کە بتوانێت هێزی کار بەلاڕێدا بەرێت، یان ئیفلیجی بکات. تەنانەت بە گشتی بە پێچەوانەوە، ئەگەر مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک لێهاتوویی ئەو جۆرە ئاواتەخوازیەی نەبێت، ئەگەر نەتوانێت جاروبار بەرەوپێش بڕوات و نەتوانێت وێنەیەکی تەواو و هەمەلایەنە لەو مەخلوقەی کە لەژێر دەستیدا خەریکە گەشە دەکات لە مێشکی خۆیدا بێنێتە بەرچاو، من بە هیچ شێوەیەک ناتوانم بیر بکەمەوە، کە چ بزوێنەرێک مرۆڤ ناچار دەکات لە بواری زانست و هونەر و ژیانی بە کردەوەدا کاری بەرین وماندوکەر بەئەنجام بگەیەنێت.

جیاوازی نێوان ئاوات و حەقیقەت هیچ زیانێکی بەدواوە نابێت، بە مەرجێک کە کەسێک ئاواتەخوازە بەراستی باوەڕی بە ئاواتەکەی خۆی هەبێت، بە وردی تەواوی ژیان بگرێتە ژێر چاودێری خۆیەوە، بینراوەکانی

خۆی لەگەڵ ئەو کۆشکە خەیاڵییانەی لە مێشکی خۆیدا سازی کردووە، هەڵسەنگێنێت و بە گشتی لەڕووی ویژدانییەوە بۆ وەدیهێنانی خەیاڵاتی خۆی هەوڵبدات. کاتێک لەنێوان ئاوات و ژیاندا خاڵێکی پەیوەندی بوونی هەبێت، هەموو شتێک باشە و بەرەو باشی دەچێت».

بەداخەوە لە بزووتنەوەی ئێمەدا ئەو جۆرە ئاواتانە زۆر بە دەگمەن بەدی دەکرێن، سەبەبکاری ئەوەش بە گشتی لەمل نوێنەرانی رەخنەی عەلەنی و «پاشکەوتن»ی نا عەلەنیەوەیە، کە گوایە بە هۆشیاری خۆیان و «نزیکی»یان بە «شتەکانی «دیاریکراو»»، شانازی دەکەن.

ج) **پێویستمان بە چۆن رێکخراوێک هەیە؟**

لەوەی کە وتمان خوێنەر ئێدەگات، کە «تاکتیک-نەخشە» بریتیە لە رەتکردنەوەی دەستبەجێی هێرش و خواستی «گەمارۆی قەڵای دوژمن بە دروستی» یان بە واتایەکی دیکە خواستی ئەرکیزکردنی تەواوی هێزەکان بۆ کۆکردنەوە و پێکهێنان و ئەیارکردنی سوپایەکی هەمیشەیی. کاتێک کە بەو بۆنەوە کە "رابۆچیە دێلۆ" بەسەر «ئێکۆنۆمیزم»دا بازی دابوو و گاڵتەمان بە هات و هاوار سەبارەت بە هێرشکردن (کە لە ئەپریلی ساڵی 190 لە ژمارە 6ی «لیستیک رابۆچیە دێلۆ» وەرێخرابوو) کرد، هەڵبەت ئەویش هێرشی کردەسەر ئێمە و بە «ئایین پەرەستی دووگم» و تێنەگەیشتن ئەرکی شۆڕشگێڕانە و بانگهێشتنکردن بۆ دوورئەندێشی و خۆپاراستن و هیتر تۆمەتبارمانی کرد.

ئاساییە ئەم تۆمەتانە، بە هیچ شێوەیەک تووشی سەرسوڕمانمانی نەکرد، چونکە لە زمانی کەسانێکەوە دەهاتە دەر کە لە هەر چەشنە بناغەیەکی پرەنسیپی بێبەری بوون و بە ئایدەی قووڵبیرانەی «تاکتیک-پرۆسە» لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. هەروەها کاتێکیش کە (نادێژدین) کە بەگشتی بە

چاوێکی سووکایەتی ئامێزەوە چاوی لە پرەنسیپەکانی بەردەوامی بەرنامە و تاکتیک دەکرد، وەها تۆمەتێکیان دووپات دەکردەوە، بە هیچ شێوەیەک بەلامانەوە سەیر نەبوو.

دەڵێین کە مێژوو دووپاتنابێتەوە، بەڵام (نادێژدین) بە تەواوی هێزیەوە هەوڵدەدات کە مێژوو دووپات بکاتەوەو لەحاڵێکدا کە بەگەرم و گوڕی لاسایی تێکاچۆف دەکاتەوە، هێرش دەکاتەسەر «کەلتوری شۆڕشگێڕانەو سەبارەت بە «لێدانی ناقوسی شێواوی» و «روانگە»ی تایبەت «لە سەروبەندی شۆڕش» و هیتر هات و هاوار وەڕێ دەخات، گوایە نادێژدین ئەم ریوایەتە بەناوبانگەی لەبیر کردووە، کە ئەگەر خودی رووداوێکی مێژوویی تراژێدیایە، لاسایی کردنەوەی گاڵتەجارە. تاقیکردنەوە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کە مەوعیزەکانی تێکاچۆف ئامادەی کردبوو، لە رێگەی تیرۆری «سامناک»ەوە کە بەراستیش سامناک بوو، بە کردەوە دەرهات، تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو، بەڵام تیرۆری «وروژێنەر»ی تێکاچۆف بێجگە لە گاڵتەجارێکی بچوک هیچی تر نەبوو، بە تایبەتی کاتێک لەگەڵ ئایدەی رێکخستنی کرێکارانی مامناوەند تەکمیلی دەکەن، گاڵتەجاربوونی زۆرتر دەردەکەوێت.

نادێژدین دەنوسێت: «ئەگەر «ئیسکرا» لە بازنەی «کایەی چاپەمەنی» خۆیدا دەچووە دەرەوە، ئەوسا دەیبینی کە ئەوانە (واتا دیاردەکانی وەکو نامەی کرێکاری چاپکراو لە «ئیسکرا» ژمارە 7) نیشانەی ئەوەیە، کە بە خێرایی «هێرش» دەستپێدەکات و لەوەها بارودۆخێکدا (sic) قسەکردن لەسەر رێکخراوێک کە لە رێگەی زنجیرەگەلێکەوە بە رۆژنامەیەکی سەرتاسەری روسیا پەیوەند درابێتەوە، ماناکەی خەیاڵ پڵاوی و هەڵسوڕانی کورسی نشینییە». چاو لێبکەن چ شڵەژاویەکی فیکری بێوێنە دەبینن: لە لایەکەوە قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە تیرۆری وروژێنەر و «رێکخستنی کرێکارانی

مامناوەند»، لەگەڵ ئەم بۆچوونە کە کۆبوونەوە لە دەوری خواستی «دیاریکراوتر» بۆ وێنە لەدەوروبەری گۆڤارەکانی ناوچەیی «زۆر ئاسانترە»، وە لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێن لە ئێستادا قسەکردن لەسەر ڕێکخراوی سەرتاسەری ڕوسیا ماناکەی بێجگە لە خەیاڵ پڵاوی کابینەنشینان هیچی تر نییە، بە زمانێکی ڕاشکاوانەتر و سادەتر دەڵێن «ئێستا» ئیتر درەنگە!، بەڵام ئاغای ل. نادێژدین، ڕێکخراوی بەرینی گۆڤارە ناوچەییەکان چۆن، ئەوە کە هێشتا درەنگ نەبووە؟ ئێستا با بۆچوون و تاکتیکی «ئیسکرا» لەگەڵ ئەو بابەتە قیاس بکەین: تیرۆری «وروژێنەر» شتێکی بێمانایە، قسەکردن سەبارەت بە ڕێکخستنی بە تایبەتی کرێکارانی مامناوەند و پەرەپێدانی گۆڤارە ناوچەییەکان بە مانای کردنەوەی هەر دوو دەروازەکە بەرەوڕووی ئێکۆنۆمیزمدایە.

دەبێت سەبارەت بە ڕێکخراوێکی تاقانەی سەرتاسەری ڕوسیا کە شۆڕشگێڕان پێکیهێنابێت قسە بکەین و تا کاتێک کە هێرشی ڕاستەقینە (نەک هێرش لەسەر قاغەز) دەستپێبکات، قسەکردن لەو بارەشەوە درەنگ نییە.

نادێژدین قسەکەی خۆی درێژە پێدەدات و دەنوسێت: «بەڵێ لە بەشی ڕێکخراودا، کاری ئێمە بە هیچ شێوەیەک درەوشاوە نییە، بەڵێ «ئیسکرا» بە تەواوی هەقیەتی کە دەنوسێت جەماوەری سەرەکی هێزی شەڕکەری ئێمە کەسانی دڵخواز و ناڕازی پێکیدێنن. ئەوەی کە ئێوە بە وشیاریەوە هێزەکانمان لەبەرچاو دەگرن زۆر باشە، بەڵام لە هەمانکاتدا نابێت لەبیریشی بەرنەوە کە کۆمەڵ بە هیچ شێوەیەک هی ئێمە نییە و بەم بۆنەشەوە لێمان ناپرسن دەبێت لە چ کاتێکدا هەڵسوڕانی جەنگی دەستپێبکەن و خۆیان «ڕادەپەڕن»، کاتێکیش کە کۆمەڵ بەهێزی خۆڕسک و رووخێنەری خۆیەوە سەری بەرز کردەوە، ئەو کاتە لەوانەیە «سوپای هەمیشەیی» کە بۆ

پێکهێنانی ڕێکخراوێکی زۆر ڕێکوپێک لە ناویدا بۆ ماوەیەکی زۆر ئامادەکاری بۆ دەکرا، بەڵام بواری ئەوەیان دەستنەکەوت بە کردەوەی دەربێنن، پێشێلی بکەن و بەرەو داوە پاشەکشەی پێبکەن».

لۆژیکێکی سەیرە. هەر بەو بۆنەوە کە «کۆمەڵ هی ئێمە نییە» هات و هاوارەکان سەبارەت بە «هێرش»یش نەشیاو و بێ ئەدەبییە، چونکە هێرش بریتییە لە هێرشی سوپایەکی هەمیشەیی، نەک هەڵچوونی خۆڕسکی کۆمەڵ. هەر بەو بۆنەوە کە کۆمەڵ لەوانەیە سوپای هەمیشەیی پێشێلبکات و پاشەکشەی پێبکات، ئێمەش دەبێت بە شێوەیەک بۆ «بەدیهێنانی ڕێکخراوێکی زۆر ڕێکوپێک» لە سوپای هەمیشەیی کار بکەین، کە بە دڵنیاییەوە «بواری ئەوەمان دەستبکەوێت»، خۆمان بە بزووتنەوەی خۆڕسک بگەیەنین و پەیوەندی لەگەڵدا دامەزرێنین، چونکە بە هەر رادەیەک زۆرتر «بوارمان دەستبکەوێت» وەها ڕێکخستنێک بێنینە ئاراوە، هەر بەو رادەیەش کەمتر ئەگەری هەیە کە ئەو سوپایە لەلایەن کۆمەڵەوە پێشێلبکرێت، بەڵکو لە وەها بارودۆخێکدا سوپای هەمیشەیی لە ریزی یەکەمدا و لەبەردەم کۆمەڵدا رادەوەستێت و بزووتنەوەکە بەرەوپێش دەبات.

هۆکاری شڵەژاوی فیکری نادێژدین ئەوەیە، کە پێیوایە ئەو سوپایە کە خاوەنی ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکە، سەراقڵی کارێک دەبێت، کە لە کۆمەڵی جیادەکاتەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەراستیدا ئەو سوپایە تەنها سەرقاڵی کاری بانگەشەیی سیاسی هەمەلایەنە و گشتگیرە، واتا خەریکی کارێکە کە هێزی رووخێنەری خۆڕسکی کۆمەڵ بە هێزی رووخێنەری وشیاری ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان دەبەستێتەوە و لە بینایەکی گشتیدا کۆی دەکاتەوە. بەڕێزان، تاوانی خۆتان مەخەنە ملی کەسانی دیکە، چونکە ئەو دەستەیە «سوابدا»یە کە تیرۆری بردۆتە نێو بەرنامەی خۆیەوە و بەمشێوەیە بانگهێشتی ئەوە دەکات

کە ڕێکخراوێک لە تیرۆریستان پێکبێنن و وەها ڕێکخراوێکیش بە ڕاستی سوپاکەمان لە نزیکبوونەوە بە کۆمەڵ و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵیان، کە هێشتا بەداخەوە بەدەست ئێمەوە نییە و هێشتا بەداخەوە لێمان ناپرسن، یان بە دەگمەن دەپرسن کە لە چ کات و ساتێکدا و چۆن دەبێت چالاکی جەنگی دەستپێبکەن، دەبوێرێت.

نادێژدین درێژە بە ترساندنی «ئیسکرا» دەدات و دەڵێت: «ئێمە تەنانەت نازانین، کە شۆڕش چۆن دێت، هەر بەو جۆرەی کە نەمانزانی ڕووداوەکانی ئێستا کە وەکو بەفر لە ناکاو بەسەرماندا باری، چۆن هات و چوو». ئەم ڕستەیە، ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بێمانابوونی «ڕوانگە»ی تایبەتی « لە سەروبەندی شۆڕش» کە سوابدا لە خۆیەوە دەریکردووە، بە ئاشکرا نیشاندەدات. ئەم «ڕوانگە» تایبەتە ئەگەر بمانەوێت بڵێین، بە ئێرە دەگەیشت کە «ئێستا» ئیتر کاتی هۆکارهێنانەوە و ئامادەکردنی بەسەرچووە.

ئەگەر وایـە، کەوایە دوژمنی ڕێـزداری «کایەی چاپەمەنی»، ئیتر چ پێویستیەکی دەکرد کە لە (132) لاپەڕەی چاپکرداودا «سەبارەت بە بابەتەکانی تیۆری و تاکتیک» شت بنوسێت؟ ئایا ئێوە لەسەر ئەو بـاوەڕە نین، کە لە»ڕوانگەی «سەروبەندی شۆڕش»ەوە بڵاوکردنەوەی (132) هەزار نوسخەی دروشمی کورت! «دوژمن بکەرە ئامانج!» زۆر باشتر بوو؟

بۆ کەسێک کە وەکو»ئیسکرا» تەبلیغاتی سیاسی لەنێو هەموو خەڵک بکاتە بنەمای تەواوی بەرنامە، تاکتیک و کارە ڕێکخراوەکانی خۆی، ئەو مەترسیە کەمتر لە هەر مەترسیەکی دیکە هەڕەشە لە شۆڕش دەکات. ئەو کەسانەی کە لە سەرانسەری ڕوسیادا کارییان پێکەوەگرێدانی ریسمانەکانی ڕێکخراوێکە، کە لە ڕۆژنامەیەکی سیاسی سەرانسەری ڕوسیا جیابۆتەوە، نەک تەنها ڕووداوەکانی

بەهار لەبەرچاویان دوور نەدەهاتە بەرچاو، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو دەرفەتەی بۆ دەرەخساندن، کە ئەو رووداوانە پێشبینی بکەن، هەروەها ئەو شانۆیانەش کە لە ژمارە (13) و (14)ی «ئیسکرا»شمان کردۆتەوە، لەبەرچاویان دوور لە چاوەڕوانی نەبوو: بە پێچەوانەوە ئەوان لەو شانۆیانەدا بەشدارییان کرد و بەباشی لە ئەرکی خۆیان تێگەیشتن، کە دەبێت بە یارمەتی بزووتنەوەی خۆڕسکی کۆمەڵەوە بچن و لە هەمانکاتدا لە رێگەی رۆژنامەوە یارمەتییان بە گشت هاوڕێیانی روسیای خۆیان دەکرد، کە لەو شانۆیانە ئاگادار بن و ئەزمونەکانیان بەکاربێنن. ئەگەر زیندوو بمێننەوە، شۆڕشیش لەبەرچاویان وون نابێت، شۆڕشێک کە پێش لە هەر شتێک و زیاتر لە هەر شتێک ئەوە لە ئێمە دەخوازێت، کە لە تەبلیغاتدا ئەزمونمان هەبێت، ئەوە دەخوازێت کە بتوانین لە هەر چەشنە نارەزایەتیەک پشتیوانی بکەین (ئەویش پشتیوانیەک لە جۆری سۆسیال دیموکراسی) و بزووتنەوەی خۆڕسک هیدایەت بکەین و لە هەڵەی دۆستان و لە داوی دوژمنان بیپارێزین!

بەمشێوەیە بە دوا بۆچوونێک دەکەین، کە ناچارمان دەکات بە تایبەتی لەسەر نەخشەی پێکهێنانی رێکخراوێک بە دەوری رۆژنامەی سەرتاسەری روسیا لە رێگەی کاری هاوبەش لەو رۆژنامە گشتییەوە پێداگری بکەین. تەنها وەها رێکخراوێکە کە قابیلیەتی نەرم و نیانی پێویستی بۆ رێکخراوێکی تێکۆشەری سۆسیال دیموکراتیک یان بە واتایەکی دیکە لێهاتوویی خۆ هاوئاهەنگ کردنی خێرا لەگەڵ گۆڕینی بارودۆخەکانی خەبات دابیندەکات و ئەو توانایيە دەبەخشێت کە «لە لایەکەوە لە جەنگی ئاشکراو نابەوەخت لەگەڵ دوژمنێک کە لە بواری هێزەوە بە تەواوی زاڵە و هەموو هێزەکانی خۆی لە یەک شوێندا تەرکیز کردووە، خۆببوێرین و لە لایەکی دیکەوە لە نەبوونی چالاکی ئەو دوژمنە کەڵکوەربگرین و لەو کات و ساتەدا، کە کەمتر لە هەر ساتێکی

دیکە چاوەڕوانی دەکات هێرشبکەینە سەری. « هەڵەیەکی گەورە دەبوو ئەگەر ڕێکخراوی حزبی تەنها بە بۆنەی تەقینەوە یان خەباتی لەسەر شەقامەکان، یان تەنها لەسەر بنەمای « ڕەوتی پێشڕەوی خەباتی ئاسایی ڕۆژانە» دابمەزرایە.

پێویستە کاری ڕۆژانەی خۆمان بەئەنجام بگەیەنین و هەمیشە بۆ هاتنە ئارای هەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ئامادە بین، چونکە پێشبینی ئاڵوگۆڕی سەردەمی ئارامیی و گۆڕینی بە قۆناغی تەقینەوە لە زۆر بابەتدا مومکین نییە. لەو بابەتانەشدا کە ئیمکانی هەیە ناتوانین لەو بارودۆخە بۆ سەرلەنوێ سازکردنەوەی ڕێکخراو کەڵکی لێوەربگرین، چونکە وەها ئاڵوگۆڕێک لە وڵاتێکی ئیستبدادی بێسنووردا زۆر بە خێرایی دەچێتە پێشەوە و جاروبار تەنها بە غارغارانی شەوانەی فەڕاشەکانی تێزاری وابەستەیە. پێویستە خودی شۆڕشیش وەکو چەند گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی خێرا لەنێوان تەقینەوە و ئارامی کەم تازۆر تووند لەبەرچاو بگرین، نەک کردەوەیەکی جیاواز و تاقانە، کە هیچ پەیوەندیەکی بەوانی دیکەوە نەبێت (هەر بەو شێوەی وا پێدەچێت نادێژدین لێی حاڵییە).

بەم بۆنەوە، دەبێت کاکڵەی سەرەکی هەڵسوڕانی ڕێکخراوی حزبیمان و ناوەندی ئەو هەڵسوڕانە کارێک بێت کە چ لە قۆناغی بەهێزترین تەقینەوەکانی شۆڕشگێڕانەدا و چ لە قۆناغی هێمنیدا هەم مومکین و هەم پێویستە، واتا: کاری بانگەشەی سیاسی کە لە سەرانسەری ڕوسیای یەکگرتوودا بەڕێوە بچێت و گشت لایەنەکانی ژیان ڕوونبکاتەوە و بەرینترین جەماوەر لەبەرچاو بگرێت. ئەم کارەش لە ڕوسیا ئێستا بەبێ ڕۆژنامەیەک بۆ سەرانسەری ڕوسیا، کە بە ڕێکوپێکی و زوو بەزوو بڵاوبێتەوە، تەنانەت ناتوانین بیریشی لێ بکەینەوە. ڕێکخراوێک کە بەدەوری ئەم ڕۆژنامەیەدا پێکدێت، واتە ڕێکخراوی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامەیە (بەڕێوەبەر بە مانای بەرینی وشەکە، واتا تەواوی

ئەو کەسانەی کە بۆ رۆژنامە کاردەکەن) بۆ هەموو شتێک، لە پاراستنی جێگەو پێگەو متمانە و درێژەی کار و هەڵسوڕانی حزب لەکاتی گەورەترین کردەوە «سەرکوتگەرانەکان»ەوە بگرە هەتا داڕشتن و دیاریکردن و بەڕێوەبردنی راپەڕینی چەکدارانەی گشتی حازر و ئامادەیە.

لە راستیشدا، یەکێک لەو ناکامیانەی کە روودانی بۆ ئێمە شتێکی زۆر ئاساییە، لەیەک یان چەند شوێندا لەبەرچاو بگرن. ئەگەر هەموو رێکخراوەکانی ناوچەیی کارێکی گشتی رێک و پێکیان نەبێت، ئەو ناکامیانە زۆربەیان لەگەڵ پچڕانی کار بۆ ماوەی چەندین مانگ هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام ئەگەر کارێکی گشتی بۆ هەمووان بوونی هەبێت: بە فەڕز توندترین ناکامییەکانیش بێنە ئاراوە، لە وەها بارودۆخێکدا تەنها ئەوە بەسە دوو، یان سێ کەس لە کەسانی بەورە، بۆماوەی چەند هەفتە کار بکەن، بۆئەوەی کۆڕ و کۆمەڵێکی نوێ لە لاوان کە هەروەک ئاگادارین ئێستا زۆر بە خێرایی پێکدێن، لەگەڵ ناوەندی گشتیدا پەیوەند بدرێنەوە. کاتێکیش کە ئەو کارە گشتیە کە لەو ناکامیانە زیانی پێگەیشتووە، لەبەرچاوی هەمووان‌دا زەق بێت، ئەو کاتە لەوانەیە کۆڕ و کۆمەڵێکی نوێی دیسانەوە زۆرتر پێکبێت و لەگەڵیاندا پەیوەندی دابمەزرێنن.

لە لایەکی دیکەوە راپەڕینی خەڵک لەبەرچاو بگرن. پێموایە لە کاتی ئێستادا هەمووان لەگەڵ ئەوەدا هاوڕان، کە پێویستە لەبیری راپەڕیندا بین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین؟، بەڵام چۆن خۆمانی بۆ ئامادە بکەین؟کۆمیتەی ناوەندی خۆ ناتوانێت لە هەموو جێگایەکدا بەڕێوەبەر بۆ ئامادەکاری راپەڕین دابنێت! تەنانەت ئەگەریش کومیتە ناوەندیشمان بووایە دیسانەوە لەبارودۆخی ئێستای روسیادا بەو کارە ناتوانین شتێکی ئەوتۆ بەدەستبێنین. بە پێچەوانەوە لەنێو تۆڕێک لەو بەڕێوەبەرانەی کە وێڕای کارکردن بۆ پێکهێنان و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی گشتی پێکدێت، پێویست ناکات «دابنیشن و چاوەڕوان بێت «دروشمی راپەڕین بدرێت، بەڵکو کارێکی رێکوپێک دەکات، کە ئەگەر

ڕاپەڕین بێنە ئاراوە، ئەگەری گشتی سەرکەوتنی بۆ گەرەنتی دەکات.

ئەوە هەر ئەو کارەیە کە پەیوەندی حزب هەم لەگەڵ بەرینترین جەماوەری کرێکار و هەم لەگەڵ ئەو توێژانە، کە لە حکومەتی ڕەها ناڕازین، پتەوتر دەکات، هەروەها ئەوە هەر ئەو شتەیە، کە بۆ ڕاپەڕین گرنگیەکی زۆری هەیە. لە جەریانی ئەم کارەدایە کە لێهاتوویی بۆ بەدەستەوەدانی هەڵسەنگاندنی درووست لە بارودۆخی سیاسی و بەو پێیە لێهاتوویی هەڵبژاردنی ساتی گونجاو بۆ ڕاپەڕین پەروەردە دەکات. ئەو کارەیە کە ئەو خوە دەداتە هەموو ڕێکخراوە ناوچەییەکان، کە لە هەمانکاتدا وەڵامی جۆرێک کێشەی سیاسی و ڕووداو و ماجەرا بدەنەوە، کە ڕوسیای شڵەژاندووە و هەم وەڵامێک کە بەو «کێشانە» دەیدەنەوە تا ئەو جێگایەی دەکرێت بە شێلگیریەکی زۆرتر، یەکگرتووتر و عاقڵانەتر بێت، هەروەک دەزانین ڕاپەڕین، لە زاتی خۆیدا جدیترین، یەکگرتووترین و عاقڵانەترین «وەڵام»ی کۆمەڵانی خەڵک بە حکومەتە. سەرئەنجام ئەو کارەیە کە ئەو خوە دەداتە گشت ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان لە هەموو لایەکی ڕوسیاوە، هەمیشەییترین و لە هەمانکاتدا نهێنی ترین پەیوەندییەکان دابمەزرێنێت کە یەکێتی ڕاستەقینەی حزب پێکدێنێت و بەبێ بوونی ئەو پەیوەندییانە قسەو باسی بە کۆمەڵ سەبارەت بە نەخشەی ڕاپەڕین و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستی سەرەتایی لە سەروبەندیدا، کە دەبێت بە تەواوی نهێنی بمێنێتەوە، مومکین نییە.

بە کورتی «نەخشەی دامەزراندنی ڕۆژنامەیەک بۆ سەرتاسەری ڕوسیا»، نە تەنها بەرهەمی کاری ئەو کابینەنشینانە نییە، کە تووشی ئایین پەرەستی و کایەی چاپەمەنی بوون (هەر بەو جۆرەی کە هەندێک کەس لەو بابەتەوە بە درووستی بیریان نەکردۆتەوە، پێیانوایە)، بەڵکو بە پێچەوانەوە باڵاترین نەخشەیە بۆ ئەوەی کە بتوانین لە هەموو لایەکەوە ڕاپەڕین دەستپێبکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و لە هەمانکاتدا تەنانەت بۆ دەقەیەکیش کاری گرنگی ڕۆژانەی خۆمان لەبیر نەکەین.

### وتەی کۆتایی

مێژووی سۆسیال دیموکراسی بە ئاشکرا بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت:

قۆناغی یەکەم: نزیک بە دە ساڵ، واتا لە ساڵی 1884–1894 لەخۆ دەگرێت. ئەم قۆناغە، قۆناغی پەیدابوون و پتەوبوونی تیۆری و بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی بوو. سۆسیال دیموکراسی وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەری هێشتا سەریهەڵنەدابوو، ئەندامانی دەژمێردران. سۆسیال دیموکراسی بوونی هەبوو، بەڵام بزووتنەوەی کرێکاری و بەمشێوەیە، وەکو حزبێکی سیاسی، تازە رەوتی تەکامولی ساوایی خۆی تێپەڕ دەکرد.

قۆناغی دووهەم: سێ تا چوار ساڵ، واتا لە ساڵی 1894–1898 لەخۆ دەگرێت. سۆسیال دیموکراسی وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، وەکو هەڵچوونی جەماوەری خەڵک، وەکو حزبێکی سیاسی سەریهەڵدا. ئەم قۆناغە، قۆناغی منداڵی و گەنجێتی بوو. مەیلی گشتی رووناکبیران بۆ خەبات لەگەڵ بنەماکانی نارۆدنیکی و هاتوچۆکردنیان لەنێو کرێکاران و مەیلی گشتی کرێکاران بۆ مانگرتن، وەکو نەخۆشیەکی گشتگیر و ئێپیدێمی بە خێرایی بڵاودەبووەوە. بزووتنەوەی کرێکاری سەرکەوتنێکی زۆری بەدەستهێنا. زۆربەی رێبەران، کەسانێکی بە تەواوی لاون کە هێشتا بە «تەمەنی سی و پێنج ساڵی» کە بەرای (ن. میخایلۆفسکی) سنوورێکی سروشتیە، نەگەیشتبوون. ئەمانە کە بەهۆی لاویەوە هێشتا بۆ هەڵسوڕانی بە کردەوە لەنێو کرێکاران ئامادە نەبوون، بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەرەوە لە مەیدان وەدەر نران، بەڵام ئاستی هەڵسوڕانیان لە زۆربەی بابەتەکاندا زۆر بەرین بوو. شێوەی بیرکردنەوەی ژمارەیەکی زۆرییان لە سەرەتادا وەکو ناردولتسییەکان وابوو.

نزیک بە تێکڕای ئەوان لە سەردەمی لاویەتی خۆیاندا بە شەوقێکی زۆرەوە سەرنجیان بەرەو لای قارەمانانی تیرۆر راکێشرابوو. چارەسەرکردنی کاریگەری سەرنجراکێشی ئەو سونەتە پاڵەوانانە بە قیمەتی خەباتێکی چڕوپڕ بەدەست دەهات و وێڕای پچڕاندنی پردی پەیوەندی لەگەڵ کەسانێک، کە دەیانویست بە

هەر قیمەتێک بووە بەرامبەر بە (نارۆدنایا وێلیا) وەفادار بمێننەوە و سۆسیال دیموکراتە لاوەکان ڕێزێکی زۆریان بۆ دادەنـان. ڕەوتی خەبات ناچاریانی دەکرد دەستبدەنە بەدەستهێنانی زانیاری و زانست، کتێبی نهێنی هەر ڕێبازێک بخوێننەوە و بە جددی دەستبدەنە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ستراتێژی ئاشکرای نارۆدنیکی.

سۆسیال دیموکراتەکان کە لەو خەباتەدا بار هاتبوون، بەبێ ئەوەکە بۆ «سائێکیش» چ تیۆری مارکسیزم کە وەکو مەشخەڵێک دەدرەوشایەوە و ڕێگای سۆسیالیستەکانی ڕوونـدەکـردەوەو، چ ئەرکی ڕووخاندنی حکومەتی ڕەها لەبیر ببەن، بێنە نێو بزووتنەوەی کرێکاری. پێکهێنانی حزب لە بەهاری ساڵی 1898 بەرچاوترین و لە هەمانکاتدا دوایین کاری سۆسیال دیموکراتەکانی ئەو سەردەمە بوو.

قۆناغی سێیەم: هەروەک دیتمان سەرەتاکانی لە ساڵی 1897 دەرکەوتبوو و لە ساڵی 1898 بە تەواوی جێگای قۆناغی دووهەمی گرتەوە. ئەم قۆناغە، قۆناغی شپرزەیی و لێکترازان و ڕاڕایی بوو. ساتی لاوەیەتی کاتێک دەگات، کە دەنگی مرۆڤ گڕو دووڕەگە دەبێت. دەنگی سۆسیال دیموکراتەکانی ڕوسیا لەو قۆناغەشدا، هەر ئەو حاڵەتە گڕو دووڕەگەی پەیدا کرد و لە نوسراوەکانی ئاغایان سترۆوە و پڕۆکۆپۆویچ، بولگاکۆف و بێردیایۆف لەلایەک و بەرهەمەکانی و.ئی. وە ر.م، و ب، کریچۆفسکی و مارتینێف، لەلایەکی دیکەوە ئاهەنگی تەزویری بە خۆیەوە گرت، بەڵام تەنها ڕێبەرانی بزووتنەوە بەجیا لە یەکترین هەنگاویان هەڵدەگرت و بەرەو دواوە دەچوون. بزووتنەوەکە بە تووندوتۆڵی بەرەو پێشەوە هەنگاوی هەڵدەگرت. خەباتی پڕۆلیتاریایی، توێژە تازەکانی کرێکارانی دادەگرت و لە تەواوی ڕوسیادا تەشەنەی دەسەند، لە هەمانکاتدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر زیندووبوونەوەی ڕۆحی دیموکراسی لەنێو خوێندکاران و تووێژەکانی دیکە دادەنا، بەڵام ئاستی وشیاری ڕێبەران لە بەرامبەر پەرەسەندن و گەشەکردنی هەڵچوونی خۆڕسکی جەماوەری نزم

بوو. لەم کاتەدا، لەنێو سۆسیال دیموکراتەکاندا گرووپێکی دیکە زاڵببوو، کە لە هەڵسوڕاوانێک پێکهاتبوو کە تەنها بە چاپەمەنی «ئاشکرا»ی مارکسیستی بارهاتبوون، ئەوە لە حاڵێکدایە، کە هەر بەو رادەیەی کە بزووتنەوەی خۆڕسکی جەماوەری وشیاریەکی زۆرتری دەخواست، هەر بەو رادەیەش زۆرتر روون دەبووەوە، کە ئەم چاپەمەنیە مارکسیستیە «عەلەنی»یانە بەس نییە.

رێبەران نەک تەنها لەبواری تیۆریەوە (ئازادی رەخنەگرتن) و لەکردەوەدا («وردەکاری») دوادەکەوتن، بەڵکوو بەشێوەی جۆراوجۆر هۆکاری بریقەداریان دەهێنایەوەو هەوڵیاندەدا لەو دواکەوتنەی خۆیان بەرگری بکەن. سۆسیال دیموکراتیزم، چ لەلایەن بێرنیشتانیستەکانی چاپەمەنی عەلەنی و چ لەلایەن شوێنکەوتوانی چاپەمەنی نهێنی هەتا ئاستی تریدیۆنیۆنیزم سووک دەکرا. بەرنامەی «Credo» خەریکبوو بە کردەوە دەردەهات، بە تایبەتی کاتێک کە «وردەکاری» سۆسیال دیموکراتەکان دەبووە هۆی گەشەکردنی رێگاو رێبازی شۆڕشگێڕانەی غەیرە سۆسیال دیموکراتیک.

بەم پێیە ئەگەر خوێنەر رەخنەم لێبگرێت، کە بۆچی من بەم تێرو تەسەلیە دەستم دایە قسەوباس سەبارەت بە "رابۆچیە دێلۆ"، وەڵامی دەدەمـەوە: "رابۆچیە دێلۆ" بەو بۆنەوە لە بواری مێژووییەوە گرنگی هەبوو، کە رەنگدانەوە «رۆحی» ئەم قۆناغە، واتا قۆناغی سێیەمی بەرچاوتر لە هەر شتێکی دیکە بوو. ئەوە ر.م.ی شێلگیر نەبوو، بەڵکو کریچۆفسکییەکان و مارتینێفەکانی جۆراوجۆر بوون کە دەیانتوانی نومادی راستەقینەی شڵەژاوی و ڕاڕایی و ئامادەیی بۆ کۆڵدان چ لە بەرامبەر «رەخنە» و چ لە بەرامبەر «ئێکۆنۆمیزم» و چ لە بەرامبەر تیرۆریزمدا بن. ئەوەی تایبەتمەندی ئەم قۆناغە دیاریدەکات سووکایەتی فڵانە ستایشگەری «زاتی رەها» بەرامبەر بە کاری بە کردەوە نییە، بەڵکو تێکەڵکردنی پڕاتیسیزم لەگەڵ کەمتەرخەمی تەواو بەرامبەر بە تیۆریە. پاڵەوانانی ئەم قۆناغە زۆرتر خەریکی قیزەونکردنی «قسەکانی گەورەپیاوان» بوون تاکو راستەوخۆ حاشاکردن لەو قسانە: سۆسیالیزمی زانستی ئیتر لایەنی تیۆریەکی بە تەواوی

شۆڕشگێڕانەی لە دەست دەدات و دەبووە شەلەم شۆرباوێک کە لە هەر چەشنە کتێبێکی دەرسی تازەی ئەڵمانی «ئازادانە»دا تۆزێک شلەمەنییان پێ زیاددەکرد. دروشمی «خەباتی چینایەتی» نە تەنها تاکەکان بەرەو پێشەوە و بەرەو هەڵسوڕانی زیاتر لە جەریان پاڵ پێوە نەدەدنا، بەڵکو ئامرازێک بوو بۆ دامرکاندنەوە و خۆتەسکین دان، چونکە سەرئەنجام «خەباتی ئابوری لەگەڵ خەباتی سیاسیدا پەیوەندیەکی نەپساوەی هەیە». بیرۆکەی پێکهێنانی حزب وەکو بانگەوازێک بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی تێکۆشەری شۆڕشگێڕان بە ئەژمار نەدەهات، بەڵکو جۆرێک «بڕوکراتیزمی شۆڕشگێڕ» و «دیموکراتیزم» یاری منداڵانەی پاساو دەکرد.

قۆناغی سێهەم کەی تەواو دەبێت و قۆناغی چوارەم (کە گەلێک نیشانە و بەڵگەی موژدەی ئەو قۆناغە دەدەن) دەستپێدەکات، ئێمە ئەوە نازانین. لێرەدا ئیتر لە بابەتی مێژوو تێپەڕ دەبین و دەچینە نێو کاتی ئێستا و تا رادەیەکیش داهاتوو، بەڵام ئێمە دڵنیاین کە قۆناغی چوارەم بە قورس و قایمی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی لێدەکەوێتەوە و سۆسیال دیموکراسی روسیا بە پتەوی و بە پێگەیشتوویی لەو قەیرانە دێتەدەر و گرووپی بە راستی پێشەنگی شۆڕشگێڕترین چین «بۆ گۆڕینی» جڵەوی ئۆپۆڕتۆنیستەکان دێنە مەیدان.

بۆ بانگەوازکردن بۆ ئەم «گۆڕانکاریە» و بۆ کورتکردنەوەی تەواوی ئەو بابەتانە لە سەرەوە، دەتوانین بە کورتی بەمشێوەیە وەڵامی پرسیاری دەبێت چ بکەین؟ بدەینەوە:

دەبێت قۆناغی سێیەم لەنێو ببەین!

## پاشکۆ
## هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی «ئیسکرا»و ”رابۆچیە دێلۆ“

بۆ ئێمە شیکردنەوەی ئەو تاکتیکە دەمێنێتەوە کە «ئیسکرا» لە پەیوەندیە رێکخراوەییەکانی خۆیدا لەگەڵ ”رابۆچیە دێلۆ“ قبووڵی کردووە و بەردەوام رەچاویکردووە. ئەم تاکتیکە هەر لە هەمان ژمارەی یەکەمی «ئیسکرا»دا، لە بابەتی سەبارەت بە «جیابوونەوە لە یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیای دانیشتووی دەرەوە» بە تەواوی باسکراوە. دەستبەجێ ئەو باوەڕەمان پەیدا کرد کە «یەکێتی» ئێستای «سۆسیال دیموکراتەکانی روسیای دانیشتووی دەرەوە» کە لە یەکەمین کۆنگرەی حزبی ئێمەدا وەکو نوێنەی دانیشتووانی دەرەوەی وڵاتی حزب ناسرابوو، بەسەر دوو رێکخراودا دابەش بووە. هەر بەم هۆیەشەوە کێشەی نوێنەرایەتی حزب بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

ئەو کێشەیە تەنها بە شێوەی کاتی و بە مەرج بەمشێوەیە چارەسەرکراوە، کە لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی پاریسدا بۆ دەبیرخانەی هەمیشەیی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی لە روسیا دوو کەسی وەکو ئەندام، واتا لە هەر بەشێکی جیابووەوەی «یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیای دانیشتووی دەرەوە» کەسێکی هەڵبژاردووە. ئێمە رامانگەیاند کە لە راستیدا ”رابۆچیە دێلۆ“ بەرهەق نییە، لەبواری پرەنسیپیشەوە بەجیدی لایەنی گروپی «ئازادی کار»مان گرت، بەڵام لەهەمانکاتدا لەچوونە نێو وردەکاریەکانی هۆکاری جیابوونەوە خۆمان بووارد و خزمەتەکانی «یەکێتی» لە بواری هەڵسوڕانی بە کردەوەمان وەبیر

هێنایەوە.

بەمشێوەیە هەڵوێستی ئێمە تا رادەیەک هەڵوێستی چاوەڕوانی بوو: ئێمە بەرامبەر بە باوەڕێک کە لەنێو زۆربـەی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیادا زاڵبوو و باسی لەوە دەکرد کە دوژمنانمان بە تەواوی لەسەر ئەوە سوورن، کە ئێکۆنۆمیزمیش دەتوانێت شانبەشانی «یەکێتی» کار بکات، بێ دەنگیمان لێکرد، چونکە یەکێتی چەندین جار لە بواری پرەنسیپیەوە رەزامەندی خۆی لەگەڵ هەڵوێستەکانی گرووپی «رزگاری کار» دەربڕیبوو و لە رواڵەتدا لە کێشە سەرەکییەکانی تیۆری و تاکتیکدا، بانگەشەی هیچ سیمایەکی سەربەخۆی نەدەکرد. راستی و دروستی هەڵوێستی ئێمە بە شێوەی راستەوخۆ لەوێوە جەختکرا کە هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ژمارەی یەکەمی «ئیسکرا» (مانگی دێسەمبەری ساڵی 1900) سێ ئەندام لە «یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیای دانیشتووی دەرەوە» جیابوونەوە کە «گرووپی داهێنەران»یان پێکهێنا و چوونە لای ئەو رێکخراوانەی خوارەوە: 1. لقی دەرەوەی رێکخراوی «ئیسکرا». 2. رێکخراوی شۆڕشگێڕی «سۆسیال دیموکرات» . 3. «یەکێتی» و بۆ دانوستان سەبارەت بە ئاشتی پێشنیاری ناوبژیوانیان هێنایە گۆڕێ. رێکخراوی 1 و 2 دەستبەجێ وەڵامی «ئەرێنی»یان پێداوەو رێکخراوی سێهەم رەتیکردەوە.

وەک وتاربێژێک لە کۆنگرەی «یەکگرتنەوە»ی ساڵی رابـردوودا ئەو راستیەی دەربڕیبوو، یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی رێبەرایەتی «یەکێتی» رایگەیاند، کە هۆکاری رەتکردنەوەی ئەو پێشنیارە لەلایەن ئەوانەوە تەنها ئەوە بووە کە «یەکێتی» لە پێکهاتەی گرووپی داهێنەران رازی نەبووە. وەبیرهێنانەوەی ئەم تێبینیە بەئەری خۆم دەزانم، بەڵام ناتوانم لەلایەن خۆمەوە وەبیری نەهێنمەوە کە بەرای من ئەم روونکردنەوەیە، بە هیچ

شێوەیەک ڕەزایەتبەخش نییە: چونکە «یەکێتی» کە لە ڕەزامەندی ئەو دوو ڕێکخراوە بۆ دانوستان ئاگادار بوو، دەیتوانی لەڕێگەی ناوبژیوانی ئەوی دیکە یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بچێتە لایان.

لە بەهاری ساڵی 190یشدا، گۆڤاری «زاریا» (ژمارەی یەکەم، مانگی ئەپریل) و هەم «ئیسکرا» (ژمارەی 4، مانگی مەی) بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ "رابۆچیە دێلۆ"دا تووشی موناقەشە بوو. «ئیسکرا»، بە تایبەتی لە بابەتی «ئاڵوگۆڕی مێژوویی»دا هێرشی کردبووە سەر "رابۆچیە دێلۆ" کە لە ژمارەی ئەپریلی خۆیدا کە دوای ڕووداوەکانی بەهار بڵاوبووەوە، سەبارەت بە بابەتی تامەزرۆیی بەرامبەر بە تیرۆر و بانگەواز بۆ «خوێنڕشتن» ڕاڕایی لەخۆی نیشاندابوو و هەڵوێستێکی ڕوونی نەگرتبوو. سەرەڕای ئەو موناقەشەیە، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان سەبارەت بە ئاشتی بە ناوبژیوانی گرووپی تازەی «ئاشتیدەرەکان» ڕەزامەندی خۆی دەربڕی. لە مانگی حوزەیران، کۆنفرانسی سەرەتایی نوێنەرانی ئەو سێ ڕێکخراوە پێکهات و بەپێی «ڕەزامەندی نامەی پرەنسیپی» زۆر تێروتەسەل کە لەلایەن «یەکێتی»یەوە لە نامێلکەی «دوو کۆنگرە» و لەلایەن لیگا لە نامێلکەی «بەڵگەنامەکانی کۆنگرە»ی «یەکگرتنەوە» بڵاو بووەوە، گەڵاڵەی ئەو گرێبەستەی تەنزیم کرد.

ناوەرۆکی ڕەزامەندی نامەی پرەنسیپی (یان ناوێک کە زۆربەیان بۆ ئەو نامەیە دایدەنێن: بڕیارنامەی کۆنفرانسی ژۆئەن) بە ڕوونی نیشانیدەدات کە مەرجی ئێمە بۆ یەکگرتن بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی یەکلایی گشت ڕەنگدانەوەکانی ئۆپۆرتۆنیزم بە گشتی و ئۆپۆرتۆنیزمی ڕوسیا بە تایبەتی. لە خاڵی یەکەمدا دەوترێت: «ئێمە هەر هەوڵێک بە مەبەستی کردنەوەی ڕێگای ئۆپۆرتۆنیزم بۆ نێو خەباتی چینایەتی ڕەتدەکەینەوە. مەبەست ئەو هەوڵانەیە کە بەشێوەی ئێکۆنۆمیزم، بێرنیشتاینیزم، میلێرانیزم و لەو

چەشنە خۆی دەرخستووە». «بازنەی هەڵسوڕانی سۆسیال دیموکراسی خەباتی ئایدئۆلۆژیک لە دژی هەموو دوژمنانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەخۆ دەگرێت». (خاڵی 4 بەندی–ج). «نابێت سۆسیال دیموکراسی لە هیچکام لە بوارەکانی هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی و تبانگەشەیی خۆیدا بۆ ساتێکیش ئەرکی هەنووکەیی پڕۆلیتاریای روسیا، واتا رووخاندنی حکومەتی رەها لەبیر بکات» (5، بەندی الف) «پڕوپاگەندە نابێت تەنها لەبواری خەباتی رۆژانەی کاری کرێگرتە لەگەڵ سەرمایەدا بێت. « (5، بەندی ب)» بەبێ ئەوەی کە قۆناغی خەباتی ئابووری و خەبات بۆ داخوازی جیاوازی سیاسی بەفەرمی بناسرێت (5، بەندی ج).

ئێمە رەخنەگرتن لەو رەوتانەی کە سەرەتایی و بەرتەسک بوونی شێوە نزمەکانی بزووتنەوە هەتا ئاستی پرەنسیپ بەرز دەکەنەوە، بۆ بزووتنەوەکەمان بە گرنگ دەزانین» (5، بەندی د). تەنانەت کەسێکی بێ لایەنیش کە بە وردی ئەو بڕیارنامەی خوێندبێتەوە هەر لە فۆرمۆڵبەندیەکانییانەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئەو بڕیارنامانە کەسانێک دەداتە بەر ئامانجی خۆی کە ئۆپۆڕتۆنیست و «ئێکۆنۆمیست»ن و بۆ ساتێکیش بووە، ئەرکی رووخاندنی حکومەتی رەهایان لەبیر بردۆتەوە، باوەڕیان بەتیۆری قۆناغەکان بووە، ئاستەنگیەکانیان هەتا ئاستی پرەنسیپ بەرزکردۆتەوەو هیتر. تەنانەت هەر کەسێکیش تۆزقاڵێک لەگەڵ مەناقەشەیەک کە گروپی «رزگاری کار»، «زاریا» و «ئیسکرا» لەگەڵ ”رابۆچیە دێلۆ“ تووشی بوونن ئاشنا بێت، تەنانەت بۆ ساتێکیش لەوەدا گومان ناکات کە ئەو بڕیارنامەیە هەر ئەو هەڵانەی خاڵ بەخاڵ رەتکردوەتەوە کە ”رابۆچیە دێلۆ“ تووشی بووە.

بەم پێیە کاتێک کە یەکێک لەئەندامانی «یەکێتی» لەکۆنگرەی «یەکگرتنەوە»دا رایگەیاند کە هۆکاری نووسینی بابەتەکانی ژمارە 10ی

"رابۆچیە دێلۆ" «ئاڵوگۆڕی مێژوویی» نوێی «یەکێتی» نەبووە، بەڵکو بەهۆی لایەنی لەرادە بەدەر «ئینتزاعی» بڕیارنامەکەوە بووە، ئەو وتاربێژەی کە رەخنەی لەو قسانە گرت، بە تەواوی بەرهەق بوو.

ئەم رستەیە بەم دواییانە بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشی لە کۆنگرە هێنایەئارا. لەلایەکەوە ب. کریچۆفسکی خۆی بە وشەی «خستنە داو»ەوە لکاند و باوەڕ بەوەی کە ئەم رستەیە لە ناکاو لەدەم وتەبێژ پەڕیوە و نیەتی قێزەونی ئێمەی («داو دانەران»)ی درکاندووە، لە ناخیەوە هاوار دەکات: «چ کەسێکی تایبەتی، کێی خستووتە نێو داوەوە؟» پلێخانۆفیش بە لەحنێکی رەخنەگرانەوە پرسیاری کرد: «بەراستی کێی خستۆتە نێو داوەوە؟». «من یارمەتی هاوڕێ پلێخانۆف دەکەم و بۆی روون دەکەمەوە کە لێرەدا دەسنەی نووسەرانی "رابۆچیە دێلۆ"م خستۆتە نێو داوەوە (قاقای هەمووان بەرز دەبێتەوە)، بەڵام ئێمە نەمانهێشت بمانخەنە نێو داوەوە!» (دەنگێک لەلای چەپەوە: ئەوە خۆ بۆ خۆتان خراپترە!). لە لایەکی دیکەوە ئەندامێکی «خەبات» (گرووپی ئاشتیدەرەکان) لە حاڵێکدا کە لەگەڵ چاکسازییەکانی «یەکێتی» لە بڕیارنامەکەدا دژایەتی دەکرد، بە مەبەستی بەرگریکردن لە وتاربێژی ئێمە رایگەیاند کە رستەی «دەیانخستە نێو داوەوە» وا پێدەچێت لە گەرمەی موناقەشەدا لە دەمیان دەرپەڕیبێت.

بەڵام من پێموایە وەها «بەرگری»یەک بۆ وتاربێژێک کە ئەو رستەیەی بەکاربردووە، ئاکامی پێچەوانەی بە دواوە دەبێت. بە باوەڕی من رستەی «کەسێکیان دەخستە داوەوە» «بۆ گاڵتە وتراوە، بەڵام بەجیا وتوویانە»: ئێمە هەمیشە "رابۆچیە دێلۆ"مان بە ڕاڕایی و ناسەقامگیری تۆمەتبار کردووەو هەر بۆیەشە ئاساییە دەبێت هەوڵبدەین لە کاتی بەڕێوەبردنی تاوانەکەیدا بیگرین، بۆ ئەوەی ئەو ڕاڕاییانە بۆ داهاتوو ناومکین بکەین. لێرەدا تەنانەت ناکرێت قسە لە نیەتی قێزەون لە گۆڕێدا بێت، چونکە قسە لەسەر ڕاڕایی و

ناسەقامگیری پرەنسیپی بووە. ئێمە توانیمان ئەوەندە بە شێوەیەکی دۆستانە لە کاتی بەڕێوەبردنی ئاواندا موچی «یەکێتی» بگرین  کە ب. کریچۆفسکی و ئەندامێکی دیکەی لیژنەی ڕێبەرایەتی «یەکێتی» بڕیارنامەکانی مانگی ژۆئەنیان واژۆکرد.

بابەتەکانی ژمارە 10ی "رابۆچیە دێلۆ" (هاوڕێیانی ئێمە کاتێک توانییان ئەو ژمارەیە ببینن کە بۆ بەشداری کردن لەکۆنگرەدا هاتبوون، واتە چەند رۆژ پێش لەدەستپێکردنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرە) بەراشکاوی نیشانیاندا کە لەهاوینەوە تا پاییز لە «یەکێتی»دا گۆڕانکاریەکی نوێ هاتۆتە ئارا: ئێکۆنۆمیستەکان دیسانەوە زاڵبوون و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "رابۆچیە دێلۆ" کە با لەهەر کوێوە هات بەو لایەدا شەن دەکات، دیسانەوە دەستبەکار بووە کە لە «سەرقورترین بێرنیشتاینیەکان» و «ئازادی رەخنەگرتن» و لە «رەوتی خۆڕسک» بەرگری بکات و بە زمانی مارتینێفی پڕوپاگەندە بۆ «تیۆری بەرتەسکبوونەوەی» مەیدانی کاریگەری و نفوزی سیاسیمان (کە گوایە مەبەست لەو قسەیە ئاڵۆزکاوتر کردنیەتی) بکات. جارێکی دیکە قسەکانی سایبی پاروسیا تەئید کرا کە دەیوت دژوارە بتوانین لە ڕێگەی فرمولەوە موچی کەسێکی ئۆپۆڕتۆنیست بگرین: ئەو بە ئاسانی هەر چەشنە فۆرمۆڵێک واژۆ دەکات و بە ئاسانیش پاشەکشە دەکات، چونکە ئۆپۆڕتۆنیزم بریتیە لە نەبوونی پرەنسیپی دیاریکراو و سەقامگیر.

ئەمڕۆکە ئۆپۆڕتۆنیستەکان هەر چەشنە هەوڵێک بۆ هێنانی ئۆپۆڕتۆنیزم بۆ نێو مارکسیزم رەتدەکەنەوە، لەقە لە هەر چەشنە ئاستەنگیەک دەدەن و بەڵێنی بریقەدار دەدەن، کە «تەنانەت مەسەلەی رووخاندنی حکومەتی رەها لەبیر نەکەن» و «بانگەشەی خۆیان تەنها لە بواری خەباتی رۆژانەی کاری کرێگرتە لەگەڵ سەرمایە»دا بەئەنجام نەگەیەنن و هیتر و هیتر، بەڵام سبەینێ شێوەی قسەکەی خۆیان دەگۆڕن و لەژێر ناوی بەرگری لە رەوتی خۆڕسک،

بەرگری لە رەوتی پێشڕەوی خەباتی ئاسایی رۆژانە و بەباڵا هەڵگوتانی ئەو خواستانەی، کە موژدەی دەرئەنجامی هەنووکەیی دەدەن و هیتر، دیسانەوە دەستدەدەنە کاری پێشوویان. «یەکێتی» کە هەروا جەخت دەکاتەوە لە بابەتەکانی ژمارە (10)دا «هیچ چەشنە پاشەکشەیەکی رێویزیۆنیستی لە پرەنسپەکانی گشتی گەلاڵەی کۆنفرانسی نەدیوە و نابینێت» (دوو کۆنگرە ل 26)، بەمشێوەیە تەنها نالێهاتوویی تەواو یان نەبوونی مەیل بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی جیاوازییەکانی ئاشکرا دەکات.

پاش ژمارە (10)ی "رابۆچیە دێلۆ" تەنها تاقیکردنەوەیەکمان بۆ مایەوە، ئەویش قسەو باسە گشتییەکان دەستپێبکەین، بۆئەوەی دڵنیابینەوە، کە ئایا تەواوی «یەکێتی» لەگەڵ ئەو بابەتانە و هەروەها لەگەڵ دەستەی نوسەرانی خۆیدا هاوڕایە یان نا. «یەکێتی» بە تایبەتی لە کاری ئێمە نارازیە و بەوە تۆمەتبارمان دەکات کە دەمانەوێت تۆوی دووبەرەکایەتی لە ریزەکانی «یەکێتی»دا بچێنن و دەستبخەینە نێو کاروباری ناوخۆیی و هیتر. بە ئاشکرا ئەو تۆمەتانە بێبنەمایە، چونکە بە بۆنەی ئەوەی کە دەستەیەکی نوسەرانی هەڵبژێردراو هەیە، کە بە هاتنی بچووکترین شنە بایەک «هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت، هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە هاتنی ئەو شنە بایەوە. ئێمەش ئاراستەی ئەو بایەمان لەو کۆبوونەوە نهێنییانە دیاریکرد، کە بێجگە لە ئەندامانی ئەو رێکخراوانەی کە بۆ یەکگرتنەوە کۆببوونەوە، کەسیان تێدا نەبوو.

ئەو داشکاندنانەی کە لەلایەن «یەکێتی»ەوە، سەبارەت بە بڕیارنامەکانی مانگی ژۆئەن پێشنیار دەکرا، دوایین تیشکی هیوای ئێمەی بۆ سازش لەنێو برد. ئەم ریفۆرمانە شایەتێکی بەڵگەمەند بوو لەسەر گۆڕانکاریەکی نوێ بەرەو ئێکۆنۆمیزم و هاوپشتی زۆرینەی «یەکێتی» لەگەڵ ژمارە (10)ی "رابۆچیە

دێلۆ". لەنێو نیشانەکانی ئۆپۆرتۆنیزمدا، وشەکانی «بەناو ئێکۆنۆمیزم»یان سڕیەوە (چونکە گوایا ئەو دوو وشەیە «واتایەکی نادیاریان هەیە»، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەو هۆکارهێنانەوەیەدا تەنها دەتوانین بەدەرئەنجامێک بگەین کە دەبێت ناوەرۆکی ئەو چەواشەکاریەی کە بەشێوەیەکی بەرین باوە، وردتر دیاری بکات)، «میلێرانیزم» سڕابووەوە (ئەگەرچی ب. کریچۆفسکی لە ژمارە 2–3ی "رابۆچیە دێلۆ" ل 83–84 و لەوەش راشکاوانەتر لە «Vorwarts»دا بەرگری لێکردبوو).

سەرەڕای ئەوەی کە بڕیارنامەکانی مانگی ژۆئەن، بە راشکاوی ئەرکی سۆسیال دیموکراسی سەبارەت بە «رێبەری هەر چەشنە نومادێکی خەباتی پرۆلیتاریا لە دژی تەواوی شێوەکانی چەوسانەوەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی» دیاری دەکرد و بەمشێوەیە خوازیاری ئەوەبوو، کە لە هەر چەشنە نومادێکی خەباتدا نەخشەیەکی رێکوپێکی هەبێت و یەکگرتوو بێت، بەڵام «یەکێتی» وشەگەلێکی بە تەواوی بێ جێی پێ زیاد دەکرد. لەوانە «خەباتی ئابوری بزوێنەری بەهێزی بزووتنەوەی جەماوەرییە» (ئەم وشانە خۆی لەخۆیدا راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام لە کاتێکدا کە «ئێکۆنۆمیزم»ی بەرتەسک زاڵبوو، ئەو وشانە نەیدەتوانی بیانوویەک بۆ خراپ لێ تێنەگەیشتنی تێدا نەبێت).

بێجگە لەوە لە بڕیارنامەکانی مانگی حوزەیران هەندێک گۆڕانکاری پێکدەهێنا کە «سیاسەتی» بە شێوەی راستەوخۆ بەرتەسک دەکردەوە، چونکە لە لایەکەوە، رستەی «نابێت سۆسیال دیموکراسی لە هیچکام لە بوارەکانی هەڵسوڕانی رێکخراوەیی و بانگەشەی خۆیدا بۆ ساتێکیش ئەرکی هەنووکەیی پرۆلیتاریای روسیا، واتا رووخاندنی حکومەتی رەها لەبیر بکات»ی لادەبرد و لە لایەکی دیکەوە رستەی: «خەباتی ئابوری بۆ راکێشانی جەماوەر بۆ خەباتی سیاسی بە گشتی "ئامرازێکە کە زیاتر لە هەموو ئامرازەکانی دیکە بەکەڵکە"ی

پێ زیاد دەکرد. ئاشکرایە کە پاش بە کردەوە دەرهێنانی ئەو گۆڕانکارییانە گشت ئەو وتاربێژانەی کە لایەنی ئێمەیان دەگرت، درێژەی دانوستانەکان لەگەڵ کەسانێک کە دیسانەوە روویان هێنابووە ئێکۆنۆمیزم و ئازادی دوودڵی و ڕاڕاییان بۆ خۆیان دابین دەکرد، بە تەواوی بەبێ کەڵک دەزانی و یەک لەدوای یەک لە قسەکردن لەو بارەیەوە خۆیان دەبوارد.

«هەر ئەو شتەی کە «یەکێتی» بە مەرجی «رەهای پێویست» بۆ پتەوکردنی سازشی داهاتوو، واتا پاراستنی سیمای سەربەخۆی "رابۆچیە دێلۆ" و خۆبەڕێوەبەری ئەژمار دەکرد، «ئیسکرا» پێی وابوو بەردی سەر رێگای سازشە» («دوو کۆنگرە» ل 25). ئەمە زۆر نادرووستە. ئێمە هیچکاتێک نەمانویستووە دەستدرێژی بکەینە سەر «سەربەخۆیی» "رابۆچیە دێلۆ"، بەڵام ئەگەر سیمای سەربەخۆی "رابۆچیە دێلۆ" بە مانای «سیمای سەربەخۆ» لە کێشەکانی پرەنسیپی تیۆری و تاکتیکی بێت، بە راستیش بەبێ ئەملاو ئەولا، ئەوەمان رەتکردۆتەوە، کە بچوکترین واقیعیەتی هەبێت: ناوەڕۆکی بڕیارنامەکانی مانگی حوزەیران بێ ئەملاو ئەولا وەها سیمایەکی سەربەخۆ رەتدەکەنەوە، چونکە دووپاتی دەکەینەوە کە مانای ئەو «سیما سەربەخۆ»یە لە کردەوەدا هەمیشە بریتی بووە لە جۆرەها ڕاڕایی، کە بۆتە هۆی بەهێزبوونی پەرش و بڵاوی و تەفرەقەیەک، کە لەنێو ئێمەدا زاڵە و لەبواری حزبیەوە بەرگە نەگیراوە.

"رابۆچیە دێلۆ" بە بابەتەکانی ژمارە (10)ی خۆی و بە»گۆڕانکارییەکانی» بە شێوەیەکی روون نیشانیدا کە دەیەوێت وەها سیمایەکی سەربەخۆ بۆخۆی بپارێزێت و ئاساییە وەها سیمایەک بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر لێکترازان و راگەیاندنی جەنگ لە دژی یەکترینی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر "رابۆچیە دێلۆ" «سیمای سەربەخۆ»ی خۆی بە ئەرکی ئەدەبی دیاریکراو قەتیس بکاتەوە، هەموومان ئامادە بووین قبووڵی بکەین و دابەشکردنی ئەو ئەرکانەش بە

شێوەیەکی درووست خۆی لەخۆیدا روون دەبێتەوە:

1. گۆڤاری کرداری.

2. رۆژنامەی سیاسی.

3. کۆمەڵە و بەرهەم بە زمانی سادە.

تەنها ئەوە بەس بوو "رابۆچیە دێلۆ" لەگەڵ دابەشکردنی کار بەو شێوەیە رەزامەندی خۆی دەربڕێت، بۆئەوەی بسەلمێت، کە بە شێوەیەکی گەرموگوڕ حەز دەکات کۆتایی بەو بەلاڕێداچونانە بێنێت، کە بڕیارنامەکانی مانگی ژۆئەن لە دژی ئەوانە دەرکراوە، تەنها دابەشکردنی کار بەو شێوەیە دەیتوانی هەر چەشنە ململانێیەک چارەسەر بکات و لە راستیدا ئەمری قورس و قایمکردنی سازشیش دابینبکات، و لە هەمانکاتدا بناغەیەک بۆ گەشەی نوێی بزووتنەوەکەمان و سەرکەوتنە تازەکانی بێت.

ئێستا ئیتر هیچ سۆسیال دیموکراتێک گومانی لــەوەدا نییە، کە پێویستی لێکترازانی تەواوەتی رێگای شۆڕشگێڕانە لە رێگای ئۆپۆڕتۆنیستی بەرهەمی پێویستی «رێکخراوەیی» نییە، بەڵکو بەو بۆنەوە هاتۆتە ئاراوە، کە ئۆپۆڕتۆنیستەکان دەیانەوێت سیمای سەربەخۆی ئۆپۆڕتۆنیزم بەردەوام و سەقامگیر بکەن و لە رێگەی هۆکارهێنانەوەکانی کریچۆفسکی و مارتێنێفەکان درێژە بە شێواندنی بیروڕای خەڵک دەدەن.

لە پاییزی 190، شوباتی 1902 نووسرا

بۆ یەکەمجار لە مانگی مارسی ساڵی 1902 وەک کتێبێکی جیاواز چاپکرا.

******

**چاکسازییەک لە « دەبێت چ بکەین؟»**

«گرووپی داهێنەران» کە لە لاپەڕەی 141ی کتێبی دەبێت چ بکەین؟ باسمکردوە، داوا دەکەن کە لە روونکردنەوە سەبارەت بە بەشداری ئەوان لە هەوڵێک کە بۆ ئاشتی دانەوەی نێوانی رێکخراوەکانی سۆسیال دیموکراتی دانیشتووی دەرەوە درا، چاکسازیەک بەم ناوەڕۆکەوە بکەم: «لە سێ ئەندامی ئەو گرووپە تەنها یەک کەسیان لە کۆتایی ساڵی 1900لە «یەکێتی» چۆتە دەرەوە، بەڵام ئەوانی دیکە لەساڵی 190 لەو رێکخراوە هاتنە دەرەوە، ئەوە تەنها پاش ئەوە بوو، کە دڵنیا بوونەوە ناکرێت لە کۆنفرانسی رێکخراوەیی «ئیسکرا» لە دەرەوە و «رێکخراوی شۆڕشگێڕی سۆسیال دیموکرات»دا، رەزامەندی «یەکێتی» رابکێشن. لە هەمانکاتدا ناوەڕۆکی پێشنیاری گرووپی داهێنەرانیش هەر ئەوە بوو.

لیژنەی رێبەرایەتی «یەکێتی» سەرەتا ئەو پێشنیارەی رەتکردەوە و هۆکاری خۆبواردنی خۆی لە بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەی بە «نەبوونی سەڵاحیەتی» کەسانێک پاساو دەکرد، کە لەناو «گرووپی داهێنەران»ی ناوبژیواندا بوون، لە هەمانکاتدا «یەکێتی» خواستی خۆی دەردەبڕی کە بە شێوەی راستەوخۆ لەگەڵ رێکخراوی «ئیسکرا» لە دەرەوە پەیوەندی دابمەزرێنێت، بەڵام بە خێرایی لیژنەی رێبەرایەتی «یەکێتی» بە «گرووپی داهێنەران»ی راگەیاند، کە پاش بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی «ئیسکرا» کە بابەتێک سەبارەت بە جیابوونەوە لە «یەکێتی» لەو ژمارەیەدا بڵاوکرابووەوە، بڕیاری خۆی گۆڕیوە و ئیتر ئامادە

نییە لەگەڵ «ئیسکرا»دا پەیوەندی هەبێت.

ئایا پاش ئەو رووداوە، راگەیاندنەکانی ئەندامی لیژنەی رێبەرایەتی «یەکێتی» سەبارەت بەوەی کە هۆکاری خۆبواردنی «یەکێتی» لە بەشداریکردن لە کۆنفرانس تەنها رازی نەبوونی لە پێکهاتەی «گرووپی داهێنەران» بووە، چۆن دەبینن؟ ئەگەرچی هۆکاری رەزامەندی لیژنەی رێبەرایەتی «یەکێتی» بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ژۆئەنی ساڵی رابـردووش نادیارە، چونکە بابەتی بڵاوکراوە لە ژمارەی یەکەمی «ئیسکرا» هەروا وەک خۆی مابووەوە و پەیوەندی «نێگەتیڤ»ی «ئیسکرا» لەگەڵ «یەکێتی» لە بڵاوکراوەکانی نامێلکەی یەکەمی «زاریا» و ژمارە چواری «ئیسکرا» کە پێش لە کۆنفرانسی حوزەیرانی بڵاوکرابوونەوە، بە روونیەکی زۆرترەوە ئاشکرا ببوو».

**سەرچاوە:**

ڤلادیمیر ئیلیچ لینین، کۆمەڵە بەرهەمەکان، چاپی چوارەمی روسیای، بەرگی 5، ل 319–494

ن: لێنین

«ئیسکرا» ژمارە 19، یەکەمی ئاوریلی 1902

# دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەین؟

ڤلادیمیر ئۆلیانێف. ئیلیچ لینین
«ساڵی 1900»

«چینی کرێکار لەخەباتی خۆی لە دژی دەسەڵاتی یەکگرتووی چینە دەوڵەمەندەکان، تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت وەکو چینێک خۆی دەربخات، کە حزبێکی سیاسی پێکبێنێت، کە لە بەرامبەر هەموو ئەو حزبە کۆنانەدا رابووەستێت، کە نوێنەرایەتی چینە دەوڵەمەندەکان دەکـەن.» مارکس و ئەنگڵس، بڕیارنامەکانی کۆنگرەی گشتی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی کرێکاران لە لاهای.

دەبێت چ بکەین؟ ئەمە پرسیارێکە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە هێزێکی سامناکەوە گوشار دەخاتە سەر سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا. کێشە لەسەر هەڵبژاردنی رێگا نییە (بەو شێوەیەی کە لەدوایینساڵەکانی دەیەی 1880 و سەرەتای دەیەی 1890 لەگۆڕێدا بوو)، بەڵکو کێشە لەسەر ئەوەیە، کە کام هەنگاوی بە کردەوە بە ئاراستەی رێگای ناسراوی خۆماندا بنێین و چۆن ئەم هەنگاوانە هەڵبگرین. قسە لەسەر سیستەم و نەخشەیەکی بە کردەوەیە، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئەم پرسیارە پرەنسیپییە، بۆ حزبێک کە بە کردەوە هەڵسوڕانی سیاسی دەکات چ لەبواری ناوەڕۆکەوە و چ لە بواری مێتۆدەکانی خەباتەوە، هێشتاش لەلایەن ئێمەوە وەڵامی گونجاوی پێنەدراوەتەوە. ئەم پرسیارە هێشتاش جیاوازی جیدی راو بۆچوونی لێدەکەوێتەوە. ئەمە نیشانەی لاوازی جیدی لە پتەوبوونی ئایدۆلۆژیک، ئەملاولاکردن و ناسەقامگیری ئایدئۆلۆژییە.

لەلایەکەوە مەیلی ئێکۆنۆمیستی، کە دەیەوێت کاری سیاسی، ئاژیتاسیۆن و ڕێکخراوەیی بەرتەسک بکاتەوە، هێشتاش نەمردووە. لە لایەکی دیکەوە هەروا ئێکلێکتیسیزمی (eclecticism) بێ پرەنسیپ لەخۆ نامۆ بووە و خۆی دەنوێنێت. تیۆریەک کە خۆی لەگەڵ هەر ڕەوتێکی نوێدا هاوتەریب دەکات بەبێ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت، کێشەو گرفتی ڕۆژانە لە کێشە بنەڕەتییەکان و بە گشتی داواکاری هەمیشەیی بزووتنەوە جیا بکاتەوە.

هەروەک ئاگادارین ئەم ڕەوتە لە "رابۆچیە دێلۆ" پەناگەی خۆی دیوەتەوە، دوایین ڕاگەیاندنی بەرنامەکەی بابەتێکی بریقەدار لەژێر ناوی بریقەداری «خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی» (ژمارە 6ی گۆڤاری «لیستوک» رابۆچیە دێلۆ ) بە شێوەی دیاریکراو لێکدانەوەکەمان پشتڕاستدەکاتەوە. هەر دوێنێ بوو کە چاویان لە»ئێکۆنۆمیزم» دادەگرت، لەوەی کە ڕاشکاوانە رابۆچایا میشێل مەحکوم بکرێت تووڕە دەبوون، فۆرمۆلی «پێلێخانۆف»یان سەبارەت بە خەبات لەدژی ئیستبداد بە سووک ناو لێدەبرد و ئەمڕۆکە دەستەوداوێنی لیبکنێخت دەبن و قسە لەو دێننەوە. ئەگەر بارودۆخ لە ماوەی 24 کاتژمێردا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، دەبێت لە ماوەی 24 کاتژمێردا تاکتیکیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. ئەمڕۆ ئیتر بۆ هێرشی ڕاستەوخۆ، بۆ هێرشی لە پڕێکدا لە دژی حکومەتی ئێزاری قسە لە ڕێکخراوێکی کۆڵنەدەر و «فێرکاری بەرینی شۆڕشگێڕانەی سیاسی لەنێو جەماوەر» ناکەن، (هەی ها، چەندە بە وزەوە هەم شۆڕشگێڕ و هەم سیاسیش؟).

قسە لە»بانگهێشتی یەک لەدوای یەک بۆ خۆپیشاندانی سەر شەقام»، «پێکهێنانی کۆبوونەوە لەسەر سەر شەقامەکان، بە تایبەتمەندی دیاریکراوی سیاسی» (فەرمون!) و هیتر و هیتر دەکەن. لە بنەڕەتدا دەبێت خۆشحاڵی خۆمان بەو بۆنەوە دەرببڕین، کە "رابۆچیە دێلۆ" بەو خێراییەوە بەرنامەی

پێشنیارکراوی ئێمەی قبووڵ کردووە کە لە ژمارە یەکی «ئیسکرا» لەچاپ درابوو . بەرنامەیەک کە دەیەوێت ڕێکخراوێکی قورس و قایمی حزبی دابمەزرێنێت، کە ئەرکەکەی نە تەنها خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئـازادی ڕێژەییە، بەڵکو ڕووخاندنی حکومەتی ئیستبدادیشە، بەڵام کەمبوونی هەرچەشنە تیۆریەکی پتەو لەلایەن ئەو کەسانەوە هەموو خۆشحاڵی مرۆڤ دەکاتە بڵقی سەر ئاو.

”رابۆچیە دێلۆ“ بە تەواوی بە ناهەق ئاماژە بە لیبکنێخت دەکات. لە ماوەی 24 کاتژمێردا، دەتوانین تاکتیکی تەبلیغ لەسەر پرسێکی دیاریکراو، یان تاکتیکی بەرەو پێشبردنی بەشێک لە ئەرکەکانی حزب بگۆڕین، بەڵام لە ماوەی 24 کاتژمێردا، یان تەنانەت 24 مانگدا، تەنها کەسانێک دەتوانن تیۆرییەکانی خۆیان سەبارەت بەوە بگۆڕن، کە ئایا لە بنەڕەتدا هەمیشە و بە دڵنیاییەوە ڕێکخراوێکی تێکۆشەر و تەبلیغی سیاسی لەنێو جەماوەردا پێویستە، کە هیچ چەشنە پرەنسیپێکیان نەبێت.

گاڵتەجارە ئەگەر لەو پەیوەندەدا، پشت بەبارودۆخێکی دیاریکراو و پێکهێنانی قۆناغێکی نوێ ببەستین. پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تێکۆشەر، ڕێکخستنی هەڵسوڕان و تەبلیغی سیاسی لە هەر بارودۆخێکدا، تەنانەت ئەگەر ئەو بارودۆخە «هێمنانە»ش بێت، لە هەر قۆناغێکدا تەنانەت ئەگەر لەو قۆناغەدا «ورەی شۆڕشگێڕانە» زۆریش لە ئاستێکی نزمدا بێت، بە تەواوی و بێ ئەملاو ئەولا پێویستە، چونکە لە کاتی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و دەستپێکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، ئیتر بۆ پێکهێنانی وەها ڕێکخراوێک درەنگە. پێویستە ئەم ڕێکخراوە ئامادەباش بێت، بۆئەوەی بتوانێت دەستبەجێ ئەو کارانەی پێویستە بیکات. «لە 24 کاتژمێردا گۆڕینی تاکتیک! بەڵێ، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین تاکتیکێکی دیاریکراو بگۆڕین، پێویستە سەرەتا تاکتیکێکمان هەبێت.

ئەگەر ڕێکخراوێکی قورس و قایم کە لە خەباتی سیاسی و لە هەر چەشنە بارودۆخ و لە هەر قۆناغێکدا خاراو بوبێت بوونی نەبێت، تەنانەت ناتوانین سەبارەت بە نەخشەی ڕێکوپێکی هەڵسووڕانێک کە لەسەر بنەمای روون و بەبێ لادان بەکردەوە دەرهاتبێت (تەنها ئەو شتەیە کە شیاوی ئەوەیە ناوی تاکتیکی لەسەر دابنێین)، قسە بکەین. با تۆزێک بەوردی بە بابەتەکەدا خوار بینەوە: دەوترێت کە «جێگاو شوێنی مێژوویی»، حزبی ئێمەی لە بەرامبەر پرسیارێکی «بە تەواوی نوێ»دا داناوە: ئەویش مەسەلەی تیرۆرە. دوێنێ گەڵاڵەی پرسی ڕێکخراوی سیاسی و تەبلیغ «بە تەواوی نوێ» بوو، بەڵام ئەمڕۆکە مەسەلەی تیرۆر ئەو جێگاو شوێنەی پەیدا کردووە، ئایا جێگای سەرسووڕمان نییە، کە ببیستی کەسانێک، تا ئەو رادەیە پرەنسیپەکانی خۆیان لەبیرکردووە، بە چ شێوەیەک سەبارەت بە گۆڕانکاری ریشەیی تاکتیکی قسە دەکەن؟

بە خۆشیەوە "رابۆچیە دێلۆ" بە هەڵەدا چووە. پرسی تیرۆر بە هیچ شێوەیەک مەسەلەیەکی تازە نییەو تەنها پێویستە بۆچوونەکانی سۆسیال دیموکراسی روسیا، کە لە کوانووی تاقیکردنەوەدا راستی و دروستیان سەلماوە، بەبیر بێنینەوە. ئێمە هیچکاتێک لە بنەڕەتەوە تیرۆرمان ڕەتنەکردۆتەوە و ناتوانین رەتی بکەینەوە، تیرۆر کردەوەیەکی خەباتکارانەیە کە دەتوانێت لە کاتێکی دیاریکراوی خەبات و لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، بە تەواوی درووست و تەنانەت پێویست بێت، بەڵام بە کورتی لێرەدا قسەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەمڕۆکە تیرۆر بە هیچ شێوەیەک وەکو شێوازێکی هاوئاهەنگ لەگەڵ خەباتی سوپایەکی تێکۆشەر کە ئێستا لە مەیداندایە و بە تەواوی بە سیستەمی خەباتکارانە وابەستەیە، پێشنیار ناکرێت، بەڵکو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە هەر چەشنە سوپایەک جیایە. لە کاتێکدا کە کەمبوونی ڕێکخراوێکی مەرکەزی لە ئارادایە و ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێڕی ناوچەیی لاوازن، تیرۆر بێجگە لەوەی

ئاماژەمان پێدا، ناتوانێت شتێکی تر بێت.

هەر بەم هۆیەشەوە، راشکاوانە رایدەگەیەنین کە ئەم شێوەیە لە خەبات لە بارودۆخێکدا کە ئاماژەمان پێدا، بێ جێییە و هەڵسوڕاوترین تێکۆشەران لە بەجێگەیاندنی گرنگترین و راستەقینەترین ئەرکی خۆیان بەرامبەر بە گشت بزووتنەوەکە دوور رادەگرێت و بە جێگای لە ریزی رێکخراوی هێزە دەوڵەتییەکان، دەبێتە لەنێو هێزە شۆڕشگێڕەکاندا ئاڵۆزی دەنێتەوە.

ئەگەر چاو لە خەباتی ئەمدواییانە بکەین، بە چاوی خۆمان دەبینین، جەماوەری بەرینی کرێکارانی شاری و «خەڵکی ئاسایی» شارەکان رووبەڕووی خەبات دەبنەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە شۆڕشگێڕان خاوەنی ناوەندێکی رێبەرایەتی و رێکخەر نین. ئایا لە وەها بارودۆخێکدا ئەو مەترسیە بەسەر سەرمانەوە ناسووڕێتەوە، کە بە رووهێنانی خەباتکارترین شۆڕشگێڕان بۆ تیرۆر، ئەو بەشانە لە خەبات کە تەنها و تەنها دەتوانین هیوامان بەوان هەبێت، لاواز بن؟ ئایا ئەو مەترسیە لە ئارادا نییە، کە پەیوەندی رێکخراوە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ جەماوەری ناڕازی مانگرتوو کە لە لایەکەوە وەری خەباتکارانەیان هەیە، لەلایەکی دیکەوە پەرش و بڵاون و خاڵی لاوازیشان هەر لەو پرژو بڵاویەدایە، بپچڕێت؟

ئەوە لە حاڵێکدایە، کە ئەم پەیوەندیە لەگەڵ جەماوەر تەنها گەرەنتی سەرکەوتنی ئێمەیە. ئێمە بەو جۆرە بیر ناکەینەوە، کە هیچ چەشنە بەهایەک بۆ چالاکی قارەمانانەی تاکەکەسی دانەنین، بەڵام ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە بەتەواوی توانامانەوە سەرمەست بوون لەتیرۆر وەکو گرنگترین و سەرەکی ترین ئەرکی خەباتکارانە چاو لێکردن، واتە بابەتێک کە ئەمڕۆکە زۆر کەس مەیلی پێ نیشاندەدات و حەزی لێیەتی، وەکو مەترسیەک رابگەیەنین. تیرۆر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ببێتە شێوازی خەباتی رۆژانە. تیرۆر لە باشترین حاڵەتیدا،

تەنها دەتوانێت وەکو شێوازێک بۆ هێرشی یەکلایی بەکەڵک بێت. پرسیارێک کە لە گۆڕێدایە ئەوەیە، کە ئایا ئێمە دەتوانین لە بارودۆخی ئێستادا خەلک بۆ وەها هێرشێک بانگهێشت بکەین؟ "رابۆچیە دێلۆ" بە راشکاوی وەڵامی ئەرێ بەو پرسیارە دەداتەوە. لانیکەمەکەی رایدەگەیەنێت کە «گرووپەکانی زەربەتی پێکبێنن!»، بەڵام ئەمە زۆرتر بەو بۆنەوەیە کە وروژاوە و هیچ چەشنە مەنتیقێکی تێدا نییە.

جەماوەری سەرەکی خەباتکاری ئێمە لە کەسانێک کە بەدڵخواز، خۆیان دەناسێنن و شۆڕشگێڕان پێکهاتووە، بەڵام هێزی سەرەکیمان لەو بەشە بچوک و کەمانە پێکهاتووە، کە بەشانە هێشنا پەرش و بڵاون و رێکنەخراون، پێکەوە پەیوەندییان نییە و بە شێوەیەک رانەهێندراون کە گرووپێکی رێکوپێک پێکبێنن، چ بگاتە بەوەی گرووپی زەربەتی پێکبێنین. بۆ هەر کەسێک کە توانای تێگەیشتن لە بارودۆخی خەباتی ئێمەی هەبێت، بەبێ ئەوەی ئەم بارودۆخە وێڕای هەر خاڵێکی «وەرچەرخانی» مێژوویی رووداوەکان لەبیر بکات، دەبێت لە وەها بارودۆخێکدا بۆی روون و ئاشکرا بێت، کە دروشمی ئێستامان نابێت «بۆ پێشەو بۆ هێرش» بێت، بەڵکو دەبێت «گەمارۆی قەڵای دوژمن رێکبخەن» بێت.

بە واتایەکی دیکە نزیکترین ئەرکی حزبی ئێمە نابێت ئەوە بێت، کە تەواوی ئەو هێزانەی ئێستا بۆ هێرش رێکبخات، بەڵکو ئەرکی حزبی ئێمە دەبێت بە گشتی ئەوە بێت، کە رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ پێکبێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت تەواوی هێزەکانی خۆی گردوکۆ بکاتەوە و نەک بەناو، بەڵکو بەراستی بزووتنەوەکە رێبەری بکات. رێکخراوێک کە پێویستە هەمیشە بۆ پشتیوانی کردن لە هەر چەشنە نارەزایەتی و هەلچوونێک حازر و ئامادە بێت و بۆ زیادکردن و بەهێزکردنی هێزە خەباتکارەکان، کە بە کەڵکی شەڕی یەکجاری و

سەروماڵ بێن، کەڵک وەربگرێت.

وانەکانی رووداوەکانی فێوریە و مارس ، بە رادەیەک کاریگەر بوون، کە ئیتر بەدەگمەن دەتوانن لەدژی دەرئەنجامەکانی نارەزایەتی دەربڕن، بەڵام شتێک کە ئەمڕۆکە پێویستمان پێیەتی، ئیتر چارەسەرکردنی پرەنسیپی مەسەلەکە نییە، بەڵکو کێشە ئەوەیە کە بە کردەوە چارەسەر بکرێت. تەنها ئەوە بەس نییە کە بۆ کەسێک روون بێت، چ جۆرە رێکخراوێک بۆ چ کارێک پێکبێت، بەڵکو پێویستە دەستبەجێ وەها نەخشەیەکی دیاریکراو بۆ ریکخراوەکە گەڵاڵەرێژی بکرێت تاک و سەرئەنجام لەلایەنی جۆراوجۆریەوە رێوشوێنی پێویستی بۆ بگیردرێتەبەر. بەهۆی گرنگی هەنووکەیی بابەتەکە، بڕیارمان داوە لەلایەن خۆمانەوە گەڵاڵەی نەخشەیەک بە هاوڕێیان پێشکەش بکەین، کە لە نامێلکەیەکدا کە بۆ چاپ ئامادە دەکرێت بە شێوەیەکی تێر و تەسەلتر شیکراوەتەوە .

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین، کە دەستپێکی هەڵسوڕانمان، یەکەمین هەنگاوی بە کردەوە بۆ پێکهێنانی رێکخراوی جێگای سەرنجمان، واتا ناوەندی رۆژنامەیەکی سیاسی بۆ سەرانسەری روسیا دەبێت ئەو بنەرەتیە بێت، کە بە بەدەستەوەگرتنی بتوانین بەردەوام ئەو رێکخراوە بەرەو پێشەوە هانبدەین و قوڵایی و بەرینایییەکەی پەرە پێبدەین، بۆ ئەوەی رەگئاژۆ بکات. زیاتر لە هەر شتێک پێویستمان بە رۆژنامەیەکە، بۆ ئەوەی کاتێک لەنێو جەماوەری خەڵکی روسیادا مەیل بەرەو سیاسەت و بابەتەکانی سۆسیالیستی چەکەرەی کرد، بتوانێت ئەرکی بەردەوام و گرنگی سۆسیال دیموکراسی بە گشتی و ئەرکی هەنوکەیی چینی کرێکار بە تایبەتی بەیان بکات. بەبێ ئەو رۆژنامەیە هەرچەشنە بەرەوپێشبردنێکی سیستماتیک، پرەنسیپی و هەمەلایەنەی ئاگادارکردنەوە و راهێنان مسۆگەر نییە.

هەرگیز بەقەد ئەمڕۆکە هەست بەو پێویستیە نەکراوە، کە ئاگادارکرنەوەی پەرشوبڵاو لە شێوەی حەرەکەی تاکەکەسی، دەرکردنی راگەیاندنی ناوچەیی، نامێلکە و هیتر رێکبخەین و بەهێزی بکەین، ئـەوەش تەنها بەیارمەتی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی دەورەیی بە شێوەی بەردەوام مسۆگەر دەبێت. بێگومان دەتوانین بڵێین، کە بە رێکوپێکی بـەردەوام مانەوە لە چاپ و (بڵاوکردنەوە)ی رۆژنامە دەتوانێت پێوەر و هەڵسەنگاندنێکی دیاریکراو و ورد بێت، بۆئەوەی نیشانیبدەین، کە چۆن شۆڕشگێڕترین و پێویستترین هەڵسوڕانی خەباتکارانەمان رێکخستووە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت رۆژنامەکەمان بۆ سەرانسەری روسیا بێت. ئەگەر نەتوانین و تا کاتێک کە نەتوانین لە رێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەوە هێزەکانمان بۆ رەخنەکردن و کاریگەری دانان لەنێو خەڵک و دەوڵەت یەکگرتوو بکەین، ئەوە خەیاڵپڵاویە ئەگەر بیر لە شتی ئاڵۆسکاوتر، رێکخراوتر و یەکلایی تر بکەینەوە. پێش لە هەر شتێک بزووتنەوەکەمان بەدەست لاوازی ئایدۆلۆژیکەوە دەناڵێنێت، هەروەها لاوازی لە کردەوە، رێکخستن و پەرش و بڵاویدا کۆسپگەلێکی دیکەن لەسەر رێگای بزوتنەوەکەماندا کە زۆربەی سۆسیال دیموکراتەکان خۆیان سەرقاڵی کاری ناوچەیی کردووە. ئەو شێوەکارەش ئێگەیشتن و ئاسۆیان بەرتەسک دەکاتەوە. ئەم کارە داوێنەی کار و هەڵسوڕان، شارەزایی و کارزانی ئەوان لە نهێنی کاری و ئامادەییش بەرتەسک دەکاتەوە. دەبێت لە بارودۆخێکدا کە بزووتنەوەکەمان پەرش و بڵاوە، بەدوای ریشەی ناسەقامگیری و گشت راڕاییەکدا بگەڕین کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا. یەکەم هەنگاو بە ئاراستەی لابردن و لەناوبردنی ئەو خاڵە لاوازە و گۆڕینی بزووتنەوەی جۆراوجۆری ناوچەیی بە بزووتنەوەیەک بۆ تەواوی روسیا، دامەزراندنی رۆژنامەیەک بۆ سەرانسەری روسیایە.

لە کۆتاییدا ئێمە پێویستمان بە رۆژنامەیەکی سیاسی هەیە. ئەمڕۆکە

بەبێ ئۆرگانێکی سیاسی ناتوانین لە ئەوروپا بزووتنەوەیەک بدۆزینەوە، کە شیاوی ئەوە بێت ناوی سیاسی لەسەر دابنێین. بەبێ بوونی وەها ناوەندێک ئەرکی ئێمە سەبارەت بە گردوکۆ کردنەوەی هەموو رووبارەکانی ناڕەزایەتی دەربڕینی جەماوەری خەڵک بۆئەوەی بتوانین بە یارمەتی ئەوان بزووتنەوەی شۆڕشی پڕۆلیتاری بپشکوێنین، بە تەواوی ناومکینە. ئێمە یەکەم هەنگاومان هەڵگرتووە، لەنێو چینی کرێکاردا داخوازی لەقاودانی بارودۆخی نالەباری کرێکاران لە بواری ئابوریەوە لە کارخانەکانمان بەرز کردۆتەوە. ئێستا ئیتر دەبێت هەنگاوی دواتر هەڵبگرین، واتە لەنێو هەموو چین و تووێژەکانی وشیاری جەماوەردا، خواستی لەقاودانی کێشە سیاسییەکان بوروژێنین. نابێت بەم بۆنەوە کە ئەمڕۆ دەنگی ناڕەزایەتی دەربڕینی سیاسی ئەوەندە لاواز و راڕا بەکوێ دەگات، بە هەڵەدا بچین.

هۆکاری ئەو مەسەلەیە بەهیچ شێوەیەک ئەوە نییە، کە خەڵک بە گشتی ملیان بە تیرۆری پۆلیسی داوە و چاوترسێن بوون. هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەو کەسانەی توانای و ئامادەیی ئەوەیان تێدایە بارودۆخی نالەباری جەماوەری خەڵک لەقاو بدەن، هیچ چەشنە تریبۆنێکیان نییە، بۆئەوەی لەو رێگایەوە قسەی خۆیان بە گوێی خەڵک بگەیەنن، هێشتا گوێگرێکی بەورەبوونی نییە، کە بەوپەڕی حەزیەوە گوێ لە وتاربێژانی سۆسیالیست بگرێت و وزە و تین و تەوژمی زۆرتریان پێ ببەخشێت. بەو بۆنەوەیە کە وتاربێژان لە هیچ جێگایەکدا لەنێو جەماوەردا ئەو هێزە نابیننەوە، کە بایەخی ئەوەی هەبێت پشتیوانی لێبکەن و لەلای ئەو هێزە لە دژی»زلهێزی» حکومەتی روسیا سکاڵا دەربکەن، بەڵام ئێستا ئیتر بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر ئەو بارودۆخە خەریکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. وەها هێزێک لە ئارادایە، ئەم هێزە هێزی پڕۆلیتاری شۆڕشگێڕە کە ئەو ئامادەییەی لەخۆیدا پێکهێناوە و سەلماندوویە، کە

نە تەنها گوێ لە داواکاری خەڵک بۆ بەشداریکردن لە خەباتی سیاسی دەگرێت و پشتیوانی لێدەکات، بەڵکو بەوپەڕی بوێریەوە لەو خەباتەدا بەشداری دەکات. ئەو دەرفەتە ئێستا ئیتر بۆ ئێمە رەخساوە و ئەرکی سەر شانمانە قۆڵی لێ هەڵماڵین و تریبۆنێک پێکبێنین، بۆئەوەی لە رێگەی ئەو تریبۆنەوە هەموو خەڵک بتوانن حکومەتی ئێزاری لەقاو بدەن.

وەها تریبونێک دەبێت رۆژنامەیەکی سۆسیال دیموکراتیک بێت. بە پێچەوانەی چین و تووێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی روسیا، لەنێو چینی کریکاردا مەیلی هەمیشەیی بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری سیاسی و داواکاریەکی گەورە بۆ چاپەمەنی نایاسایی و نهێنی بوونی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی جەماوەری، بە لەبەرچاوگرتنی سەرهەڵدانی رێبەرانی کارزانی شۆڕشگێر (کە ئێستا ئەو رەوتە دەستپێکردووە) و بە لەبەرچاوگرتنی کۆبوونەوەی چینی کرێکار کە بە کردەوە بوار بە کۆنترۆڵکردنی جێگەو شوێنیان لەلایەن کرێکاران لە ناوچە کرێکارییەکانی شارە گەورەکان و بەشە کرێکارییەکان لە کارخانە دەرەخسێنێت، بڵاوبوونەوەی رۆژنامەیەکی سیاسی، مەسەلەیەکە کە لە وەها بارودۆخێکدا بۆ پرۆلیتاریا قابیلی قبووڵە، چونکە پرۆلیتاریا دەتوانێت لەم رۆژنامەیە وەکو پردێکی پەیوەندی کەڵک وەربگرێت و رەخنە بکاتە نێو ریزی وردەبۆرژوازی شاریی، کارگەکانی ناوماڵی دێهات و جوتیاران و رۆژنامەیەکی سیاسی بخولقێنێت.

رۆڵی رۆژنامە بە هیچ شێوەیەک تەنها بەبڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکان، تەنها بە راهێنانی سیاسی و راکێشانی هاوکارانی سیاسی، بەرتەسک نابێتەوە. رۆژنامە نە تەنها راهێنەرێکی بەکۆمەڵ و موبەلیغێکی بەکۆمەڵە، بەڵکو رێکخەرێکی دەستەجەمعیشە. ئەمە چێوبەستی نەخشەی تەلارێک پیشان دەدات. بوار بۆ پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەرانی جۆراوجۆر خۆش دەکات

و یارمەتیاندەکات لەنێو خۆیاندا کار دابەشبکەن و دەرئەنجامی گشتی کە لە ڕێگەی کاری ڕێکخراویانەوە پێکدێت، بێننە بەرچاوی خۆیان. بە یارمەتی ڕۆژنامە و لەو پەیوەندەدا، بە شێوەی ئۆتۆماتیک ڕێکخراوێکی قورس و قایم پێکدێت کە نە تەنها سەرنج بەکاری ناوچەیی دەدات، بەڵکوو کاری ڕێکوپێکی گشتیش لەبەرچاو دەگرێت.

ڕێکخراوێک کە ئەندامەکانی بە شێوەیەک باردێنێت کە بەئێرامانێکی تایبەتەوە بەدواداچون بۆ ڕووداوە سیاسیەکان بکەن و بە درووستی گرنگی و کاریگەری ئەو ڕووداوانە لەنێو تووێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک هەڵسەنگێنن و مێتۆدێک دابڕێژن بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە حزبی شۆڕشگێڕ بتوانێت لەسەر ئەو ڕووداوانە کاریگەری دابنێت. ئەرکەکانی تەکنیکی کار، ئامادەکردنی ڕێکوپێکی ڕۆژنامە بە مەودای سەرەتایی و چاپ و بڵاوکردنەوەی، پێویستی بە تۆڕێک لە ئەندامانی یەکگرتووی حزب دێنێتە گۆڕێ کە پەیوەندیەکی زیندوویان لەگەڵ یەکتری هەبێت. لە بارودۆخی گشتیدا ئەو ڕەوتانەی لە ئارادایە ئاگادار بن، بە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی وردی ڕێکوپێکی خۆیان عادەت بکەن و توانای خۆیان لە ڕێکخستنی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەی جۆراوجۆر تاقیبکەنەوە. ئەم تۆڕە لە کەسانی بڕواپێکراو، بڕبڕەی پشتی ئەو ڕێکخراوە پێکدێنێت کە ئێمە پێویستمان پێیەتی، ڕێکخراوێک کە ئەوەندە گەورە بێت کە بتوانێت سەرانسەری وڵات بگرێتەوە. ئەوەندە بەرین و هەمەلایەن بێت، کە بتوانێت بەشێوەیەکی هەمەلایەنە کاروبارەکان لە ناوخۆیدا دابەشبکات. ئامادەکاری ئەو حزبە بەشێوەیەک دیاریکرابێت کە لە هەر بارودۆخێکدا و بە پێکهاتنی هەر هەلومەرجێکی چاوەڕواننەکراو بەبێ هەڵە هەڵسوڕانی خۆی درێژەپێبدات، بە شێوەیەک کە لە لایەکەوە لە جەنگی ئاشکراو ناوەخت لەگەڵ دوژمنێک کە لە بواری هێزەوە بە تەواوی زاڵە و هەموو هێزەکانی خۆی لەیەک

شوێندا تەرکیز کردووە، خۆببوێرین، لەلایەکی دیکەوە لە نەبوونی چالاکی ئەو دوژمنە کەڵکوەربگرین و لەو کاتە و ساتەدا، کە کەمتر لە هەر ساتێکی دیکە چاوەڕوانی دەکات هێرش بکەینە سەری.

ئەمڕۆکە ئەرکێکی بچکۆلەمان لەسەر شانە، ئەویش پشتیوانیکردن لەو خوێندکارانەیە کە لەسەر شەقامەکانی شارە گەورەکاندا خۆپیشاندان دەکەن. لەوانەیە سبەی رۆژ ئەرکێکی قورستر بکەوێتە سەر شانمان. بۆ نموونە پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی بێکارانی ناوچەیەکی دیاریکراو، دووسبەی دەبێت خۆمان بۆ شۆڕشێکی جوتیاری ئامادە بکەین، بۆئەوەی لەنێو ئەو شۆڕشانەدا رۆڵی شۆڕشگێڕانە بگێڕین. ئەمڕۆ دەبێت لە بارودۆخێکی سیاسی کە حکومەت بە هێرش بۆسەر زێمێستواکان خولقاندویەتی کەڵک وەربگرین، سبەی دەبێت لە هەڵچوونی جەماوەری لەدژی ئەم یان ئەو نۆکەری تێزاری کە زۆر لەخۆ نامۆ بووە پشتیوانی بکەین و لە رێگەی بایکۆتکردن و خۆپیشاندان و هیترەوە یارمەتیان بکەین.

بۆ ئەوەی دەرسێکی پێبدەین کە ناچار بە پاشەکشە بکرێت. وەها ئاستێک لە ئامادەیی خەباتکارانە، تەنها لە رێگەی کاری چڕوپڕ و ماندوونەناسانەی گرووپێکی رێکوپێکەوە مسۆگەر دەبێت و ئەگەر هێزی خۆمان بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی گشتی رێکبخەین و یەکگرتوو بکەین، ئەو کارە نە تەنها شایستەترین راهێنەران بار دێنێت، بەڵکو شارەزاترین رێکخەران و لێهاتووترین رێبەرانی سیاسیش کە ئەو توانایییەیان هەیە لە کاتی پێویستدا بۆ خەباتی یەکجاری باشترین دروشم هەڵبژێرن و رێبەرایەتی خەبات بکەن، دێنێتە مەیدان.

لە کۆتاییدا پێویستە بۆ پێشگرتن لە خراپ لێکنێگەیشتن چەند وشەیەک باسبکەین. ئێمە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا باسمان لە ئامادەکاری رێکوپێک و پلان بۆدارێژراو کردووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نامانەوێت لەو باسەمان بەو

دەرئەنجامە بگەین، کە ئەوە بڵێین حکومەتی رەها تەنها لە رێگەی گەمارۆی هەمیشەیی یان هێرشێکی رێکخراوەوە دەڕوخێت، وەها تیۆریەک، دوگماتیستی و بێمانایە. بە پێچەوانەوە ئەگەری ئەوە زۆرە و لەبواری مێژوویشەوە ئەگەری هەیە کە ستەم لەژێر گوشاری تەقینەوەی کۆمەڵایەتی لە ناکاو یان بشێوی دوور لە چاوەڕوانی کە لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەی لێدەکات، بڕوخێت، بەڵام هیچ حزبێکی سیاسی کە دەیەوێت لە ماجەرایی خۆی ببوێرێت، ناتوانێت کردەوەی خۆی لەسەر بنەمای پێشبینی تەقینەوە و نائارامی دابمەزرێنێت، ئێمە دەبێت رێگەی خۆمان بگرینەبەر، بە شێوەیەکی درووست کاری چروپڕ و رێکوپێکی خۆمان بە ئەنجام بگەیەنین، هەرچەندە حیساب لەسەر رووداوی چاوەڕواننەکراو بکەین، هەر بەو رادەیە ئەگەری ئەوەی کە «گۆڕانکاری مێژوویی» خافڵگیرمان بکات، کەمترە.

ئیسکرا ژمارە (4)

مەی 1902

**پەراوێزەکان:**

. «رابۆچیە دێلۆ» (Rabocheye Dyelo): گۆڤاری ئێکۆنۆمیستەکان بوو. ئەم گۆڤارە لە ئاوریلی 1899وە تا فێوریەی 1902 لە ژنێڤ لەلایەن یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روس لە دەرەوە بڵاو دەکرایەوە.

2. «رابۆچایا گازێتا» رۆژنامەی سۆسیال دیموکراتەکانی کیێف بوو، کە لە ساڵی 1897 بڵاوکردنەوەی دەستپێکرد و یەکەمین کۆنگرەی حزبی سۆسیال دیموکراتی روسیا (1898) وەکو ئۆرگانی ناوەندی حزب ناساندی. لەم رۆژنامەیە تەنها دوو ژمارە بڵاوکرایەوە.

3. ئیلۆ وایسکی: مێژوونوس و نوسەری زۆرێک لە کتێبەکانی مێژووی قوتابخانەکان کە لە روسیای پێش شۆڕش لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و دواناوەندیدا بە شێوەیەکی بەرین بڵاودەکرایەوە. لەم کتێبانەدا، مێژوو بەگشتی بریتی بوو لە کارو کرداری پاشاکان و فەرماندەکان. رەوتی تەکامولی مێژوویی لەو کتێبانەدا بە شێوەیەکی لاوەکی باسکرابوو لەو شوێنەشدا بە هەڵکەوت باس دەکرا، لاوەکی بوو.

4. مەبەست نارەزایەتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیایە کە لینین لە ساڵی 1899 لە تاراوگە نوسیبووی. ئەم بەرهەمە لە دژی «Credo»، واتا راگەیاندنی گرووپی ئێکۆنۆمیستەکان (س.ن. پرۆکۆپوویچ، ی.د. کوسکۆواو کەسانی دیکە کە دواتر بوون بەکادێت) نوسرابوو. لینین پاش ئەوەی دەقی «Credo»ی پێگەیشت کە بە تکاو خوایشتی ئا.ی. ئیلیزار بەدەستی گەیشتبوو،

ناڕەزایەتیەکی تووند و لەقاودەرانەی لە دژی نوسی. ئەم ناڕەزایەتیە لە کۆبوونەوەی راوێژکردنی 17 کەس لە دوورخراوەکانی سیاسی مارکسیست کە لە گوندی یێرماکۆف هەڵکەوتوو لە بەشی مینوسینسک لەلایەن لێنینەوە رێکخرابوو، درایە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. دوورخراوەکانی توروخانسک و ئارلۆف (هەڵکەوتوو لە ویلایەتی ویاتسک) بەم ناڕەزایەتیەوە پەیوەست بوون. لینین دەقی ناڕەزایەتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیای بۆ گوپی ئازادی کار کە لە دەرەوە نیشتەجێبوو، نارد: پلێخانۆف لە سەرەتای ساڵی 1900دا، لە کۆمەڵەی ناسراو بە « Vedemecum» (رێنما) دەقی ئەم ناڕەزایەتیەی بۆ دەستەی نوسەرانی «رابۆچیە دێلۆ» چاپکرد.

5. Vedemecum کۆمەڵێک بەڵگە و داکیۆمێنتی لەگەڵ پێشوتارێکی پلێخانۆفی بۆ دەستەی نووسەرانی «رابۆچیە دێلۆ» پێ بوو کە تێیدا تیۆریە هەلپەرەستانەکانی «یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا لە دەرەوە»و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «رابۆچیە دێلۆ» ئۆرگانی ئەم یەکێتیە لەقاو درابوو. ئەم کۆمەڵە لەلایەن پلێخانۆفەوە ئامادەکرابوو، لە ساڵی 1900 گرووپی «ئازادی کار» لە ژنێف لەچاپی دا.

6. لە رێنما- وەرگێڕ

7. بەڵگەی ناسراو بە» de foi Prefession« شەونامەیەک بوو، کە بیروبۆچوونەکانی ئۆپۆرتۆنیستی کۆمیتەی کیێفی شیدەکردەوە. ئەم بەڵگەیە لەکۆتایی ساڵی 1899دا ئامادە کرابوو.

Dritter ABdruck. Leipzig. 1875 Verlag der Genossenschaftsbuch druckerei جەنگی جوتیاریی لە ئەڵمانیا، لایپزیک. چاپی سێهەم، ساڵی 1875- وەرگێڕ

9. رابۆچیە دێلۆ» ژمارە 10، سێبنەمبەری ساڵی 190، ل 17 و 18

10. ئا.ئا. وانێف لە ساڵی 1899 لە سیبریای رۆژهەڵات بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی لاڕەشە، کە لە زیندانی تاکەکەسیدا تووشی ببوو، گیانی بەختکرد. هەر بەم هۆیەشەوە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی ئەو دەقەمان بەباش زانی و راستی و دروستی ئەو زانیارییانەش زەمانەت دەکەین، چونکە ئەم زانیارییانە لەلایەن کەسانێکەوە بڵاوکراونەتەوە، کە بە شێوەی راستەوخۆ و لە نزیکەوە ئا.ئا. وانییێفیان دەناسی.

11. رۆسکایا ستارینا گۆڤارێکی مێژوویی مانگانە بوو کە لەساڵی 1870 تا 1918 لە پێترسبۆرگ چاپ و بڵاو دەکرایەوە.

12. نامەی «ئێکۆنۆمیستەکان» لە ژمارە 12ی «ئیسکرا».

13. «رابۆچیە دێلۆ» ژمارە 10.

14. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە کرێکاران ناتوانن لە ئامادەکردنی ئایدئۆلۆژیادا بەشدار بن، بەڵام ئەوان نەک وەکو کرێکار، بەڵکو وەکو تیۆریسیەنی سۆسیالیزم، لەوانە پرۆدۆنەکان و وایتلینگەکان بەشداری دەکەن، بە واتایەکی دیکە تەنها لە کاتێکدا و لە ئاستێکدا بەشداری دەکەن کە تا رادەیەکی کەم تا زۆر ئەو بارودۆخەیان بۆ بڕەخسێت کە زانستەکانی سەدەی خۆیان فێربن و بەرە و پێشەوەی ببەن، بۆئەوەی کە ئەمە زیاتر بۆ کرێکاران مسۆگەر بێت، پێویستە تا ئەو جێگایەی دەکرێت ئاگاداری بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری کرێکاران بەگشتی بین، پێویستە کە ئاستی هۆشیاری کرێکاران لە چوارچێوەکانی دەستکردی «چاپەمەنییەکان بۆ کرێکاران» بەرتەسک نەکرێنەوە، بەڵکو زیاتر لە جاران چاپەمەنیە گشتییەکانیش فێربن، تەنانەت ئەوە درووستترە، کە بە جێگای «بەرتەسک نەکرێنەوە» بڵێین «بەرتەسکیان نەکەنەوە»، چونکە کرێکاران بۆ خۆیان تەنانەت گشت ئەو شتانەش کە بۆ رووناکبیران دەنووسرێت دەخوێننەوە و دەیانەوێت بیخوێننەوە، تەنها هەندێک لە رووناکبیرانی (بێ عەقڵ) پێیانوایە

که هەر ئەو چیرۆکە لە نەزم و نەسەقی فابریک و جوینەوەی ئەو شتانەی کە دەمێکە «بۆ کرێکاران» روونە، بەسە.

15. شوڵتسە دێلیچ: ئێکۆنۆمیستی ئەڵمانی و ئایدۆلۆژیستی وردە بۆرژوازی. شوڵتسە دێلیچ بۆ ئەوەی کە کرێکاران لە رێگای خەباتی شۆڕشگێڕانە لەدژی سەرمایەداری لابدات، بۆ دامەزراندنی شەریکەکانی کێئۆپراتیو و سندوقەکانی هاوکاری و پاشەکەوتکردن بەزۆری بانگەشەیدەکرد، کە بەمشێوەیە دەتوانێت لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا بارودۆخی پرۆلیتاریا باشتر بکرێت و بەرهەمهێنەرانی ورد و پیشەگەرانیش لەماڵوێرانی رزگار بکرێت.

16. یەکێتییەکانی گیرش و یونکر: لە ئەڵمانیا لەساڵی 1868 لەلایەن دوو لیبراڵ–بۆرژوای ناسراو بە گیرش و دونکر دامەزراون. گیرش و دونکێر ئاشتی چینایەتیان مەوعیزە دەکرد، کرێکارانیان لەخەباتی چینایەتی و شۆڕشگێڕانە پاشگەز دەکردەوەو ئەرکی بزووتنەوەی سەندیکاییان لە چوارچێوەی سندوقەکانی هاوکاری و رێکخراوەکانی فەرهەنگی و مەدەنیدا بەرتەسک دەکردەوە.

17. زۆر جار دەڵێن چینی کرێکار دەتوانێت بە شێوەی خۆڕسک بەرەو سۆسیالیزم بڕوات. ئەم قسەیە ئەگەر لەو بـوارەوە لەبەرچاوی بگرین کە تیۆری سیالیستی هۆکارەکانی چارەڕەشی چینی کرێکار لە هەموو تیۆریەکی دیکە قوڵتر و دروستتر دیاری دەکات بە تەواوی دروستە و بەم هۆیەشەوەیە کە ئەگەر ئەم تیۆریە بۆ رەوتی خۆڕسک کورنوش نەبات، ئەگەر ئەم تیۆریە رەوتی خۆڕسک بکاتە تابیعی خۆی، کرێکاران بە ئاسانی فێری دەبن. زۆرجار ناوەڕۆکی ئەم قسەیە لە خۆیدایە، بەڵام «رابۆچیە دێلۆ» ئەم ناوەرۆکە لەبیر دەکات و بەلارێدا دەبات. چینی کرێکار بەشێوەی خۆڕسک بەرەو سۆسیالزم دەڕوات، بەڵام ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی کە زۆرتر لە هەر شتێکی دیکە باو بووە و بەردەوام لە شێوەی جۆراوجۆریدا دەبووژێتەوە بە شێوەی ئۆتۆماتیک و رۆژ

لەدوای رۆژ زیاتر بەسەر کرێکاراندا دەسەپێت.

18. «سەبارەت بە ئەرکەکان و تاکتیکی سۆسیال دیموکراتەکانی روس»، ژنێڤ 1898دوو نامە بۆ «رابۆچایا گازێتا» کە لە ساڵی 1897دا نووسراوە.

* لە بەشی پاشکۆی ئەم کتێبەدا، بۆ ئاشنایی زیاتری خوێنەران بابەتی «ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی روس» لە نووسینی لینین دێنینەوە - وەرگێڕی کوردی

19. لە درێژەی ئەم کتێبەدا باسی لێکراوە.

20. «رابۆچیە دێلۆ» وێڕای ئەوەی، کە داوایکردووە لەخۆی بەرگریبکات، درۆی یەکەمی خۆی (نازانم مەبەستی پ.ب. ئاکسلرۆد کام لە هاوڕێیانی لاوبـوون) بە درۆی دووەم تـەواو کـردووە، بەمشێوەیە کە لە نامێلکەی «وەڵام»دا نووسراوە: «لەو کاتەوە کە سەبارەت بە بەرهەمی «ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی» نامەی رەخنەگرانەی خۆی نووسیوە لەنێو هەندێک لە سۆسیال دیموکراتەکانی روسدا مەیلی ئابوری یەک لایەنە پەیدا بووە، یان کەم تا زۆر ئاشکرا بووە کە لەچاو ئەو حاڵەتەی بزووتنەوەکەمان کە لە بەرهەمی »ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراتیکدا» وێناکرابوو، هەنگاوێک بەرەو دواوەیە» (ل 9). ئەوەیە ئەوەی کە لە نامێلکەی «وەڵام» کە لە ساڵی 1900 لە چاپدرا، وتراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژمارەیەکی «رابۆچیە دێلۆ» (بە نامەی رەخنەگرانە» لە مانگی ئەپریلی ساڵی 1899چاپ کرابوو. ئایا ئێکۆنۆمیزم تەنها لەساڵی 1899دا پەیدا بووە؟ نا، لە ساڵی 1899دا بۆ یەکەمجار دەنگی ناڕەزایەتی سۆسیال دیموکراتەکانی روس لە ئێکۆنۆمیزم بەرزبووەوە، لە ساڵی پەیدا بوو، چونکە و.ئەی. هێشتا لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 1898 («لیستیک رابۆتنیکا» ژمارە 9-10) بە باڵای «رابۆچایا میسێل»دا دەیخوێند.

21. بڕوانە بەرگی 4ی کۆمەڵە بەرهەمەکان، چاپی چوارەم، ل 346-345.

22. لێرەدا مەبەستی نووسەر لە تیرۆر گرتنەپێشی ستراتیژی خەباتی چەکدارانە لە دژی حکومەتی ڕەهای ڕوسیایە و بە هیچ شێوەیەک بە مانای ئەمڕۆیی تیرۆر کە بە ئیسلامیە توندڕەوەکان دەوترێت، نییە. هەر بۆیە وشەی تیرۆر کە لەم بەدواوە لەم کتێبەدا، بە زۆری دەیبیستن بەو بەشە لە سۆسیال دیموکراتەکان دەوترێت کە بانگەشەی خەباتی چەکدارییان دەکرد بۆ ڕووخاندنی حکومەت. مەبەستی لینین نارۆدنیکەکانە کە ڕەوتێکی وردە بۆرژوایی بوون. نارۆدنیکەکان پێییان وابوو بە پێکهێنانی گرووپێکی خەباتکاری شەڕکەر دەتوانن حکومەتی ڕەها بڕووخێنن، بەڵام لینین وێڕای ئەوەی کە هیچکاتێک دەور و کاریگەری خەباتی چەکداری لەکاتی ڕاپەڕیندا لەبیر نەدەکرد، لەهەمانکاتدا دەستدانە ئەو خەباتەی کە زەمینەکانی نەڕەخسابوو، بە ناوەخت و زیانبار دەزانی. لە درێژەی ئەم کتێبەدا لەگەڵ بۆچوونەکانی لینین لەو بارەیەوە ئاشنا دەبن – وەرگێڕ

23. (ساڵی بشێوی): ئەوە ناوێکە کە مرینگ لەسەر ئەو بەشە لە کتێبی «مێژووی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا» دایناوە، کە تێیدا ڕاڕایی و بێ بڕیاری سەرەتایی سۆسیالیستەکان لە کاتی هەڵبژاردنی «تاکتیک–نەخشە» بەپێی بارودۆخی نوێ شرۆڤە کراوە.

. بێلتۆف: نازناوی گیۆرگ پێلێخانۆفە (1856–1918).

. نێرسیس تۆپوریلۆف مەبەست سرودێکە بە باڵای سۆسیالیستە تازەکانی ڕوسیایە کە لە ژمارە یەک (ئەپریلی ساڵی 190)ی گۆڤاری زاریا لەلایەن نرسیس تۆپوروریلیفەوە بڵاوکراوەتەوە. لەو سـرودەدا، ئێکۆنۆمیستەکان و کڕنۆش بردنیان بۆ بزووتنەوەی خۆڕسک ڕەخنەی لێگیراوە. کەسێک کە ئەو سرودەی هۆنیوەتەوە یو.ئا. مارتۆف بوو.

. چاو لە بەرگی پێنجەمی کۆمەڵە بەرهەمەکان بکەن. ل 6–8

نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، کە گرووپی «ئازادی کار»، لە کاتێکدا کە پرسی تیرۆری لە بواری تیۆریەوە دەهێنایە گۆڕێ، ئەزمونی شۆڕشگێڕانەی رابردووشی بەکار دەبرد.

بۆ خۆبوواردن لە خراپ تێگەیشتن وەبیری دێنینەوە کە لە پەراگرافەکانی داهاتوودا مەبەستی ئێمە لە رستەی خەباتی ئابوری (بەو واتایەی کە لەلای ئێمەدا باوە) هەر ئەو «خەباتی ئابوری– بە کردەوە)یە کە ئەنگلس لە وتەی سەرەوەدا ناوی لێناوە «خۆڕاگری لە بەرامبەر سەرمایەداران» و لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، خەباتی پیشەیی، سەندیکایی یان تریدیۆنیۆنی پێدەوترێت.

. لەم بەشەدا، قسەوباسی ئێمە، تەنها سەبارەت بەخەباتی سیاسی و سەبارەت بەواتای بەرینتر یان بەرتەسک تریە. بەم پێیە، ئێمە تەنها لەپەراوێزداو وەکو شتێکی سەیر بابەتێک، کە رابۆچیە دێلۆ وەکو تۆمەتێک سەبارەت بە «خۆبواردنی لەرادە بەدەر» لە خەباتی ئابوری خستوویەتیە پاڵ «ئیسکرا» وەبیر دێنینەوە («دوو کۆنگرە» ل 27، مارتینێف لە بەرهەمەکەی خۆیدا ناسراو بە «سۆسیال دیموکراسی و چینی کرێکار» ئەم بابەتەی چەندین جار جوویەتیەوە) ئەگەر ئەو ئاغایانەی ئێمە بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە گرنگیمان بە هەڵسوڕانی ئابوری لەنێو کارخانەکان نەداوە چاپکراوەکانی یەک ساڵی رابردووی خەباتی ئابوری «ئیسکرا» تەنانەت بەپێی کێش بە پووت، یان بەپێی لاپەڕەی چاپکراو (ئەو کارەی کە ئەوان حەزییان لێیەتی) بکێشن، دواتر هەر بەپێی ئەو پێوەرە لەگەڵ چاپکراوەکانی «رابۆچیە دێلۆ» و «رابۆچایا میسێل» لەو بارەیەوە سووک و سەنگی بکەن، بە ئاسانی دەبینن کە تەنانەت لەو بوارەشدا ئەوان دواکەوتوون. وا دیارە تێگەیشتن لەو راستییە ساکارەشە کە ناچارییان دەکات بەشێوەی هیستریک لەو بابەتەوە هۆکار بێننەوە. ئەوان دەنووسن کە «ئیسکرا» «بیەوێت و نەیەوێت» (!) ناچارە (!) پێویستییەکانی

ژیان بە ئەژمار بێنێت و لانیکەم (!!) هەواڵەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کرێکاری چاپ بکات (دوو کۆنگرە ل 27). ئەمە ئیتر هۆکارێکە کە دەیهێنێتەوە و بەراستی نابوتمان دەکات (بۆم).

. واتا یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روس لە دەرەوە. (چاو لە روونکردنەوەی یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روس بکەن.

31. ئەوەی کە ئێمە «بە گشتی» دەڵێین کە لە «رابۆچیە دێلۆ»دا قسە بەتایبەتی لەسەر پرەنسیپە گشتیەکان و ئەرکەکانی گشتی تەواوی حیزبە. بێ گومان لەکردەوەدا هەندێک جار بارودۆخی وادێتە پێشەوە، کە سیاسەت بەراستی لە ئابوری پێڕەویدەکات، بەڵام گونجاندنی ئەم بابەتە لە بڕیارنامەیەکدا کە بۆ سەرانسەری روسیا ئامادە دەکرێت، کارێکە کە تەنها ئێکۆنۆمیستەکان دەتوانن بیکەن. بابەتی واش دێتە ئاراوە کە «لە هەمان سەرەتاوە» دەتوانین «تەنها لەبواری ئابوری» تەبلیغاتی سیاسی بکەین، سەرەڕای ئەوە ئەو فکرەی «رابۆچیە دێلۆ» سەرئەنجام بەوە گەیشتووە کە ئەم بابەتە «بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات» (دوو کۆنگرە ل 11). لە بەشی دواتردا نیشانیدەدەین کە تاکتیکی «سیاسەتوانان» و شۆڕشگێڕان نە تەنها بەرامبەر بە ئەرکەکانی تریدیۆنیۆنی سۆسیال دیموکراسی کەمتەرخەم نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەنها ئەم تاکتیکەیە کە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانە بە شێوەیەکی شێلگیرانە دابیندەکات.

32. سەرۆکەکانی زمستواکان: نوێنەرانی حکومەت لە گونددا بوون، کە لەنێو ئەشرافی خۆجێییدا دیاری دەکران. سەرۆکەکانی زمستواکان لە بواری ئیداری و دادوەریەوە بەسەر جوتیاراندا دەسەڵاتیان دەکرد. پلەی سەرۆکایەتی زمستوا لە ساڵی 1899 دیاریکرابوو و هەتا رووخاندنی حکومەتی قەیسەری لە روسیا بوونی هەبوو.

33. بنەمای رستەی بەرهەمی «دوو کۆنگرە»یە: ل 28، 30، 31 و 32.

34. «دوو کۆنگره لاپەڕەی 32.

35. مەبەست کتێبی «Industrial Democracy» لە نووسینی سیدنی و بێئاتریس وێبی «Web» (ژن و مێرد)ە کە لینین وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی روسی.

36. «رابۆچیە دێلۆ» ژمارە 10 ل 60. ئەوە هەر ئەو دو بەرەکیەی مارتینێفی، کە دەیەوێت تێزی «هەر هەنگاوێکی بزووتنەوە لە پراتیکدا لە یەک دوو جین بەرنامە گرنگترە» بەو جۆرەی کە باسمانکرد لەگەڵ حاڵەتی شپرزەی ئێستای بزووتنەوەکەمان هاوتەریب بکات. لە راستیدا، ئەمە وەرگێڕانی روسی رستەی چەواشەکارانەی بێرنیشتاینە کە دەڵێت: «بزووتنەوە هەموو شتێکە و ئامانجی کۆتایی هیچ شتێک».

37. ئەوەی کە دەیانەوێت «بە خەباتی ئابوری لایەنی سیاسی بدەن» بەرچاوترین نیشانەی کورنوش بردن بۆ بزووتنەوەی خۆڕسک لە بواری هەڵسوڕانی سیاسیدایە. خەباتی ئابوری لە زۆربەی بابەتەکاندا بە شێوەی ئۆتۆماتیک، یان بە واتایەکی دیکە بەبێ دەستێوەردانی «پەرەپێدەرانی شۆڕش، واتا رووناکبیران» و بەبێ دەستێوەردانی سۆسیال دیموکراتەکانی وشیار لایەنی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێت. بۆ وێنە خەباتی ئابوری کرێکارانی ئینگلیز بەبێ ئەوەی سۆسیالیستەکان تێیدا بەشدار بن، لایەنی سیاسی بە خۆیەوە گرتووە، بەڵام ئەرکی سۆسیالیستەکان بە بانگەشەی سیاسی لە بواری ئابوریەوە کۆتایی نایەت.

ئەرکی ئەوان ئەوەیە، کە سیاسەتی تریدیۆنیۆنی بکەن بە خەباتی سیاسی سۆسیال دیموکراتیک و لەو تۆزە سەرهەڵدانی هۆشیاری سیاسییە، کە خەباتی ئابوری بۆتە هۆی ئەوەی رەخنە بکاتە نێو کرێکاران کەڵکوەرگرن، بۆ ئەوەی کرێکاران بۆ جێگاو شوێنی وشیاری سیاسی سۆسیال دیموکراتیک گەشە پێبدەن،

بەڵام مارتینێفەکان بە جێگای ئەوەی کە ئاستی وشیاریەکی سیاسی کە بەشێوەی خۆڕسک وەخەبەر دێت ببەنە سەرەوە و بەرەوپێشی بەرن، کڕنۆش بۆ رەوتی خۆڕسک دەبەن و پێداگریدەکەن و بەشێوەیەکی قیزەونانە پێداگریدەکەن کە خەباتی ئابوری بیری کرێکاران بەرەو پرسی بێ مافیە سیاسییەکانیان «پاڵیان پێوە دەنێت». ئاغایان ئیرادەکەی لێرەدایە، کە ئەو بەخەبەرهاتنە خۆڕسکەی وشیاری سیاسی تریدیۆنیۆنی، سەرنجی ئێوە تەرکیز ناخاتە سەر کێشەی ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراتیکنان و بە دەوری سیاسەتی تریدیۆنۆنیدا دەخولێنەوە».

38. بە مەبەستی پشتڕاسنکردنەوەی ئەوەی، کە هیچکام لەم قسانەی کرێکارانمان روو لە ئێکۆنۆمیسنەکان بێهۆ دانەهێناوە، دوو شایەت دەهێنینەوە، کە بە شێوەی راستەوخۆ لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریدا لە پەیوەندیدا بوون و کەمتر لە هەموو کەسێکی تر حەز دەکەن لایەنی ئێمەی «دەمارگرژ» بگرن، چونکە کەسێکیان ئێکۆنۆمیسنە (کە تەنانەت «رابۆچیە دێلۆ»ش بە ئۆرگانی سیاسی خۆی دەزانێت) و ئەوی دیکەیان تیرۆریسنە. شایەتی یەکەم نووسەری بابەتی «بزووتنەوەی کرێکاری پێترسبۆرگ و ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی» لە ژمارە 6ی «رابۆچیە دێلۆ»یە کە بابەتەکەی لە بواری راست قسەکردن و بەتین و تەوژم بوون زۆر باشە و لەو بابەتەوە بە راشکاوی قسەکانی دڵی خۆی دەکات. ئەو، کرێکاران بەسەر 1) شۆڕشگێڕانی وشیار. 2) چینی مامناوەند. 3) جەماوەری دیکەی کرێکار دابەش دەکات. چینی مامناوەند «زۆرتر حەزی لە کێشەکانی ژیانی سیاسیە، تاکو نزیکترین بەرژەوەندیەکی ئابووری، کە پێوەندیەکەی لەگەڵ بارودۆخی گشتی کۆمەڵایەتی دەمێکە روون بۆتەوە»... کرێکارانی ئەم تووێژە «بەسەختی رەخنەیان لە «رابۆچایا میسێل» گرتووە»و دەڵێن کە: «بابەتەکانی هەمووی وەک یەک وایە و کە دەمێکە خۆمان لەو بابەتانە ئاگادارین و خوێندوومانەتەوە»، «تەنانەت لەتێبینی و روونکردنەوەی

سیاسیشدا هیچی پێ نییە» (ل 30–31). ئەنانەت ئوویژی سێهەمیش کە «زۆرتر هەستیارن، لاوترن و نادی و کەنیسە کەمتر جەستەو دەروونیانی داڕزاندووە و هەرگیز ئیمکانی ئەوەیان بۆ نارەخسێت، کتێبێک بەناوەرۆکی سیاسی بەدەستبێنن، لەدەوروبەری زانیاریەکانی پرژو بڵاو سەبارەت بە هەڵچوونی خوێندکاران بیردەکەنەوەو بە خواروخێچی دیاردەکانی ژیانی سیاسی دەدەنە بەرباس و لێکۆڵینەوە»و هیتر، بەڵام تیرۆریست بەو شێوەیە دەنووسێت: «یەک یان دووجار ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە وردەکاریەکانی ژیانی فابریکی شارە جۆراوجۆرەکانە (بێجگە لەو شارەی خۆیان تێیدا نیشتەجێن) دەخوێننەوە و دواتر لە خوێندنەوەی دەستهەڵدەگرن... دەڵێن ماندوومان دەکات. قسە نەکردن سەبارەت بەحکومەت لەرۆژنامەکاندا... بەمانای ئەوەیە کە وەکو منداڵ چاو لەکرێکار بکەن و شیر بەدەمیەوە بکەن. کرێکار خۆ منداڵ نییە شیر بەدەمیەوە بکەی». («سوابدا» (ئازادی) لە بڵاوکراوەکانی گرووپی سۆسیال رولوسیۆنێر، ل 69–70).

39. مارتینێف «رێگاچارەیەکی دوولایەنەی تایبەتی دیکە، کە بەراستی نزیکترە وەبیر دێنێتەوە» (سۆسیال دیموکراسی و چینی کرێکار» 19): «یان ئەوەی کە سۆسیال دیموکراسی بە شێوەی راستەوخۆ رێبەرایەتی خەباتی ئابوری پرۆلیتاریا بەدەستەوە دەگرێت و لەم رێگەیەوە (!) دەیکاتە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی». وا دیارە مەبەست لە وشەی «لەم رێگەیەوە» رێبەرایەتی راستەوخۆی ئابووریە. با بزانین مارتینێف چۆن نیشانمانبدات کە لەکوێدا بینراوە تەنها بەرێبەری خەباتێکی پیشەییەوە توانراوە بزووتنەوەی تریدیۆنیۆنی بکرێتە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی؟ ئایا لەوە حاڵی نابێت کە بۆ ئەو «گۆڕانکاریە» پێویستە هەڵسوڕاوانە دەست بە کاری «رێبەری راستەوخۆ»ی تەبلیغاتی هەمەلایەنەی سیاسی بین؟... «یان

ئەوەی کە بارودۆخێکی دیکەدا دێنە ئاراوە: سۆسیال دیموکراسی خۆی لە ڕێبەرایەتی خەباتی ئابوری دەکشێنێتەوە و لەم ڕێگەیەوە، باڵ و پەڕی خۆی دەپچڕێنێت». بە باوەڕی «رابۆچیە دێلۆ» کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەوە «ئیسکرا»یە کە خۆی «دەکشێنێتەوە»، بەڵام ئێمە دیتمان کە «ئیسکرا» بۆ ڕێبەرایەتیکردنی خەباتی ئابوری زۆر زیاتر لە «رابۆچیە دێلۆ» کار دەکات، لە هەمانکاتدا بەوەش قەناعەت ناکات و بەم بۆنەوە ئەرکە سیاسییەکانی خۆی وەلانانێت.

40. مەبەست بەهاری ساڵی (190)ە کە تێیدا شانۆیەکی گەورە لەسەر شەقامەکاندا کەوتەڕێ (ڕوونکردنەوەی لینین بۆ چاپی ساڵی 1907).

41. بۆ وێنە لە کاتی جەنگی پڕوسیا و فەڕەنسا لیبکنێخت بەرنامەی هەڵسوڕانی بۆ گشت دیموکراسی پێشنیار دەکرد. لە ساڵی 1848دا مارکس و ئەنگڵس ئەو کارەیان لەوەش زیاتر کرد.

42. نەزم و نەسەقی زێمێستواکان: واتە نەزم و نەسەقی ڕێکخراوی زێمێستواکان یان ناوەندەکانی خۆبەڕێوەبەری خۆجێیی لەرووسیای پێش لە شۆڕش. زیمێستواکان کاروباری تەنها خۆجێیی پێوەندیدار بە خەڵکی گوندەکانیان لە چەشنی ڕێگاوبان، بیناکردنی نەخۆشخانە، مەکتەب و هیتر بەڕێوەبەرایەتی دەکرد. مالکینی لیبراڵ لە بەڕێوەبەرایەتی کردنی زێمێستواکاندا دەورونەخشێکی زۆریان گێڕا.

43. کەمبوونی جێگا ئەو دەرفەتەی پێماننەدا، کە لە«ئیسکرا»دا بەتێر و تەسەلی بەو نامەیەی ئێکۆنۆمیستەکان کە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێشە، وەڵام بدەینەوە. ئێمە لە بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیە زۆر خۆشحاڵین، چونکە قسەو باس سەبارەت بەوەی کە لە«ئیسکرا»دا ڕوانگەی چینایەتی رەچاو ناکرێت، دەمێک بوو لەزۆر لایەنەوە بەگوێمان دەگەیشت و تەنها بەدوای

مەجالی گونجاو یان دەربڕین رۆشنی ئەو تۆمەتانەدا دەگەڕاین کە وەڵامی پێ بدەینەوە. نەریتمان ئەوەیە کە بە بەرگری وەڵام بە هێرش نەدەینەوە، بەڵکو بە هێرش وەڵامی پێ بدەینەوە.

44. چاو لەکۆمەڵە بەرهەمەکان چاپی 4، بەرگی 4، ل 388–393 بکەن.

45. چاو لە کۆمەڵە بەرهەمەکان چاپی 4، بەرگی 5، ل 71–72 بکەن.

46. بێرنتانۆ: ئێکۆنۆمیستی بۆرژوازی ئەڵمانی و لایەنگری سۆسیالیزمی دەوڵەتی. ناوبروا هەوڵ دەداث بیسەلمێنێث کە دامەزراندنی یەکسانی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی سەرمایەداریداو لەرێگەی پێکهێنانی چاکسازی و ئاشتی لەنێوان بەرژەوەندی سەرمایەداران و کرێکارانەوە مسۆگەرە. بێرنتانۆ و شوێنکەوتووانە لەدەستەواژەی مارکسیستی کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی ناوەرۆکی راستەقینەی خۆیان بشارنەوەو هەوڵدەدەن بزووتنەوەی کرێکاری لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی سەرمایەداران دابرێژن.

47. «رابۆچایا میسێل» و «رابۆچیە دێلۆ» و بەتایبەتی «وەڵام» دانەوەی پلێخانۆف.

48. نامێلکەی «کێ شۆڕشی سیاسی بەڕێوە دەبات؟». ئەو نامێلکەیە لە کۆمەڵەی «پڕۆلیتار سکایا باربا» (خەباتی پڕۆلیتێری) لە روسیا چاپ و بڵاو دەکرایەوە. ئەو نامێلکەیە لەلایەن کومیتەی کیەفەوە سەرلەنوێ لە چاپدرایەوە.

49. بابەتی «بووژاندنەوەی شۆڕشگێڕی» لە بڵاوکراوەکانی «سوابدا».

50. ئافاناسی ئیوانۆویچەکان و پولخریە ئیوانۆڤاناکان: لە بنەماڵەکانی باوکمەزنی مالکە وردەکانی ویلایەتەکانی روسیا بوون کە لە چیرۆکی ن. گوگڵدا بە «مالکەکانی کۆنی ئەشراف» وەسف کرابوون.

51. خەباتی «ئیسکرا» لە دژی بژار بووەتە هۆی ئەوەی کە «رابۆچیە دێلۆ» بەتووڕەییەوە هێرش بکاتە سەر «ئیسکرا»: «بەڵام بۆ «ئیسکرا» هەوڵەکانی

کەمی دەست و پێوەندەکانی زۆباتۆف بۆ «مەجاز کردنی» بزووتنەوەی کرێکاری زۆرتر پێوانەی سەردەمە تاکو ئەم رووداوە مەزنانەی بەهار. ئەم راستیانە نیشانی دەدەن کە بزووتنەوەی کرێکاری لەبەرچاوی حکومەتدا بەئاستێکی هەڕەشەئامێز گەیشتووە»(دوو کۆنگرە، ل 27). تاوانی هەموو ئەمانە لە گەردەنی «دەمارگرژان»دایە، ئەم دەمارگرژانە «گوێیان فەرمانەکانی ژیان نابیستێت». ئەمانە بەسەر قورسیەوە دەیانەوێت گوڵە گەنمەکان لەبەرچاو نەگرن و سەرقاڵی گژوگیای یستێک بژارن! ئایا ئەمە هەستێکی تێکەڵ و نادیار لە ئاسۆی داهاتووی بزووتنەوەی کرێکاری روس» (هەر لەوێ ل 27) نییە؟

52. لێرەدا تەنها ئەو بابەتە وەبیر دێنمەوە، کە ئەوەی ئێمە سەبارەت بە «پاڵ پێوەنان لەتەنیشتەوە» و سەبارەت بە گشت داوەرەکانی دواتری «سوابدا» لە سەر رێکخراو وتمان، گشتی پەیوەندی بە ئێکۆنۆمیستەکان و لەوانە «رابۆچیە دێلۆ»ییەکانەوە هەیە، چونکە ژمارەیەکیان سەبارەت بە کێشەکانی رێکخراوەیی هەر ئەو بۆچوونانە مەوعیزە دەکەن و بەرگری لێدەکەن و ژمارەیەکیش مەیلیان بەو بۆچوونانە هەیە.

53. سەبارەت بە «سوابدا» لەوانەیە ئەم رستەیە لەرستەکانی پێشوو درووست تر بێت، چونکە لەبەرهەمی «بووژاننەوەی شۆڕشگێڕی»دا لەتیرۆریزم بەرگری دەکات و لە بابەتی جێگای باسی ئێمەدا لە «ئێکۆنۆمیزم». بەگشتی دەتوانین سەبارەت بەسوابدا بڵێین کە مەیلێکی ئاگرینی هەیە، بەڵام بەختی نییە. باشترین ئامادەکاری کردن و باشترین نیەتەکان، بەڵام بەرهەمی کارەکە شپرزەیی فیکری. هۆکاری سەرەکی ئەو شپرزەیی فیکریەش ئەوەیە، کە «سوابدا» لەدرێژەی کار لەکاروباری رێکخراوەیی بەرگری دەکات، بەڵام نایەوێ سەبارەت بە درێژەی کار لەبیری شۆڕشگێڕانەو تیۆری سۆسیال دیموکراسی شتێک بزانێت. هەوڵدان بۆ زیندوو کردنەوەی تاکی شۆڕشگێڕی حیرفەیی

(بووژانەوەی شۆڕشگێڕ) و بۆ گەیشتن بەمەبەستە یەکەم پێشنیاری تیرۆری وروژێنەر و دووهەم دانی پێشنیاری پێکهێنانی «رێکخراوێک لەکرێکارانی مامناوەند» («سوابدا» ژمارە 1 ل 66 و لاپەڕەی دواتر)، رێکخراوێک کە کەمتر لە»تەنیشتەوە ببزوێت»، لە راستیدا ماناکەی ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ گەرم راگرتنی ماڵەکەی گشت داروتەختەکانی ماڵەکەی بشکێنێت و ئاگری تێبەرداتُ.

بۆ نمونە ئەمدواییانە بێگومان لەنێو سەربازاندا جموجوڵێکی دیموکراتیک دەبینرێت، کە تا رادەیەک ئاکامی روودانی یەک لەدوای یەکی شەڕ لەسەر شەقامەکان لە دژی «دوژمنان»ێکی وەکو کرێکاران و خوێندکارانە. ئەگەر هێزەکانی خۆمان بە شێوەی رێکخستنەوە کە وەڵامی ئەو پێویستیەی دایەوە، پێویستە دەست بدەینە ئاژیتاسیۆن و راهێنان لەنێو سەربازان و ئەفسەران و لەناوخۆی حیزبی خۆماندا سەرنجێکی تایبەت بە «رێکخراوەکانی سەربازان» بدەین.

55. لەبیرمدێت، کە هاوڕێیەک بۆمی دەگێڕایەوە چۆن چۆنی پشکێنەرێکی فابریک، کە ئامادەبوو هاوڕێیەتی سۆسیال دیموکراسی بکات و هاوڕێیەتیشی دەکرد، بەناڕەحەتیەوە سکاڵای دەکرد کە نازانێت ئایا «زانیارییەکان»ی بە ناوەندی راستەقینەی شۆڕش دەگات یان نا و تا چ ئاستێک پێویستەو خزمەتێکی بچووکی ئەو تا چ رادەیەک دەتوانێت بەکەڵک بێت. هەڵبەت هەر پراتیسیەنێک جاروبار دیویەتی و دەزانێت، کە چۆن وردەکاری ئێمە بۆتە هۆی ئەوەی کە هاوپەیمانەکانمان لەدەستبدەین، ئەوە لە دۆخێکدایە کە ئەم خزمەتگوزاریانە کە بەشێوەی جیاجیا و «ورد»ە، بەڵام بە گشتی زۆر بە نرخن، نە تەنها کرێکاران دامەزراو لە فابریکەکان و فەرمانبەرانی فابریک، بەڵکو فەرمانبەرانی پۆست و رێگەی ئاسن و گومریک و کەسانێک لەنێو ئەشراف و قەشەکان و لە هەموو بەشەکانی دیکە، تەنانەت لە پۆلیس و

دەربارەیش مومکین بوو یارمەتیمان بکەن، یان یارمەتیان دەکرد! ئەگەر ئێمە لە ئێستادا خاوەنی حزبێکی راستەقینە یان رێکخراوێکی بەراستی شۆڕشگێڕ بوایین، کاری گشت «یارمەتیدەران»مان یەکسەرە نەدەکرد، لەوەدا پەلەمان نەدەکرد، کە هەمیشەو بەدڵنیاییەوە بیانکێشینە ناو جەرگەی «کاری نهێنی»، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوەمان لەبەرچاو دەگرت، کە زۆرێک لەخوێندکارانمان وەکو «راوێژکار» واتا فەرمانبەری دەوڵەت دەتوانن زیاتر قازانج بە حزب بگەیەنن، تاکو وەکو شۆڕگێڕی «کورتماوە»، هەر بۆیە دەمانپاراستن و تەنانەت کەسانێکی دیاریکراویشمان بۆ ئەو ئەرکانە ئامادە دەکرد، بەڵام سەرلەنوێ دووپاتی دەکەمەوە، کە ئەم تاکتیکە تەنها رێکخراوێک دەتوانێت بە کاریبات، کە زۆر بەردەوام لە بواری هێزی چالاکەوە هیچ کەم و کۆڕیەکی نەبێت.

56. «سوابدا» ژمارە 1 بابەتی «رێکخراو»، ل 66: «پەیکەری مەزنی کرێکاری بەهەنگاوە گەورەکانی خۆی رێگا بۆ تەواوی ئەو داخوازیانە کە بەناوی کاری روسیاوە (وشەی کار بە پیتی گەورە دەستپێدەکات!) دێنە گۆڕێ، خۆش دەکات». هەر ئەم نووسەرە هاوار دەکات کە: «من هەرگیز بە چاوێکی دوژمنایەتیەوە چاو لە رووناکبیران ناکەم، بەڵام (ئەم بەڵامە هەر ئەو بەڵامەیە کە شێچدرین وەریگێڕاوەتە سەر ئەو رستەیە: گوێ لەتەوێڵ بەرزتر نابێتەوە!)... «بەڵام من هەمیشە زۆر تووڕە دەبم کاتێک کە کەسێک دێت و کۆمەڵێک قسەی زۆر جوان و پاراو دەڵێت و دەیەوێت، کە قسەکانی وەکو هیمای جوانی و تایبەتمەندی خۆی چاوی لێبکرێت»... (ل 62). بەڵێ من هەمیشە لەوە زۆر تووڕە دەبم»...

57. زێمیلیاوێلیاییەکان یان نارۆدنیکەکان: واتە ئەندامانی رێکخراوی وردە بۆرژوازی شۆڕشگێڕی «زێمیلیا ویلیا»ی زەوی و ئیرادە، ئەم رێکخراوە لەساڵی 1876 دامەزرابوو. زێمیلیا ویلیاییەکان لەسەر ئەو بۆچوونە هەڵەیە بوون، کە

هێزی سەرەکی شۆڕشگێڕ لە وڵاتدا چینی کرێکار نییە، بەڵکو جوتیارانە و هیوایان بەوە بوو، کە سۆسیالیزم لە رێگە ئابشێنەکان (کومۆنەکان)ی جوتیاریەوە دابمەزرێنن. ئەوان پێیانوابوو تەنها لەرێگەی بزواندنی شۆڕشی جوتیارانەوە دەتوانن دەسەڵاتی تێزاری و مالکەکان بڕووخێنن. زێمیلیا وێلیاییەکان بەمەبەستی بزاوندنی جوتیاران بۆ خەباتْ لەدژی تێزار و بانگەشەی بۆچوونەکانی خۆیان بۆ گوندەکان دەچوون. ناوی نارۆدنیکەکانیش هەر لێرەوە پەیدا بووە، چونکە لەزمانی روسیدا وشەی نارۆد بەواتای خەڵکە، بەڵام جوتیاران لەبۆچوونەکانی نارۆدنیکەکان شتێکی ئەوتۆ حاڵی نەبوون و بەدوایاندا نەچوون، هەر بەم بۆنەشەوە بوو، کە نارۆدنیکەکان بڕیاریاندا بەبێ خەباتی جەماوەری خەڵک و بەهێزی خۆیان و لە رێگەی کوشتنی دانە بەدانەی نوێنەرانی حکومەتی رەهاوە لەدژی ئەو حکومەتە شەڕ بکەن. خەباتێک کە لەنێو رێکخراوی «زێمیلیا ویلیا» لەنێوان لایەنگرانی شێوەی تازەی خەباتْ و لایەنگرانی تاکتیکی کۆنی نارۆدنیکی لەئارادابوو، لەساڵی 1879 بووە هۆی ئەوەی حیزب دوولەتْ بێتْ. نارۆدنیا وێلیا (چاو لەروونکردنەوەی ناردۆوێلچستۆ) و چێرنی پێردێل بکەن.

58. چاو لە نامێلکەی «ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی رووس» ل 21 مەناقەشە لەگەڵ پ.ل. لاورۆف بکەن.

59. «ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی روس» ل 23 (چاو لە بابەتی «ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی رووس» بکەن)، کە لەپاشکۆی ئەم کتێبەدا هاتووە، لە هەمانکاتدا دیسانەوە هۆکارێکی دیکە هەیە، کە نیشانیدەداتْ «رابۆچیە دێلۆ» یان ئەوەی، کە نازانێتْ چی دەڵێتْ یان ئەوەی، کە بۆچوونەکانی خۆی بەهاتنی هەر «شنە بایەک» دەگۆڕێتْ. لە ژمارە 1ی «رابۆچیە دێلۆ»دا بەپیتی گەورە نووسرابوو: «ناوەڕۆکی نووسراوەکانی بەرهەمەکە بە تەواوی لەگەڵ بەرنامەی دەستەی نوسەرانی «رابۆچیە دێلۆ»دا

دێنەوە» (ل 142). بەراستی؟ ئایا ئەو تیۆریە کە رووخاندنی حکومەتی رەها بە یەکەمین ئەرکی بزووتنەوەی جەماوەر دادەنێت، لەگەڵ ئەوەی کە لە بەرهەمی «ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی رووس»دا هاتووە، دێتەوە؟ ئایا تیۆری «خەباتی ئابووری لەدژی خاوەنکاران و حکومەت» لەگەڵ ئەو بەرهەمەدا دێـتەوە؟ ئایا تیۆری قۆناغەکان لەگەڵیدا دێتەوە؟ با خوێنەر بۆ خۆی داوەری بکات، ئایا ئۆرگانێک کە بەو شێوەیە لە»هاوتەریب بوون» حاڵی دەبێت، دەتوانین بڵێین کە رێگایەکی ئوسولی بگرێتەبەر.

60. چاو لە «راپۆرتی کۆنگرەی پاریس) ل14- بکەن. «لەو کاتەوە (مەبەست ساڵی 1897)وە تا بەهاری ساڵی 1900 لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا 30 ژمارە رۆژنامەی جۆراوجۆر بڵاوکراوەتەوە... بەشێوەی مامناوەند، لە هەر مانگێکدا زیاتر لە یەک ژمارە رۆژنامە لە چاپ دراوە».

61. هەر بەم بۆنەشەوەیە، کە تەنانەت باشترین ناوەندەکانی خۆجێییش بۆچوونی ئێمە لەو بـارەیـەوە پشتڕاست دەکـەنـەوە، بۆ وێنە «یوژنی رابۆچی» رۆژنامەیەکی زۆر باشە کە ناتوانین لە بواری پرەنسیپیەوە بە ناسەقامگیری تۆمەتباری بکەین، بەڵام بەهۆی کەمبونی ژمارەی بڵاوکراوەکانیەوە و بەهۆی رووودانی رووداوێکی زۆر نەیتوانی ئەوەی کە دەیویست بۆ بزووتنەوەی خۆجێیی بیکات. روونبووەوە ئەوەی کە ئێستاکە بۆ حیزب لە هەموو شتێک زەروری ترە، واتە هێنانە گۆڕی پرەنسیپی کێشە سیاسیەکانی بزووتنەوە و بانگەشەی سیاسی هەمەلایەنە، لە دەرەوەی هێز و توانای ناوەندێکی خۆجێیی دایە. ئەو قسەو باسانەی وەکو بابەتەکان سەبارەت بە کۆنگرەی خاوەنانی پیشەسازی کانەکان و بێکاری و هیتریش بەشێوەیەکی زۆر باش دەیهێنا گۆڕێ، بەڵگەیەک نەبوون کە تەنها لایەنی ناوچەییان هەبێت. ئەم بەڵگانە بۆ سەرانسەری روسیا

پێویست بوو، تەنها بۆ باشوور نەبوون. وەها بابەتێک تەنانەت لە هیچکام لە چاپەمەنییەکانی سۆسیال دیموکراتی ئێمەشدا بوونی نەبوو.

62. کۆکردنەوەی بەڵگەی ئاشکرا لەو بابەتەوە بەتایبەتی گرنگە. ئێمە لە کاروباری کۆکردنەوە و توانای کەڵکوەرگرتن لەو بەڵگانە بەتایبەتی دواکەوتووین. ئەوە زلکردنەوە نییە، ئەگەر بڵێین کە هێشتا تەنها لەرووی بەڵگەی ئاشکرا دەتوانین بەجۆرێک لە جۆرەکان نامێلکەیەکی حیرفەیی بنووسین، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو کارە تەنها لەرووی بەڵگەی ئاشکراوە ئەو کارە مومکین نییە. ئێمە بە کۆکردنەوەی بەڵگەی نهێنی لە کرێکاران سەبارەت بەو جۆرە بابەتانەی کە «رابۆچایا میسێل» نوسیویەتی، وزەیەکی زۆر لە کەسێکی شۆڕشگێڕ (کە لەو بابەتەوە کەسێکی ئاشکرا بەباشی دەتوانێت جێگای بگرێتەوە) بەفیڕۆ دەدەین و سەرەڕای ئەوە هیچکاتێک بەڵگەیەکی باشیش بەدەست ناهێنین، چونکە بۆ ئەو کرێکارانەی کە زۆربەی کات تەنها سەبارەت بە لقێک یان فابریکێکی گەورە زانیاریان هەیەو تەقریبەن هەمیشە لەدەرئەنجامە ئابورییەکان ئاگادارن، نەک لە بارودۆخی گشتی و رێسای کاری خۆیان، بەدەستهێنانی زانیاریەک کە فەرمانبەرانی فابریک، پشکێنەران، پزیشکان و نموونەی زێمێستواکان و هیتر پەرشوبڵاوە، نامومکینە. دەڵێی «ئەزمونی سەرەتایی»م کە هەرگیز دووپاتی ناکەمەوە، ئێستاکە لەبەرچاومدایە. چەندین هەفتەی رەبەق هەوڵمدەدا بە «تامەزرۆرییەکی زۆرەوە» لە کرێکارێک کە بۆ لام دەهات، سەبارەت بە بارودۆخی کارخانەیەکی گەورە کە لەوێدا کاریدەکرد، پرسیار و لێکۆڵینەوەی لێبکەم. ئەگەرچی من بە دژوارییەکی زۆریش بووە توانیم بارودۆخی کارخانەکە شیبکەمەوە (تەنها یەک کارخانە!)، بەڵام جاروبار ئەو کرێکارە لەکۆتایی وتووێژەکەماندا، لە حاڵێکدا کە ئارەقی نێو چاوانی دەسڕی، بەزەردەخەنەیەکەوە دەیوت: «بۆ من چەندین کاتژمێر زیادەکاری

لە وەڵامدانەوە بۆ پرسیارانەی ئێوە ئاسانترە!» بە هەر رادەیەک بەوزەیەکی زۆرترەوە خەباتی شۆڕشگێڕانە بکەین، هەر بەو رادەیەش زۆرتر دەوڵەت ناچار دەبێت رێگە بە بەشێک لە هەڵسوڕانی «پیشەیی» بدات و لەم رێگەیەوە بەشێک لەو بارە لەسەر شانمان سووک بکات.

63. «ئیسکرا» ژمارە 8، وەڵامی کومینە ناوەندی یەکێتی گشتی جولەکەکانی رووسیاو پۆڵۆنیا بە بابەتەکانی ئێمە، سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی.

64. ئێمە بە ئەنقەست ئەو رووداوانە بەریز باس ناکەین.

65. هەروەها نووسەری ئەم نامێلکەیە داوای لە من کرد بڵێم، کە ئەو نامێلکەیە وەکو نامێلکەی پێشووی، بەو مەبەستە بۆ «یەکێتی خەبات لە رێگەی رزگاری چینی کرێکار» نێردرابوو، کە خاوەنی بڵاوکردنەوەی گروپی «ئازادی کار»ە (بەهۆی هەندێک هەلومەرج، لەو کاتەدا واتە لە مانگی فێوریەی ساڵی 1899دا ئەو نەیدەتوانی لە ئاڵوگۆڕی دەستەی نووسەران ئاگادار بکرێت). ئەو بەرهەمە بە خێرایی لەلایەن لیگا*وە سەرلەنوێ لە چاپ درایەوە.

* مەبەست لە»لیگاگ (کۆمەڵەی) سۆسیال دیموکراتەکانی شۆڕشگێڕی روس لە دەرەوەیە، کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 190 لەلایەن لینینەوە دامەزراو لایەنگرانی ئیسکرای لە خۆیدا گردوکۆ دەکردەوە. لیگا پاش کۆنگرەی دووی حزبی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا بوو بە پاڵپشتی مەنشەفیکەکان.

66. هاوڕێ کریچۆفسکی و هاوڕێ مارتینۆف، سەرنجتان بەو نومادە قێزەونە لە «رەها بوون» و «نفوزی بەبێ کۆنترۆڵ» و «داڕشتن لەسەرەوە» و هیتر رادەکێشم. دەیەوێت دەست بەسەر گشت ئەو زنجیرەدا بێنێت!، دەستبەجێ سکاڵایەک تۆمار بکەن. ئەوە خۆی دەتوانێت بابەتێکی حازر و ئامادە بێت بۆ دوو سەروتاری ژمارە 12ی «رابۆچیە دێلۆ» بێت.

67. مەرج: هەر کاتێک ئەو کۆڕ و کۆمەڵە لەگەڵ ستراتیژی ئەو رۆژنامەیە هاودەردی هەبێت و هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو رۆژنامەیە بەلایەوە بە کەڵک

بێت و ئەو هاوکاریە تەنها هاوکاری ئەدەبی و نوسراوە نەبێت، بەڵکو بەگشتی هەر چەشنە هاوکاریەکی شۆڕشگێڕانە لەبەرچاو بگرێت. تێبینیەک بۆ «رابۆچیە دێلۆ»: ئەو شۆڕشگێڕانەی بایەخ بەکاردەدەن، نەک بە کایەی دیموکراتیزم، «هاودەردی» لە بەشداریکردنی بە تەواوی چالاکانە و زیندوو جیا ناکەنەوە، ئەو مەرجە خۆی لەخۆیدا لە گۆڕێدایە.

68.»کۆنگرەی یەکگرتنەوە»: کۆنگرەی رێکخراوەکانی سۆسیال دیموکراسی لە دەرەوە (یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکان) کۆمینەی بوند لە دەرەوە، رێکخراوی سۆسیال دیموکرات، رێکخراوی ئیسکرا-زاریا و رێکخراوی رۆژنامەی باربا لە ئۆکتۆبەری ساڵی 190 لە زیوریخ پێکهات. ئەو کۆنگرەیە بە پچڕاندنی بە تەواوەتی پەیوەندی نێوان ئیسکراییەکان و ئۆپۆرتۆنیستەکان کۆتایی پێهات.

69. چاو لە لاپەڕە 62ی نامیلکەی «سەروبەندی شۆڕش» چاپی رووسی بکەن.

70. لە هەمانکاتدا دەبێت بڵێین، کە نادێژدین لەکتێبی خۆیدا بە ناوی «چاوخشاندنێک بەسەر بابەتە تیۆریکەکاندا» لە بەشی بابەتە تیۆریکەکان، ئەگەر لەبەشی خوارەوە کە لە «روانگەی «سەروبەندی شۆڕش»ەوە زۆر سەرنجراکێشە، چاوپۆشی بکرێت، هیچ شتێکی تازەی لێ نامێنێتەوە: «لە کاتی ئێستادا، بێرنیشتاینیزم بەگشتی وەک کێشەیەکی توند لەگۆڕێدا نییە. لە بەشێکدا ئەم بابەتە بۆ ئێمە زۆر یەکسانە کە، ئایا ئادامۆویچ دەیسەلمێنێت کە سترۆوە شایستەیی بوونی نیشانە و هێمای بەدەستهێناوە، یان بە پێچەوانەوە سترۆوە وتەکانی ئادامۆویچ رەت دەکاتەوە و ئامادە نابێت دەست لەکار بکێشێتەوە، هەردووکی ئەوانە بۆ ئێمە بە تەواوی یەکسانە، چونکە کات و ساتی یەکلایی شۆڕش سبەی دەگات» (ل 110) مومکین نەبوو لەوە باشتر ئەم کەمترخەمیە بێ ئەوپەڕەی ل. نادێژدین سەبارەت بە بابەتە تیۆریکەکان بێننە بەرچاو. ئێمە کات و ساتی گەیشتنی «سەروبەندی شۆڕش»مان راگەیاندووەو بەم بۆنەوە ئەوە «بەتەواوی یەکسانە» کە ئۆرتۆدۆکسەکان دەتوانن رەخنەگران

بەتەواوی لەهەڵوێستەکانی خۆیان بکەنە دەرەوە یان نا!! و هیچ فەرقێک بۆ ئێمە ناکات، بەڵام ئەم بیرمەندە لەوە ناگات، کە لەکاتی شۆڕشدایە کە پێویستمان بەدەرئەنجامەکانی خەباتی تیۆریک لەدژی رەخنەگرانە، بۆ ئەوەی بتوانین لەدژی جێگاوشوێنێک کە لەکردەوەدا دەستەبەریان کردووە، بەدڵنیاییەوە بجەنگین.

71. «ئیسکرا» ژمارە 4: «دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەین؟». نادێژدین دەنووسێت: «فەرهەنگ ئاساکانی شۆڕشگێڕ، کە روانگەی سەروبەندی شۆڕش رەچاو ناکەن، تەنانەت تۆزێکیش لە درێژبوونەوەی ماوەی کار نیگەران نین» (ل 63). لەو بارەیەوە دەبێت وەبیری بێنینەوە کە: ئەگەر نەتوانین وەها تاکتیکێکی سیاسی و پلانێکی رێکخراوەیی دابرێژین کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەبەرچاو بگیرێت، لە هەمانکاتدا ئامادەیی خۆی گەرەنتی بکات بۆ ئەوەی لە هەر رووداوێکی چاوەڕوان نەکراوداو، لە هەر کاتێکدا کە رەوتی رووداوەکان بە خێرایی لە ئارادا بێت، حزبەکەمان بتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێ و ئەرکی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئێمە تەنها ژمارەیەک ئاوانتاریستی سیاسی دەبین، نەک تێکۆشەری سۆسیالیست. تەنها نادێژدین کە تا دوێنێ خۆی بە سۆسیال دیموکرات ناو لێدەبرد، دەتوانێت لە بیربیاتەوە، کە ئامانجی سۆسیال دیموکراسی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی هەموو مرۆڤایەتیە و بەم هۆیەوە هیچ سۆسیال دیموکراتێک بۆی نییە لە کێشەی درێژماوەبوونی ماوەی کار «نیگەران بێت».

72. هەی هات، هەیهات! دیسانەوە ئەو وشە سامناکە (بەروەبەر) کە ئەوەندە لە گوێی دیموکرات ئاساکانی مارتینێف قورسایی دەکات، لە دەمم پەڕی! ئەوە بۆ من جێگای سەرسووڕمانە، کە بۆ چی ئەو وشەیە پیاوانی بەناوبانگی ساڵەکانی هەفتای نەدەهێنایە لەرزە، بەڵام وردەکارانی ساڵانی نەوەد دێنێتە لەرزە؟ من بەو بۆنەوە ئەم وشەیەم بەلاوە پەسەندە، کە بە روونی ئاماژەیەکە بەو کارە گشتییە، کە گشت بەڕێوەبەرانی، ئەندێشەو کردەوەی

خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێنن، ئەگەر پێویست بکات وشەیەکی دیکە بەجێگای دابنێین، من تەنها دەتوانم وشەی «بەڕێوەبەر» دابنێم، هەڵبەت ئەگەر بۆنی یاری چاپەمەنی و نادیاری لێ نەکەوێتەوە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە ڕێکخراوێکی تێکۆشەری بەڕێوەبەران هەیە. ئەو مارتینێفانەش کە ژمارەیان کەم نییە (بە تایبەت مارتینێفەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات)یش کە حەزدەکەن «وەکو تاروف و بەخێرهاتن کردن ناوی ژەنراڵی لەسەر دابنێن»، لەوانەیە بە جێگای رستەی «بەڕێوەبەری بەشی دەرکردنی پاسپۆرت»، رستەی «سەرۆکایەتی گشتی بەشی دابینکردنی پاسپۆرت بۆ شۆڕشگێڕان» و هیتر بەکارببەن.

73. دەمتوانی بە پەندێکی ئەڵمانیش وەڵامبدەمەوە کە دەڵێت: لە پشیلەی ماڵ دەدەن، بۆئەوەی بووک حیسابی کار بێتە دەستی. تەنها «رابۆچیە دێلۆ» نەبوو، بەڵکو جەماوەرێکی بەرین لە پراتیسیەنەکان و تیۆریسیەنەکانیش مەیلێکی زۆریان بە «رەخنەگرتن»ی باو پەیداکردبوو و لەسەر بابەتی بزووتنەوەی خۆڕسک تووشی شڵەژاوی فیکری ببون، سەبارەت بە تێگەیشتن لە ئەرکە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ئێمە، لە سۆسیال دیموکراتیزم لایاندابوو و ڕێگای تریدیۆنیۆنیزمیان گرتبووە پێش.

74. بڕوانە بەرگی 4ی کۆمەڵە بەرهەمەکان، چاپی روسیا، ل 353–354.

75. بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنە سەبارەت بەو جیابوونەوەیە، نە تەنها ئاشنایی لەگەڵ چاپەمەنیەکان، بەڵکو لەهەمان کاتدا بەڵگەیەک بوو، کە لەدەرەوە لەلایەن هەندێک لەئەندامانی ڕێکخراوی ئێمە، کە بۆ ئەوێ رۆیشتبوون، کۆ کراوەتەوە.

76. ئەو بانگەآەیە لە «دووکۆنگرە»شدا دووپاتکرایەوە، ل 25 چاپی روسی.

77. بەمشێوەیە: لەپێشەکی بڕیارنامەکانی مانگی حوزەیراندا وتمان کە بەگشتی سۆسیال دیموکراسی رووس هەمیشە، پرەنسیپەکانی گروپی «رزگاری کار»ی رەچاودەکرد و خزمەتی «یەکێتی» بەتایبەتی بریتی بوو لە هەڵسوڕانی بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکان و ڕێکخراوەیی. بەواتایەکی دیکە ئامادەیی خۆمان

بەتەواوی بۆئەوە رادەگەیاند، کە لەگشت لێبوردنەکان چاوپۆشی بکەین و دانبەوەدا بنین، کە کردەوەی هاوڕێیانی «یەکێتی» ئێمە (بۆ کار) گەلێک بە کەڵکە، بەو مەرجەی کە ئەو راڕاییانەی کە هەوڵماندا «بیخەینە داو»ەوە بە تەواوی رابگرین. هەر کەسێکی بێلایەنیش کاتێک کە بڕیارنامەکانی مانگی ژۆئەن بخوێنێتەوە، ئەمەی لێ حاڵی دەبێت، بەڵام کاتێک کە «یەکێتی» ئێستاو پاش ئەوەی کە بە گۆڕانکاری تازەی خۆی بەرەو ئێکۆنۆمیزم (لە بابەتەکانی ژمارە 10 و لە ئێدینکراوەکاندا) بووە هۆی هاتنە ئارای لێکترازان، لەبەر خاتری ئەو قسانەی، کە سەبارەت بەخزمەتەکانی وتراوە، بە لەسەرخۆیی بەوە تۆمەتبار دەکات کە هەقمان نەبووە، هەڵبەت دەبێت لە بەرامبەر وەها تۆمەتێکدا بە زەردەخەنە وەڵام بدەینەوە.

78. لە «Vorwarts» لەسەر ئەوە لەنێو دەستەی نوسەرانی ئێستای ئەو و کاوتسکی و «زاریا» موناقەشەیەک دەستپێکرد. بە دڵنیاییەوە خوێنەرانی روسی لەگەڵ ئەو موناقەشەیە ئاشنا دەکەین.

79. ئەگەر ئەو کۆبوونەوە راوێژکاریانەی دەستەی نووسەران، کە بەبۆنەی دامەزراندنی شوڕای باڵای گشتی رێکخراوە یەکگرتووەکانەوە بەستراو لەمانگی حوزەیراندا «رابۆچیە دێلۆ»ش لەگەڵیدا رەزامەندی خۆی دەربڕیبوو، وەکو بەرتەسک کردنەوەی سەربەخۆیی دانەنێن.

80. رابۆچیە دێلۆ (ئامانجی کرێکاری) گۆڤاری ئۆرگانی ئێکۆنۆمیستەکان بوو. ئەو گۆڤارە لەلایەن یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روس، دانیشتوی دەرەوەی وڵات لە ئەپریلی ساڵی 1899وە تا شوباتی ساڵی 1902 لە ژنێڤ بڵاو دەکرایەوە.

81. «لیستوک»ی رابۆچیە دێلۆ (پاشکۆی رابۆچیە دێلۆ) کە لەنێوان حوزەیران تا تەموز 190 هەشت ژمارەی لە جێنێوا بڵاوبووەوە

82. رابۆچایا میشێل (بیرۆکەی کرێکاری) رۆژنامەیەکی ئێکۆنۆمیستی، کە ئۆرگانی یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روس لە دەرەوەی وڵات بوو، لەنێوان

ئۆکتۆبەری 1897 هەتا دیسەمبەری 1902 بڵاودەکرایەوە.

83. لێرەدا لینین ئاماژە بە بابەتی «ئەرکە هەنووکەییەکانی بزووتنەوەکەمان» دەکات، کە لە ژمارە 1ی ئیسکرا لە دیسەمبەری 1900 بڵاوکرایەوە.

84. مەبەست خۆپیشاندانی سیاسی، میتینگ و مانگرتنەکانی کرێکاران و خوێندکاران لە فێوریە و مارسی ساڵی (1901)ە کە لە شارە جۆراوجۆرەکانی روسیا هاتە ئاراوە و حکومەتی قەیسەری بێ بەزەییانە سەرکوتی کرد. بزوێنەری دەستپێکردنی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان بانگهێشتی ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی کییێف بۆ ریزی سوپا بوو، کە لە کاردانەوە بە میتینگێکی خوێندکاری بەڕێوەچوو.

85. مەبەستی لێنین کتێبی «دەبێت چ بکەین؟»ە.

## ڕۆژمێری ڕوداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. | سەدەی شەشەمی پ. ز. |
| مردنی فیساگۆرس. | کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. |
| سوقراط لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. | 399 پ. ز. |
| ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 387 پ. ز. |
| ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 335 پ. ز. |
| کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. | 324 ز |
| ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. | 400 |
| تالانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. | 410 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە فیورباخ | 59 |
| 2015 | وریا غەفووری | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | 60 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | 61 |
| 2015 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | 62 |
| 2015 | ئومێد عوسمان | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | 63 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | 64 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە دیموکراسی | 65 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | 66 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | 67 |
| 2015 | مستەفا زاهیدی | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | 68 |
| 2015 | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | ئاشنابوون بە ئەرکون | 69 |
| 2015 | جەبار ئەحمەد | ئاشنابوون بە فۆکۆ | 70 |
| 2015 | ماجید خەلیل | ئاشنابوون بە ئەکیونی | 71 |
| 2015 | ئارۆ هەورامی | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | 72 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | 73 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | 74 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | 75 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جاك لاکان | 76 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لایبنتز | 77 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |